ژیان و شیعری مەحموود دەرویّش

لە بیر دەچێتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبێت

هەڵبژاردن و وەرگێڕانی

ئازاد بەرزنجی

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

زنجیرەی کتێب: (٢١٥)

لە بیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت

ژیان و شیعری مەحموود دەرویّش

هەڵبژاردن و وەرگێڕانی

ئازاد بەرزنجی

- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: غەزەلنووس
- ڕێنووس و هەڵەچنی: غەزەلنووس
- بابەت: شیعر و بایۆگرافی
- چاپ: یەکەم/ ٢٠١٧
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: (٧٠٠٠) دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

مافی لە چاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی بە هەموو شێوەکان پارێزراوە بۆ ناوەندی غەزەلنووس©

سلێمانی- مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک- نهۆمی زەمینی بازاڕی کتێب

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧

www.xazalnus.com

Scanned with CamScanner

پێڕست

مەحموود دەرویش ژیان و سیاسەت و شیعر ٧
وێستگەکانی ژیانی مەحموود دەرویش ١٦
"بنووسە من عەرەبم" بریتی نییە لە شوناسی شیعریی من ٢٢
هەموو شتێکی خەیاڵکراو لە واقیع جوانترە ٦٤
"مەحموود دەرویش"ی نوێ ٧٥
"دیواربەند" ڕامکردنی مەرگ بە شیعر ٨٢
شیعرەکان ٩٣
قاوەخانەیەک، تۆش لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا ٩٥
هیچم بە لاوە خۆش نییە ٩٨
ئەو لە ئێوارەدا ١٠٠
بۆ دایکم ١٠٢
من یوسفم بابە ١٠٤
پاشماوەی ژیانێک ١٠٦
ڕوانینێک ١٠٨
لەسەر ئەم زەوییە ١٠٩
ئەو ئارامە و منیش ئارام ١١١
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە ١١٣
من خەڵکی ئەوێم ١١٥
ڕیتا و تفەنگ ١١٧
نەرمەبارانێک لە پایزێکی دووردا ١٢٠
خۆشەویستی لە قاوەخانەیەکی بچووک دەچێت ١٢٣
ئومێدێک ١٢٥
نەهات ١٢٧
لەبیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت ١٣٠
ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن ١٣٣
وانەیەکی کاماسوترا ١٣٧

Scanned with CamScanner

له چاوەڕوانیدا ١٣٩
بۆ ئەوە نانووم تا خەون ببینم ١٤١
کۆترەکان ئەفڕن ١٤٣
شەمەندەفەرەکەی سەعات یەک ١٥١
یەکشەممەیەکی شین ١٥٣
دەربارەی مرۆڤێک ١٥٥
یەکەمین ژوان ١٥٧
گۆرانییەک ١٥٩
جاویدانیی سوبێر ١٦١
خوایە بۆ دەسبەردارم بوویت؟ ١٦٥
پاسپۆرت ١٦٧
گەر بە شەقامێکا ڕۆیشتیت ١٦٩
داوای لێبوردن مەکە لەوەی کردووتە ١٧١
جوانترین خۆشەویستی ١٧٣
دوا شەمەندەفەر وەستا ١٧٥
شەو چەند خێرا ئەگوزەرێ ١٧٧
لە مااڵی دایکم ١٨٠
کاتێک زۆر ڕادەمێنیت ١٨٢
لە مااڵەوە دائەنیشم ١٨٣
وەک ئەوەی خۆشحاڵ بم ١٨٥
پێی وت: بریا بچووکتر بوومایە ١٨٧
هەقی خۆمانە حەزمان لە پایز بێت ١٨٩
ئێستا لە مەنفادا ١٩١
لە مااڵی نزار قەبانی ١٩٤
زارهەڵدەر ١٩٧
دیواربەند ٢١٥

Scanned with CamScanner

مەحموود دەرویش
ژیان و سیاسەت و شیعر

کاتێ باسی گەورەیی و کاریگەریی شاعیری مەزنی عەرەب "موتەنەببی"(٩١٥-٩٦٥) دەکرێ، دەگوترێ "شاعر ملأ الدنیا و شغل الناس" ، واتە شاعیرێک کە دنیای پڕکردەوە و خەڵکی بەخۆیەوە خەریک کرد. ئەگەر لە دنیای تازەی شیعری عەرەبیدا یەکێک هەبێت ئەم گوتەیەی بەسەردا بچەسپێ، ئەوا بێ سێ و دوو "مەحموود دەرویش"ی شاعیرە.

مەحموود دەرویش هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ماوەیەکی کەم بەر لە مەرگیشی، لە نووسینی شیعر و خۆتێپەڕاندن لە دنیای داهێنانی شیعریدا بەردەوام بوو. ئەو سەرەتا وەکو شاعیری بەرەنگاری دەرکەوت، بە حوکمی ئەوەی لەناو خاکێکی بریندار و دەقەرێکی پڕ کۆچ و مەرگەساتدا چاوی هەڵێنا و بە نەبوونی و ڕەنج و ئەشکەنجە و لە خێزانێکی کەمدەرامەتدا هۆش و گۆشی کرایەوە، ڕۆحی تووڕەیی و گیانی بەرەنگاری بوونە دوو ئەدگاری شیعرە سەرەتاییەکانی. ئەو هێشتا تەمەنی چواردە ساڵان دەبێت، کە لە فیستیڤاڵێکی قوتابخانەی دەیرولئەسەد شیعرێک دەخوێنێتەوە، دەبێتە مایەی سەغڵەتبوونی حاکمی سەربازیی ئەوێ و دوای ئەوەی حاکمەکە بانگی دەکات، هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات ئەگەر جارێکی تر شیعری وا بنووسێت، باوکی لەسەر کارەکەی لادەبەن.

Scanned with CamScanner

مەحموود دەرویش هەر لە منالییەوە خولیای وێنەکێشان بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی توانای نەبوو کەرەسەکانی وێنەکێشانی بۆ بکڕێت، ئیتر ڕووی کردە شیعرنووسین. چونکە هەر لە منالییشەوە چێژی ئاوارەیی و بێدالدەیی و پەنابەریی چەشت، ئازاری بەسوێی بێنیشتمانی و بێئەنوایی بوونە هەوێنی بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی.

ئەو تەمەنی شەس سالان بوو وەختێ لە ساڵی ١٩٤٧ دا و دوای ئەوەی دێهات و شارۆچەکانیان کەوتنە بەر هێرش و وێرانکردن، لەگەڵ هەزاران فەلەستینیی تردا ڕێی باشووری لوبنان دەگرنە بەر و لەوێ بۆ یەکەم جار لەو تەمەنەدا ئەزموونی کۆچبەری و پەناهەندەیی تاقی کردەوە.

مەحموود دەرویش لە تەمەنی دوانزدە ساڵییەوە دەست بە شیعرنووسین دەکات و لە هەژدە و نۆزدە ساڵیدا یەکەم دیوانی بە ناوی "چۆلەکە بێبالەکان"ەوە لە چاپ دەدات. ئەم دیوانەی کۆمەڵێک شیعری سەرەتایی ئەو لەخۆ دەگرێت، کە کەفوکوڵ و جۆشوخرۆشی سیاسی زاڵە بەسەریاندا و کاریگەریی شاعیرانی بەرەنگاریی عەرەب و جیهانی پێوە دیارە، بەڵام کۆمەڵێک شیعری غەزەلیشی تیایە، کە بە ئاشکرا کاریگەریی نزار قەببانییان پێوە دیارە و خۆیشی نکوولیی لەم کاریگەرییە نەکردووە.

مەحموود دەرویش دوای ئەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ کەسانی خێزانەکەیدا دەچنە حەیفا و لەوێ لە گوندی ئەلجەدیدە نیشتەجێ دەبن. هەر لەو ماوەیەدا لە ڕۆژنامەی "ئیتیحاد" و گۆڤاری "ئەلجەدید"دا کار دەکات، کە زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیست دەبن. لەنێوان ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٥یشدا دوو جار زیندانی دەکرێ و دواتر دەخرێتە ژێر ئیقامەی جەبرییەوە.

ساڵی ١٩٦٤ دیوانی "گەڵازیتوونەکان" چاپ دەکات، دیسانەوە ئەم دیوانەشی پڕە لە ڕۆحی تووڕەبوون و ڕووبەڕووبوونەوە و بەرجەستەکردنی ئێش و ئازارەکانی خەڵکانی هەژار و ڕەنجدەر و

Scanned with CamScanner

چەوساوە. بەڵام لەم دیوانەدا بەرەوپێشچوونێک دەبینین لە ڕووی ڕیتمی شیعرییەوە. یەکێک لە شیعرەکانی ئەم دیوانە "ناسنامە"یە، کە تێیدا دەڵێت "بنووسە من عەرەبم"، زۆر دەنگی دایەوە و وای لێ هات کەوتە سەر زمانی زۆربەی خوێنەران و خوێندکاران و هەوادارانی مەحموود دەرویش و وەکو مۆرکێک پێوەی نووسا، ئەگەرچی لە یەکێک لە گفتوگۆکانی ئەم کتێبەدا، شاعیر ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەم حاڵەتە دەردەبڕێت لەوەی ژمارەیەکی زۆری خوێنەر تەنیا لەڕێی ئەم شیعرەیەوە دەیناسن و حوکمی بەسەردا دەدەن. بەڵام زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانەی لە مانیفێستی سیاسی دەچوون، بۆ ئەو ڕۆژگارە. هەر بۆ نموونە، ئەو لەم دیوانەدا وا باس لە شیعر دەکات:

شیعرەکانمان بێڕەنگن
بێتام و بێدەنگن
گەر لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ چرا هەڵنەگرن
گەر چی خەڵکی سادەیە لێیان تێنەگا
وا چاکترە بیاندەینە دەم با
خۆشمان خامۆش بین.
گەر ئەم شیعرانەم دەبوونە ئەسکەنە
لە دەستی ڕەنجدەرا
گەر دەبوونە نارنجۆک
لە دەستی خەباتگێڕا
گەر ئەم وشانەم
گەر ئەم شیعرانەم دەبوونە گاسن
لە دەستی جووتیارا
.....هتد.

(وەکو سەرنج دەدەن، لە حەفتاکان و بگرە هەشتاکانیشدا، هەندێ شاعیری کورد تەواو کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەم زمانە شیعرییەی ئەوسای مەحموود دەرویشەوە.)

Scanned with CamScanner

مەحموود دەرویش بۆ یەکەم جار کە ســـەفەر دەکات بۆ دەرەوەی فەلەســتین، ســاڵی ١٩٧١ دەبێت. وەختێ دەڕوات بۆ یەکێتیی ســۆڤێت، لەوێ دەبێت بە خوێندکاری پەیمانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام تەنها ســـاڵێک لەوێ دەمێنێتەوە. دوای ئەوە دەچێتە قاهیرە و لەوێ ڕۆژنامەنووســـی بەناوبانگی عەرەب "محەمەد حەســـەنێن هەیکەل" پێشوازیی لێ دەکات و لە لای ڕۆژنامەی ئەهرامەوە جێوڕێی بۆ دابین دەکـات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نووســـەرانێکی گەورەی وەکو نەجیب مەحفووز، تۆفیق حەکیم، یوســـف ئیدریس و ڕەجاء نەققاش بناسێت. کاتێ باس لەم قۆناغەی خۆی دەکات، بە حەسرەتەوە باسی ئەوە دەکات کە لەو ماوەیەدا لە قاهیرە نەیتوانیوە نووســـەری گەورە تەها حوســـەین و هونەرمەندی گەورە ئوم کەلســـووم ببینێت، بەڵام توانیویەتی محەمەد عەبـدولوەهـاب و عەبـدولحەلیم حـافز ببینێت. هەروەها لەناو شـاعیرانیشـدا لەوێ، پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ســەلاح عەبدولسەبوور و ئەمەل دنقل و ئەحمەد حیجازیدا هەبووە.

پاش قاهیرە، مەحموود دەرویش ڕوو دەکاتە بەیرووت و تا ســـاڵی ١٩٨٢ لەوێ دەمێنێتەوە. بەیرووت کە ئەو دەمە مەکۆی ئەدیـب و شـاعیر و ڕۆشـنبیران بووە، کاریگەرییەکی زۆری لەســەر دەرویش کردووە، ئەویش خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ ئەو شارە هەبووە.

لە ســـاڵانی ژیانی لە بەیرووتدا، گۆڤاری "کاروباری فەلەســـتین"ی دەردەکات و دەبێتە ســـەرنووســـەری. هەروەها ســـاڵی ١٩٨١ یەکەم ژمارەی گۆڤاری "کەرمەل" دەردەکات، کە گۆڤارێکی تایبەت دەبێت بە ئەدەب و ڕۆشنبیری. بەڵام بە هۆی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە، کارێکی زۆر لەسەر دەروونی دەکات، بەیرووت جێدێڵێت و لە کاتێکدا خۆی لە پاریس دەبێت، بە هاوکاریی شـــاعیری بەڕەچەڵەک کورد "ســـەلیم بەرەکـات"، کە ئەو دەمە لە قوبرس دەبێـت، گۆڤـارەکە لە قوبرس دەردەکـات. پـاش ئەوەش لە ڕامەڵڵا، تـا دواجـار ســـاڵی ٢٠٠٧ لە دەرچوون دەوەســـتێت. دوای کۆچی دوایی ئەو و ســـاڵی ٢٠٠٩،

Scanned with CamScanner

دواژمارەی لێ دەردەچێت، کە تایبەتە بە مەحموود دەرویش خۆی. لە ڕاســـتیدا ئەم گۆڤارە یەکێکە لەو گۆڤارە ســـەنگینانەی لەودەمەدا دەرچوون.

سەبارەت بە ژیانی سیاسیی مەحموود دەرویشیش، وەکو ئاماژەشمان پێ دا، ئەو لە ســـەرەتـای لاویـدا چووە ڕیزی پـارتی کۆمۆنیســـتی ئیســـرائیلەوە و لە ڕۆژنـامە و گۆڤـاری ئەو حیزبەدا کـاری کرد و بە دژایەتیکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل تاوانبار کرا و چەند جارێک دەسبەسەر و زیندانی کرا، تا دواجار خرایە ژێر ئیقامەی جەبرییەوە.

دەرویش هەر لە سـەرەتای شیعرنووسینیەوە بە شـاعیری بەرەنگاری و شـــاعیری فەلەســـتین ناوبانگی دەرکرد. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو کاتی خۆی زۆر لە *یاسـر عەرەفات*ەوە نزیک بوو و تا گەیشـتە ئەوەی سـاڵی ١٩٨٨ عەرەفـات زۆری لێ کرد ببێتە ئەنـدامی لیژنەی جێبەجێکردنی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەســـتین. مەحموود دەرویش دواتر خۆی لە چەند شوێنێکدا ئەوەی درکاندووە، کە لە دڵەوە ئەوەی پێ خۆش نەبووە، چونکە هەســـتی کردووە ئەوە کارێکە لەگەڵ شـــاعیربوونیدا ناگونجێت، بەڵام وەکو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی، پێنج ساڵێک ئەو کارەی کردووە، پاشان ژیانی بۆ شیعر تەرخان کردووە.

هەر لە ڕاستییشدا مەحموود دەرویش بیست ساڵی کۆتایی تەمەنی بۆ دنیای شـــیعر تەرخان دەکات و بەشـــێکی زۆری دەقە جوانەکانی لەو بیست ساڵەدا دەنووسێت، تەنانەت لەو قۆناغەدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەســـەر دید و شـــێوازیدا دێت و ڕوانینی بۆ شـــیعر کاملّتر دەبێت، تەنانەت لەو گفتوگۆیانەی کە لەو ســـاڵانەدا لەگەڵیدا ئەنجام دراون، هەندێ حوکمی توند بەســـەر بەشـــێک لە بەرهەمەکانی ئەو قۆناغانەی پێشـــووی خۆیدا دەدات و زیاتر جەخت لەســـەر بەرهەمەکانی دوایی دەکاتەوە، کە دواتر بە "کارە نوێیەکان" ناوبران و هەر بەو ناوەشـــەوە چاپ کران. تەنانەت لە زۆر شـوێندا دەڵێت گەر دیوانەکانی خۆی بژار بکات، پێنج دیوانیان لێ دەهێڵێتەوە و ئەوانی تریان لێ دەردەکات.

Scanned with CamScanner

ئەم قۆناغە شـــیعرییە نوێیەی مەحموود دەرویش لە هەشـــتاکانەوە دەست پێ دەکات و وردەوردە بەرگی شاعیری "مەسەلە"ی سیاسی و بەرەنگاری لە خۆی دادەمالێت، هەرچەندە ناتوانین بڵێین ئەو دامالینە، دامالینێکی ســـەددەرســـەدە، چونکە دواجار هەمان ئەو مەســـەلانە بە جۆرێکی تر تێکەڵ بە ئـازارە فەردییەکـان دەبنەوە، بەڵام شـــیعری مەحموود دەرویش ڕوو لە عیشـــق و مەرگ و تەنیایی و نامۆبوون و چـارەنووس و...هتـد دەکـات و ڕوانینێکی مرۆگەرایـانە و گەردوونی بەسەر فەزای شیعریدا زاڵ دەبێت. بۆ گوزارشت لەم حاڵەتە تازانەش، گەرچی پەنا بۆ پەخشـانەشـیعر نابات، بەڵام کەمتر خۆی بە کێشـــەوە دەبەســـتێتەوە و زیاتر بایەخ بە ڕیتمی ناوەوەی قەســـیدە دەدات، تا فەزایەکی فراوانتر بۆ دەربڕینی زمانی شیعری فەراهەم بکات. هەر بۆ نموونە گەر بڕوانینە قەســـیدەی "زارهەڵدەر" (کە لەم کتێبەدا هەیە)، بە ئاشکرا ئەو ڕووبەڕووبوونەوە میتافیزیکییەی شاعیر دەبینینەوە لەگەڵ قەدەر و چارەنووســدا. هەروەها لە قەســیدەی "دیواربەند"دا (کە دواتر وەرگێڕانە کوردییەکەی لە کتێبێکی جیـادا دەخەینە بەرچـاوی خوێنەران)، پرســـیارەکانی بوون و ژیان، بەتایبەتییش ژیانی تایبەتیی شاعیر خۆی، دەبنە هەوێنی ئەم قەسیدەیە.

یەکێک لە تـایبەتمەندییە گرنگەکـانی ئەزموونی شـــیعریی مەحموود دەرویش، کە پێویســـتە ئاماژەی بۆ بکەین، پەیوەندیی ئەم شـــاعیرەیە، یان باشـــترە بڵێین پەیوەندیی شـیعری ئەم شـاعیرەیە بە خوێنەر و بە ئەوەشـــەوە کە پێی دەڵێن جەماوەر. شـــایانی باســـکردنە دیوانەکانی مەحموود دەرویش هەر لە ســەرەتاوە خوێنەرێکی بێشـوماری بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بێگومان ڕاستە ئەو، هەر وەکو پێشتریش باسمان کرد، سەرەتا بە شیعرە سیاسی و ناسیونالیستییەکانی ناسرا و توانیی بە ئاســـانی ڕێگەی خۆی بۆ ناو دڵی جەماوەری عەرەبی بکاتەوە، بەڵام هەر لەو قۆناغەدا نەوەســـتا، بەڵکو بەردەوام هەوڵی دەدا فۆرمی تازە ئەزموون بکات و لەگەڵیشـــیدا چێژی خوێنەر و جەماوەرەکەی بۆ

Scanned with CamScanner

ئەزموونە تازەکانی خۆی پەلکێش بکات و تا ڕادەیەکی زۆر و بێهاوتا لەم کارەشدا سەرکەوتوو بوو. ئەگەرچی لە سالانی دواییدا مەحموود دەرویش هێندەی بایەخی بە لایەنی ئیستاتیکی دەدا لە شیعرەکانیدا و لەو زمانە ڕاستەوخۆیە دوورکەوتەوە، کە لە سەرەتادا پێیەوە پابەند بوو، وەلێ ئەمە وای نەکرد خوێنەران لێی بکشێنەوە، بە پێچەوانەوە، خوێنەر و جەماوەری تا دەهات زیاتر دەبوون. وەک چۆن خۆیشی لە چەند شوێنێکدا لەوە دواوە و زانیویەتی چۆن وردەوردە خوێنەری خۆی بۆ ئاستێکی شیعریی بالاتر ڕێنوێنی دەکات. بۆیە کاتێک کۆڕێکی شیعرخوێندنەوەی دەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەر و جەماوەری ئامادەی دەبوون. گەرچی ئەوەی نکوولێیشی لێ ناکرێ، شێوەی خوێندنەوە، یان ئەدائی خۆیشی، ڕۆڵێکی گرنگی لە کاریگەری خستنەسەری ئەو جەماوەرەیدا هەبوو.

مەحموود دەرویش لە ژیانی خۆیدا کەسێک بوو حەزی لە تەنیایی بوو و تا بۆی بکرایە خۆی لە چوونە ناو قەرەباڵغی و کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆر دەپاراست. جاری وا بووە بە چەند هەفتە لە ماڵەکەی نەچووەتە دەرەوە. ئەو عاشقی خوێندنەوە و مۆسیقا بوو. ئەگەرچی دوو جار چووە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام منداڵی نەخستەوە. هاوسەری یەکەمی ساڵی ١٩٧٣، ڕەنا سەباح قەببانی، برازای نزار قەببانی بوو. هاوسەری دووەمیشی، ژنەشاعیری میسری حەیات ئەلهەینی بوو لە ساڵی ١٩٨٤دا. دوای ئەوەی لە هاوسەری دووەمیشی جیابووەوە، ئیتر ژنی نەهێنایەوە و خۆیشی ددانی بەوەدا ناوە کە بۆ ژیانی هاوسەری بەکەڵک نایەت. هەڵبەتە دەرویش ساڵی ١٩٩٥ و دوای سالانێکی زۆر لە شاردنەوەی شوناسی ڕاستەقینەی "ڕیتا"ش، ئاشکرای کرد کە کاتی خۆی پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ ئەو کچەدا هەبووە کە لە ئەسڵدا ناوی "تەمار بن عانی" بووە و سەمازانێکی جوولەکە بووە، لە باوکێکی پۆڵەندی و دایکێکی ڕووسی. دوای ئەوەی بۆ سەربازی

Scanned with CamScanner

بانگ دەکرێ و دەچێت بۆ ڕیزەکانی سوپای ئیسرائیلی، ئیتر مەحموود دەرویش لێی جیا دەبێتەوە.

ئەزموونی ژن و خۆشەویستی، ئەزموونێکی قوڵ بووە لە ژیانی مەحموود دەرویشدا و ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیشی هەبووە لە شیعرەکانیدا. هەر لەو شیعرانەوەی کە بۆ "ڕیتا"ی نووسیون تا شیعرەکانی دوایی و ئەم ئەزموونەش، وردەوردە زیاتر ڕەگی لە شیعرەکانیدا داکوتاوە. بەڵام لای مەحموود دەرویش، خۆشەویستی و مەرگ دەبنە دوانەیەکی لێک جیانەکراوە. گەرچی دواجار مەرگ ڕووبەڕێکی گەورە لە زەینی شاعیردا داگیر دەکات، بەتایبەتییش لە قەسیدە درێژەکەیدا "دیواربەند". کاتێکیش لێی دەپرسن کە ئاخۆ لە مەرگ دەترسێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت، زیاتر لە مەرگی نەمانی توانای بۆ نووسین و چێژبینین لە ژیان دەترسێت. هەر بۆیە لە "دیواربەند"یشدا بە مەرگ دەڵێت:

ئەی مەرگ، لە دەرەوەی زەوی چاوەڕێم کە
لە مەملەکەتەکەی خۆت چاوەڕێم کە
تا گفتوگۆیەکی سەرپێیی
لەگەڵ پاشماوەی ژیانما تەواو ئەکەم
لای خێوەتەکەتەوە چاوەڕێم کە
تا لە خوێندنەوەی "تورفە بن ئەلعەبد" ئەبمەوە
بوونگەراکان بۆ بەسەربردنی هەموو چرکەساتەکان
بە ئازادی و عەدالەت و بادەی خواوەندەکانەوە...
کەمەندکێشم ئەکەن
کەواتە ئەی مەرگ چاوەڕێم کە
تا لە بەهارێکی ناسکدا
کۆتایی بە تەمارەکی جەنازەکە دێنم.

مەحموود دەرویش ساڵی ١٩٨٤ جەڵتەیەکی دڵ لێی دا، بەڵام لێی قوتار بوو. دواتر و ١٩٩٨یش دیسانەوە لێی دایەوە، ئەمجارەش لە

Scanned with CamScanner

مردن ڕزگاری بوو، بەڵام بە دڵێکی بێهێزەوە. تا دواجار لە ٩ی ئابی ٢٠٠٨دا و لە نەخۆشخانەی هیوستن لە تەکساسی ئەمەریکا کەوتەوە ژێر نەشتەرگەریی دل و بەرلەوە بە پزیشکەکانی وتبوو گەر ژیانی هاتە سەر ئەوەی بە سۆندە بژی، ئەوا نایەوێ بژی. ئیتر ئەوە بوو هەر وەکو خۆیشی لە شیعرێکیدا پێشبینیی کردبوو، لە ڕۆژی شەممەدا بۆ دواجار دڵی لە لێدان کەوت. ئیتر ئەوە بوو لەوێوە تەرمەکەیان بردەوە بۆ فەلەستین، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەو دێیەی خۆیان "بروە" لە لایەن ئیسرائیلەوە تەخت کرابوو، بۆیە بە ئامادەبوونی حەشاماتێکی زۆر، لە "ڕامەڵڵا" نێژرا.

ئەوەندەی ئاگادار بم، ئەم کتێبە، یەکەم کتێبە کۆمەڵێک شیعری هەڵبژاردەی مەحموود دەرویش لەخۆ بگرێت، لەپاڵ دوو گفتوگۆدا، کە تێیاندا شاعیر باس لە ژیان و ئەزموونی سیاسی و شیعریی خۆی دەکات و تێڕوانینی بۆ کۆمەڵێک مەسەلەی تر دەخاتە ڕوو. هەڵبەتە سەرباری هەموو ئەو ڕا و بۆچوونانەی سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعر هەن، کە لە دەرفەتێکی تردا لێی دەدوێم، هێندەی پێم کرابێت هەوڵم داوە فەزای شیعرەکان و وێنەکان بپارێزم و جۆرێک لە شیعرییەتیان پێ ببەخشمەوە. ئومێد دەکەم دەقەکان چێژ و جوانیی خۆیان هەبێت و کەم تا زۆرێک لە چێژ و جوانیی ئەسڵەکانیان نزیک بووبنەوە.

ئازاد بەرزنجی

Scanned with CamScanner

وێستگەکانی ژیانی مەحموود دەرووێش

- ١٣ی مارتی ١٩٤١، لە دێی "بروە"ی نزیک "عەککا" هاتووەتە دنیاوە.
- تەمەنی شەش ساڵان دەبێت وەختێ خێزانەکەیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر خێزانی فەلەستینیی تردا دێیەکەی خۆیان جێدەهێڵن و وەکو پەنابەر ڕوو لە لوبنان دەکەن.
- دوای ساڵێک لەگەڵ مامێکی و پیاوێکی تردا بە نهێنی دەگەڕێنەوە بۆ فەلەستین، بەڵام دەبینن کە دێیەکەیان لە لایەن سوپاسی ئیسرائیلەوە تەخت کراوە. بەم جۆرە هەر لەناو فەلەستیندا دەبنەوە بە پەنابەر، وەکو "فەلەستینییەکی پەنابەر لەناو فەلەستین خۆیدا" و پاشان خێزانەکەیان لە دێی "ئەلجەدیدە" نیشتەجێ دەبێت.
- لە خوێندندا بەردەوام دەبێت و عەرەبی و عیبری و ئینگلیزی دەخوێنێت.
- لەدوای قۆناغی ئامادەیی لە "کفریاسیف"، لە حیزبی شیوعیی ئیسرائیلیدا (ڕاکاح) دەبێتە ئەندام و پاشتر لە هەردوو بڵاوکراوەی حیزبەکەدا، واتە لە ڕۆژنامەی "ئەلئیتیحاد" و لە گۆڤاری "ئەلجەدید"دا وەکو نووسەر کار دەکات.

Scanned with CamScanner

•به تۆمەتی چالاکی دژ بە دەوڵەت، لە ساڵانی ١٩٦١، ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٧ و ١٩٦٩دا چەند جارێک زیندانی دەکرێ و دەخرێتە ژێر مانەوەی ناچاری (ئیجباری)یەوە.

•ساڵی ١٩٧٢ بە مەبەستی خوێندن دەچێت بۆ یەکێتیی سۆڤێت، بەڵام دوای ساڵێک (واتە ١٩٧٣) دەگەڕێتەوە بۆ قاهیرە و پاشان لوبنان و پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینەوە دەکات.

•هەر لەو سەروبەندەدا دەبێت بە سەرۆکی یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی فەلەستین.

•لەنێوان ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٨٢دا لە بەیروت دەژی و دەبێت بە سەرنووسەری گۆڤاری "کاروباری فەلەستینی" و بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕێکخرواى ئازادیخوازی فەلەستین. پاش ئەوە لە ساڵی ١٩٨١دا گۆڤاری "کەرمل" دادەمەزرێنێت، کە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەبێت و تا لە ژیاندا بوو "٨٩" ژمارەی لێ دەرکرد و دوای مەرگیشی، هاوڕێکانی ژمارە "٩٠"یان لێ دەرکرد، کە تایبەت بوو بە مەحموود دەرویش خۆی.

•ساڵی ١٩٨٢، کاتێک بە سەرکردایەتیی ئێریل شارۆن سوپای ئیسرائیلی هێرشی کردە سەر لوبنان و گەمارۆی بەیروتی دا و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لەوێ دەرکرد، ئیتر مەحموود دەرویش ئەوێی جێهێشت و ماوەیەک لە سوریا و قوبرس و قاهیرە و تونس و دواجاریش لە پاریس مایەوە. ئەو ماوەیەی کە لە پاریس بوو، شاعیر و ڕۆمانووسی بە ڕەچەڵەک کورد "سەلیم بەرەکات" لە قوبرس سەرپەرشتیی دەرکردنی گۆڤاری "کەرمل"ی بۆ دەکرد.

•لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان ناو و ناوبانگی بڵاوبووەوە و فرۆشی دیوانەکانی بە ملیۆنێک دانە دەگەیشت.

Scanned with CamScanner

•ساڵی ١٩٩٣، کاتێک لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی فەلەستینیدا دەبێت لە تونس، دەقی ڕێککەوتننامەکەی ئۆسلۆ دەخوێنێتەوە و پێی باش نابێت و لێرەوە لەگەڵ یاسر عەرەفاتدا ناکۆک دەبێت و واز لە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین دەهێنێت.

•ساڵی ١٩٩٤ مەحموود دەرویش دەگەڕێتەوە بۆ فەلەستین و لە "ڕامەڵڵا" نیشتەجێ دەبێت.

•ساڵی ٢٠٠٢ شاندێکی پەرلەمانی نووسەرانی جیهان، کە لە کۆمەڵێک ئەدیبی ناسراوی جیهان پێکهاتبوون؛ لەوانە: وۆل سوینکا و خۆزێ ساراماگۆ، دەچن و لە ڕامەڵڵا سەردانی مەحموود دەرویش دەکەن و بە یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی ئەم سەدەیە ناوی دەبەن.

•مەحموود دەرویش لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا پتر ڕووی لە "مەسەلەی شیعر" و داهێنانی شیعریی ڕاستەقینە کرد و لەوە دوورکەوتەوە کە پێی دەوترا "شیعری بەرەنگاری"، یان شیعری بۆنە و لەسەر ئەم هەڵوێستەشی، کۆمەڵێک شاعیری فەلەستینی هێرشیان کردە سەر و گوتیان کە ئەو شاعیرە لە دیوانی "وەکو گوڵەبادەم، یان ئەولاتر"ەوە لە مەسەلەی فەلەستین دوور کەوتووەتەوە. گەرچی ئەمە ناهەقییەکی گەورەی بەرامبەر بە مەحموود دەرویش تیابوو.

•هەروەها کۆمەڵێک نووسەر و ڕەخنەگری تریش، لەسەر بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە "پەخشانەشیعر"، هەڵوێستی توندیان بەرامبەری گرت و بە دوژمنایەتیکردنی "پەخشانەشیعر" تاوانباریان کرد. بەڵام ئەمەش ئەنجامگیرییەکی دروست نەبوو، چونکە ئەو لە کاتێکدا شیعری ئازادی دەنووسی و بە ڕێتمی ناوەوە، یان "عەرووز"ی ناوەوە دەروەست بوو، گەلێ سوودی لە پەخشانەشیعریش دەبینی.

Scanned with CamScanner

•پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە مەحموود دەرویش یەکێک بوو لە عاشـــقانی پەخشـــان و کۆمەڵێک کتێبی لەم بارەیەوە هەیە و بگرە هەندێ جار نووسینی پەخشانی لە شیعر زۆر لا باڵاتر بوو.

•ســـاڵی ١٩٩٨ و لە کاتێکدا لە پاریس عەمەلیاتێکی کردنەوەی سـنگیان بۆ کرد، مەحموود دەرویش بە قووڵی هەسـتی بە باری قورسـی تارمایی مەرگ کرد بەژوور سـەریەوە، ئەوە بوو دواتر قەســیدە درێژەکەی؛ واتە قەســیدەی "دیواربەندی نووســی، کە ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموونە تاڵەی بوو و تێیدا شاعیر ڕووبەڕوو لەگەڵ مەرگدا دەدوێت.

•دوای ئەو عەمەلیاتەی بە دە ساڵ، واتە ساڵی ٢٠٠٨، عەمەلیاتێکی تری هاوچەشـــنی بۆ دەکرێ، بەڵام ئەمجارەیان مەرگ مۆڵەتی نادات و لە نۆی ئابی ئەو ســـاڵەدا و لە ســـەنتەری پزیشـــکیی هیوستن لە ئەمەریکا، دوای لەهۆشخۆچوونێک، بە یەکجاری دڵی شاعیرانە و مرۆڤدۆستانەی لە لێدان دەوەستێ.

•لە ١٣ی ئابدا و لە "ڕامەڵڵا"، شوێنێکی بۆ تەرخان دەکەن، کە هەم تێیدا بە خاک ســـپێردرا و هەم کرا بە کۆشـــکی ڕۆشـــنبیریی مەحموود دەرویش. لە ڕێوڕەسـمی ناشـتنەکەیدا گەلێ کەسـێتیی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی بەشداریان کرد.

ئەو خەڵاتانەی مەحموود دەرویش وەریگرتوون:

•خەڵاتی لۆتس ١٩٦٩
•خەڵاتی دەریای ناوەڕاست ١٩٨٠
•زرێی شۆڕشی فەلەستینی ١٩٨١
•تابلۆی ئەوروپا بۆ شیعر ١٩٨١
•خەڵاتی ئیبن سینا لە یەکێتیی سۆڤێت ١٩٨٢
•خەڵاتی لینین لە یەکێتیی سۆڤێت ١٩٨٣
•مەدالیای شایستەیی ڕۆشنبیری/ تونس ١٩٩٣

Scanned with CamScanner

•مەدالیای ڕۆشنبیریی حەوتەمی نۆقەمبەر/ تونس ٢٠٠٧
•خەڵاتی شازادە کلاوس/ هۆڵەندا ٢٠٠٤
•خەڵاتی قاهیرە بۆ شیعری عەرەبی ٢٠٠٧
•لە ساڵی ٢٠٠٨یشدا، وەزارەتی گەیاندنی فەلەستین دوانزدە پوولی پۆستەی دەرکرد، کە وێنەی مەحموود دەرویشیان لەسەر بوو.

کتێبە چاپکراوەکانی مەحموود دەرویش:

•چۆلەکە بێبالەکان (شیعر) ١٩٦٠
•گەلا زەیتوونەکان (شیعر) ١٩٦٤
•عاشقێک لە فەلەستینەوە (شیعر) ١٩٦٦
•کۆتایی شەو (شیعر) ١٩٦٧
•نەرمەبارێک لە پایزێکی دووردا (شیعر)
•یاداشتەکانی خەمی ئاسایی (پەخشان)
•یاداشتەکانی زامێکی فەلەستینی (شیعر)
•خۆشەویستەکەم لە خەو هەڵدەستێت (شیعر) ١٩٧٠
•هەوڵی ژمارە ٧ (شیعر) ١٩٧٣
•ستایشی سێبەری باڵا (شیعر) ١٩٨٣
•گۆرانییە... گۆرانییە (شیعر) ١٩٨٦
•دیواربەند (قەسیدەی درێژ) ٢٠٠٠
•حاڵەتی گەمارۆدان ٢٠٠٢
•داوای لێبوردن مەکە لەوەی کردووتە (شیعر) ٢٠٠٤
•زەماوەندەکان ١٩٧٧
•چۆلەکەکان لە جەلیل دەمرن ١٩٧٠
•خۆشم دەوێیت یا خۆشم ناوێیت (شیعر) ١٩٧٢
•ئەوە دەنگێتی و ئەمەش خۆکوشتنی عاشقەکەیە ١٩٧٥

Scanned with CamScanner

- گەمارۆی ستایشەکانی دەریا (شیعر) ١٩٨٤
- شتێک سەبارەت بە نیشتمان
- یادی لەبیرچوونەوە (پەخشان) ١٩٨٢
- مالّئاوا شەڕ، مالّئاوا ئاشتی (وتار) ١٩٧٤
- گوڵەباخی کەمتر ١٩٨٦
- ئەوە دەبینم کە دەمەوێ ١٩٩٠
- یانزدە هەسارە ١٩٩٢
- پێخەفی ژنە نامۆکە ١٩٩٩
- وەکو گوڵەبادەم و ئەولاتر ٢٠٠٥
- لە حزووری نادیاردا ٢٠٠٦
- بۆچی ئەسپەکەت بە تەنیا جێهێشت (شیعر) ١٩٩٥
- ئاسەواری پەپوولە (شیعر) ٢٠٠٨
- نامەوێ ئەم قەسیدەیە کۆتایی بێت (شیعر) ٢٠٠٩

هەندێ کتێبی تریش.

Scanned with CamScanner

"بنووسه من عەرەبم" بریتی نییە لە شوناسی شیعریی من

(گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ مەحموود دەرویشدا)

دانیشتن لەگەڵ مەحموود دەرویش و قسەکردن لەگەڵیدا، شتێکی چێژبەخشە. نەک لەبەر ئەوەی ئەو شاعیری فەلەستینە و ناوەکەی تریەتی، هەروەها لەبەر ئەوەش نا کە ئامادەبوونی ڕەمزیی لەسەر ئاستی عەرەبی، ئامادەبوونێکی گەورەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو خۆی، دەشتوانین بڵێین هەندێ جار، کەسێکی مەشرەبخۆشە. لەم سەردانەی دواییدا بۆ بەیروت، لە هۆتێل و لە ژوورەکەی خۆیدا بینیم، لە زانکۆی بەلەمەند ئێوارەکۆڕێکی گرتبوو و ڕێزیشی لێ نرابوو. ئەمە دووەم جارە لەوێ ببینم. بە هەمان شێوازی خۆی، پێشوازیی لێ کردم. بە دەستودڵکراوەیی تایبەتەکەی خۆیەوە، کە ڕەسمییاتی چاوپێکەوتنەکە دەشکێنێت و دەیگۆڕێت بۆ کەشێکی خۆش. هەر لە ئەهلەن وە سەهلەن'ەکەیەوە، کە بە دەنگێکی زوڵاڵ دەیڵێت، تا شێوازی تەوقەکردنەکەی و پێت دەڵێت کە بوویت بە هاوڕێی، یان هانت دەدات بەو شێوەیە پەیوەندیی لەگەڵدا دابمەزرێنیت. دوای ئەوە دەست بە وتوویژێک دەکات لەگەڵتدا، کە دەیەوێ وتوویژێکی ئاسایی بێت. سەبارەت بە خۆت و بەیروت و هەندێ هاوڕێ پرسیارت لێ دەکات، باسی خۆیت بۆ دەکات، باسی بەیروت

Scanned with CamScanner

و هەندێ لە هاوڕێکانی. لەســـەر هەمان ئەو قەنەفەیە دادەنیشـــێت کە جاری پێشـــوو لەســـەری دانیشـــتبوو، وەک ئەوەی ڕاهاتبێت زۆر لەســـەری دابنیشـــێت و بیەوێ بیکات بە قەنەفەی تایبەت بە خۆی، بە کلیلی ژوورێکی نـامۆ لە هۆتێلێکی نـامۆدا. هەســـت دەکەم ئەمەش بەشـــێکە لە خووەکانی مەحموود دەرویش، کە لە ســـەفەر و گەشـــتە زۆرەکانیەوە فێری بووە، واتە چۆن هۆگری شـــوێنە نامۆکان بێت و ڕامیان بکات، چونکە وێڕای ئەوەی دەرویش کەسێتییەکەی گشـتییە و بە شـــێوەیەکی ناوازەش، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە دەیەوێ گوزارشـــت لەو لایەنە تـایبەتەی خۆی بکـات. ئەو کەســـێکی گۆشـەنشـینیشـە، لەوانەیە ئەمە یەکێک بێت لە نهێنییەکانی، واتە خۆی توانای هەڵگرتنی خۆی هەبێت، تا لە هەر کوێیەک بوو و چەندیشی پێ چوو، قۆزاخەی تایبەت بە خۆی دروســـت بکات، جیهانی تایبەت بۆ خۆی و تاکێتیی خۆی.

لە یەکەم چاوپێکەوتنمدا لەگەڵی، باسـی سـیاسـەتمان کرد، لە ئێسـتای فەلەســتیندا کە خۆی ســەپاندووە بەســەر ئەو و ئێمەشــدا. پێدەچێ دەرویش لە سەردانە زۆرەکانیدا ئەوەندە باسی سیاسەتی کردبێت، کە ئیتر ماندوو بووە. پرســیاری ئەوەم لێ دەکات ئاخۆ ئەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەیم بینیوە، کە بەر لە دوو ڕۆژ ئەنجامی داوە؟ زۆر باسی سیاسەتی تیا کرا، وایە؟ لێم دەپرسێ، کە باسی شیعریشی تیا بوو. وا نییە؟ منیش وەڵامی دەدەمەوە کە لەو چاوپێکەوتنەدا سیاسەت هەموو شتێکی قۆرخ نەکردبوو، وەکو ئەوەی هەمیشە دەیکات.

وێنەگرەکە دێت، نیشـــانەی نائارامی بە ڕوخســـاری دەرویشـــەوە دەردەکەوێ. ئەو حەزی لە وێنەکانی خۆیەتی و بە بایەخەوە ڕات لە بارەیانەوە دەپرســـێ، بەڵام خۆی هەســـت ناکات ڕوخســـاری بۆ وێنەگرتن گونجاوە! "دەزانیت یەک جار چییە هەستم نەکردووە کامێرا حەز بە دەموچاوم بکات... هەست دەکەم لەژێر قورسـایی ڕەفتارێکی فەرمیدام، کە بۆ نموونە پێویستی بە قسەکردن بە شێوەزاری نووسین

Scanned with CamScanner

هەیە". ڕیکۆردەرەکە دەردەهێنم. لێم دەپرسێ: ئەرێ ئەمە پێویستە هەبێت؟ ناتوانین بەبێ ئەوەش قسە بکەین؟ منیش وەڵامی دەدەمەوە: بەڵێ، دەتوانین لە بیر خۆمانی ببەینەوە کە بوونی هەیە. دەشتوانین بە شێوەزاری میللییانە قسە بکەین.

بە درێژایی سێ سەعات من و دەرویش قسەمان کرد، تا ئەوەمان لە بیر چووەوە کە گفتوگۆیەکەی ڕۆژنامەوانی ئەنجام دەدەین. خۆر ئاوا بوو و دنیا تاریک بوو. لەگەڵ گۆڕانی ئاووهەوادا، دەنگی دەرویشیش گۆڕانی بەسەردا هات. کپ بوو، بەرلەوەی سەرنجی ڕووناکیی گڵۆپی ژوورەکەی ئەودیو بدات، بەشێک لەو تاریکییەی دەرەوە لەسەر ڕوخساری نیشت.

مەحموود دەرویش بەژنێکی بەرزی شیعری و ئینسانییە. دوای هەڤپەیڤین لەگەڵیدا، هەست بە هاوڕێیەتییەک دەکەیت، دەزانیت کە قوواڵتر و جوانتر و نافەرمیترە لەوەی پێشتر هەستت پێ کردووە. لە ساتی مانّاواییشدا ئەو هەستە لات قوواڵتر دەکاتەوە، کاتێ دەڵێت: با ماچێکیشت بکەم، ماچی سەر ڕوومەت. ئەو ماچەی لە تەوقەیەک دەچێت کە ئاسەواری خۆی لەسەر دەست و دڵ جێدێڵێت.

- سەرنجم داوە لە زۆربەی شیعرەکانتدا ئامادەبوونی دایکت لە هیی باوکت زیاتر، یان با بڵێین لای زۆربەی خوێنەران وا کەوتووەتەوە. وا هەست دەکەین ئەوەندەی دایکت دەناسین، ئەوەندە باوکت ناناسین. پەیوەندیت لەگەڵ باوکتدا چۆن بووە؟

- حەز دەکەم ئەو بۆچوونە ڕاست بکەمەوە. باوکم ئامادەبوونێکی ڕوون و زووی لە شیعری منـدا هەیە. ئامادەبوونێک هاوشان بە ئامادەبوونی دایکم. بۆ نموونە لە دیوانی "عاشقێک لە فەلەستینەوە"دا، قەسیدەیەک هەیە کە پێشکەش بەو کراوە. "نەیهێشت سەفەر بکەم" لە "ئەوە دەبینم کە دەمەوێ". هەروەها لاواندنەوەیەکی درێژم بۆ نووسیوە

Scanned with CamScanner

بابه، ئەی خوای کەڵەئاسکەکان". لە "بۆچی ئەسپەکەت بە تەنیا جێهێشت"دا، گفتوگۆیەک هەیە لەنێوان باوک و کوڕەکەیدا لە کاتی یەکەم کۆچدا بۆ لوبنان. لە ڕووی چەندایەتییەوە ئامادەبوونی هەیە. یان لانی کەم، بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ئامادەبوونی دایکمدا ئەویش ئامادەبوونی هەیە.

من پەیوەندیم لەگەڵ باوکمدا، هەر وەکو شیعرەکانیشم وا دەڵێن، پەیوەندییەک بووە، ڕۆڵی باوک و کوڕی تیادا تێکەڵ بووە و نازانرێ کێ باوکە و کێ کوڕە. لە "بابە، ئەی خوای کەڵەئاسکەکان"یشدا ئەمە دەڵێم. باوکم پیاوێکی زۆر شەرمن بوو و لە ڕەفتاریدا مەودای لەگەڵمان دەهێشتەوە. پیاوێکی غەمباریش بوو، لەبەر ئەوەی هەر زوو خەم و خەفەتی ژیان زەفەری پێ برد و لە خاوەن مووڵکێکەوە بوو بە کرێکار و باری قورسی خێزانێکی گەورەی کەوتە ئەستۆ. سروشتیشی وا بوو، کە سەرزەنشتی کەسمانی نەدەکرد. بەڵام کەسێتیی بەهێز لە ماڵەکەدا، کە تا ڕادەیەک بە تووندوتیژیشم لەقەڵەم دەدا، دایکم بوو. کە منداڵ بووم و لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارە ڕەقەی لەگەڵمدا، وام دەزانی منی خۆش ناوێت. ئەم بیرۆکەیە لام زاڵ بوو، تا بۆ یەکەم جار زیندانی کرام. ئیتر ئەوسا زانیم کە خۆشی دەوێم و بگرە زۆریشی خۆش دەوێم.

بە هەرحاڵ، ڕەفتاری دایک و باوکم شتێکی سەیر نەبوو، چونکە خەڵکی لادێ لەو سەردەمەدا هەست و سۆزی خۆیان بەرامبەر بە یەک دەرنەدەبڕی. دەربڕینی خۆشەویستی لە لایەن دایک و باوکەوە بۆ منداڵەکانیان، شتێکی ئاسایی نەبوو. خۆشەویستی شتێکی عەیبە بوو. دەبوایە لە هەست و سۆزی خۆت دوورت بخستایەتەوە.

- واتە، بۆ نموونە، وشەی "خۆشم ئەوێی" لە ئارادا نەبوو.

Scanned with CamScanner

- هەرگیز. تا ئێســـتاش من نە لە دایکمەوە و نە لە باوکمەوە گوێم لەم وشـــەیە نەبووە. بیرم نایەت بە منالّییش گوێم لێ بووبێت. هەڵبەتە گومـان لەوەدا نییە کە کـاتی خۆی پێیـان وتووم، بەڵام من لەوە منالّتر بووم کە بیزانم. ئەم شـەرمەش لەنێوان باوک و منالّەکانیدا بە بۆماوەیی بۆ ئێمەش مایەوە. ئێمەی برا لەناو خۆماندا، سەبارەت هیچ مەسەلەیەکی تایبەتی لەگەڵ یەکیدا نادوێین، بەڵکو سـەبارەت بە شـتە گشـتییەکان دەدوێین. خێزانێکی شـەرمن بووین. بۆ نموونە، سـەرنجم دا کچەکانی براکـەم گلەیی ئەوەیـان لای من دەکرد، کە براکەم قســـەیان لەگەڵدا ناکات و باســـی هیچ شـــتێکی تایبەتییان لەگەڵیاندا ناکات. لە کاتێکدا بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بوو، کە ئەوان تێیدا دەیانخوێند. کەچی نە یـارمەتیی دەدان و نە سەبارەت بە وانە و سەعیکردن لێی دەپرسینەوە. هیچ شتێکت تایبەت بەوانیشـــی لەگەڵ باس نەدەکردن. جۆرێک لە دابڕانی عاتیفی هەبوو. ئەمەش مانای ئەوە نەبوو کە براکەم عاتیفی نییە، بەڵکو گوزارشـتکردن لە ئارادا نەبوو لەو عاتیفەیە. جگە لەوە لەبەر ئەوەی ئەو خۆی بەڕێوەبەری قوتـابخـانەکە بوو، ناچار بوو بێلایەن بوایە. هەست دەکەم ئەم سۆزە چەپێنراوە بەشـــێک بوو لە میراتی کولتوورێکی گوندییانەی عەرەبی. لە فەلەســـتینیش ئەم دۆخە ئاڵۆزترە. **ئەوەی بە لای باوکەوە گرنگە ئەوەیە، کە چۆن منـاڵەکـانی بپارێزێت؟ ئەمە ئەوەش دەگرێتە خۆی کە جاری وایە بەرەو شـــوێنی ســـەلامەتیان دەبـات، وەکو ئەوەی لە یەکەم کۆچمـانـدا بیزنیمـان و گوزەرانیـان بۆ دابین بکـات و وەکو بـاوکێـک ئەرکەکـانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات. ئەمەش زۆربەی کات لەسەر حیســـابی ســـۆزی ڕاســـتەوخۆ ڕوو دەدات. بەڵام وەکو پێم وتیت، پەیوەندیم لەگەڵ باوکمدا دواتر نەشونمای کرد، لەگەڵ**

Scanned with CamScanner

بەرەوپێشـــچوونی هۆشـــیاریمدا. وەختێ توانیم لە حیکایەتی باوکم تێبگەم و بچمە ناو جیهانی ناوەوەی؛ ئەم تێگەیشـتنەی کە دواتر کردم بە شیعر.

باپیرە

- لە نەبوونی وەها پەیوەندییەکدا لەگەڵ دایک و باوکدا، ئاخۆ کەسێکی تر نەبوو لە ڕووی سۆزداریيەوە لێتەوە نزیک بێت؟
- باپیرەم نزیکترین کەس بوو لێمەوە. من ئەو بە باوکی ڕۆحی و عاتیفیی خۆم دەزانم. کە منداڵ بووم زۆر نازی ڕادەگرتم و بۆ کوێ بڕۆیشـــتایە، لەگەڵ خۆیدا دەیبردم. بردوومی بۆ عەککا و دێهاتەکانی دەوروپشـتی، هەروەها دەیبردم بۆ مااڵی هاوڕێ زۆر ئازیزەکەی، کە قەشـــەی دێکە بوو. دەیبردم بۆ نووســـینگەکەی خۆی، کە نووســـینگەیەکی گەورە بوو لە ژوورێکی داخراودا و بۆ هیچ کەسێکی تر نەبوو بچێتە ناوی. کۆمەڵێک کتێبی کەلەپووری لەم ژوورەدا هەبوون. باپیرەم شـــانازیی پێمەوە دەکرد، کە بەو تەمەنە بچووکەوە دەتوانم بخوێنمەوە. تەمەنم شـــەش ســـاڵ دەبوو، لە بەردەمی هـاوڕێکـانیـدا دایـدەنـام و داوای لێ دەکردم شـــتیـان بۆ بخوێنمەوە. ناوبەناو کتێبیشـــی بە دیاری دەدامێ. بۆ نموونە، ئەو بوو کە هانی دام گەشـتەکانی گالیڤەر و ئۆلیڤەر تویسـت بخوێنمەوە. هەموو شانۆنامەکانی شەکسپیریشی دامێ، کە بە زمانێکی ســـادە، بۆ منااڵن نووســـرابوونەوە. هەر جارێکیش بچوایە بۆ شار، کتێبێکی بە دیاری بۆ دەهێنام.
- دیارە ئومێدی پێت بووە، کە دەبیت بە شتێک؟

Scanned with CamScanner

- نـازانم. بەڵام زۆری پێ خۆش بوو کە دەتوانم بخوێنمەوە. کـاتێکیش کۆچمـان کرد بۆ لوبنـان و ئەومـان لەگەڵ بوو، ڕۆژنامەیەکی دەدامێ تا بە دەنگی بەرز بیخوێنمەوە.
- هیچت بۆ باپیرەت نووسیوە؟
- بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ژیاننامە شیعرییەکانمدا. هەموو ئەو پەیوەندییانەی تریش کە لەم جۆرەن، لە کتێبی "بۆچی ئەسپەکەت بە تەنیا جێهێشت؟"دا گوزارشتم لێ کردوون.
- خۆت چۆن دەبینیت لەو قۆناغە زووەدا؟ ئاخۆ لەناو هاوڕێ منالّەکانتدا لاواز بوویت. بۆ نموونە شەرمت لە خۆت دەکرد؟
- لاسـار و چەتوون نەبووم. زماندرشـت بووم و زوو هەسـتم بە شت دەکرد. ئەم دوو سیفەتەشم لە دایکمەوە بۆ مابووەوە. بەڵام لە ڕووی جەســـتەییەوە لاواز بووم، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی هەمیشـــە لە لایەن منالّانی ترەوە بکەومە بەر هەڕەشەی لێدان. کاتێ لەدایک بووبووم، زۆر ڕیوەڵە بووم و دەبوو نەژیامایە. دکتۆر وتبووی لە چەند ڕۆژێک زیاتر ناژی. بۆیە لەڕێی زمانەوە دەمویست بەسەریاندا زاڵ بم؛ لە شتێکدا ســـەرکەوتوو بم کە ئەوان دوور بوون لێیەوە؛ واتە لەڕێی خوێندنەوەوە. هەوڵم دەدا بەوە جیاواز بم لێیان کە من وەکو ئەوان بە یارییەوە خۆم خەریک ناکەم، بۆ نموونە لە تەمەنێکی کەمدا تەها حوســـەینم دەخوێندەوە، ئەوە بووبووە کەڵکەڵەی سەرم کە لە ڕووی زەینییەوە سەرکەوتوو بم و بەو شێوەیە بوونی خۆم بســـەلمێنم، لەبەر ئەوەی توانـای زۆرانی جەستەییم نییە.

Scanned with CamScanner

هەندێ بیرەوەریی تاڵ

- **هیچ بیرەوەرییەکی تاڵ، یا ناخۆشی ئەو سەردەمەت لا ماوە؟ مەبەســـتم لەوەیە هەندێ بیرەوەری هەن زۆر لەگەڵماندا دەژین. عادەتەن گەورەکان زۆر بایەخیشـــی پێ نادەن، بەو پێیەی لە پەراوێزدان، یا ئاسایین.**

- یەکێک لەو بیرەوەرییە نـاخۆشـــانەی بیرم دێ، ئەوەیە جارێکیان کە لە قوتابخانەوە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، کوڕێکی پۆلەکەمان کە بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، ڕێی پێ گرتم و بەبێ هیچ هۆیەک و بێ هیچ پێشـــەکییەک، هات و لێی دام. هەستم بە تێکشکان کرد، نەک لەبەر ئازار، بەڵکو هەستم بە سووکایەتی کرد و ئەوەی وایشی کرد ئەو هەستەم لا قوڵتر بێتەوە ئەوە بوو، کە نەمتوانی کاردانەوەم هەبێت بەرامبەری، چونکە ئەو لە من گەورەتر و بەهێزتر بوو. هۆشـــیاریم بەم شـتە ئازاری دەدام. ئەوەی لەو هەڵوێستەش ڕزگاری کردم، مامۆســـتایەکمان بوو، کە بەوێدا تێپەڕی، دەســـتی گرتم و هەوڵی دا دڵم بداتەوە.

- **ئەوەی لە حاڵەتێکی وادا ئازاری مرۆڤ دەدات، ئاشـکرابوونە. واتە ئاشـــکرابوونی لاوازی بەرامبەر بەوانی دی و نەبوونی ئامڕاز بۆ بەرگری و قەرەبووکردنەوە.**

- ڕێک وایە، ئەو هەســتکردن بە ســووکاتییە زۆر ئازاری دام. کەســێک بێ هیچ هۆکارێک دەســتدرێژی بکاتە ســەرم و من نەتوانم وەڵامی بدەمەوە. ئەم زامە کۆنەی کە ســاڕێژ نەبوو، وای لێ کردم هەر زوو بچمە ناو تەنیاییەوە. دەســتم دەدایە کتێبێک و دەچووم بۆ نـاو دەوەنی دارزەیتوونێکەوە و بە تەنیا دەســتم بە خوێندنەوە دەکرد. بۆ جارێکی تریش لێرە لە لوبنان و لە کاتی یەکەم کۆچدا هەستم بە سـووکایەتیپێکردن

Scanned with CamScanner

کرد. یەک دوو جار جنێوی وایان پێ داوم، کە نەمزانیوە مانایان چییە. لە پۆلیشدا، چەند کچێکی لوبنانی پێیان وتم "پەنابەر" و من هێشتا نەمدەزانی مانای پەنابەر چییە. کاتێکیش گەڕاینەوە فەلەستین، سەرلەنوێ ئەم قسەیەم لە لایەن کچێکەوە پێ وترایەوە، کە لە لادێکەیاندا پەنابەر بووین. لە یەک پۆلدا بووین و کێبڕکێ هەبوو لەبەینماندا، من لەو سەرکەوتووتر بووم. ئیتر ئەوە بوو پێی وتم "تۆ پەنابەریت". کەواتە نەفرەتی پەنابەری، یان جنێوی پەنابەری هەر بە تەنها لە دەرەوەی فەلەستین بوونی نەبوو، بەڵکو لەناو فەلەستین خۆیشیدا هەبوو.

- تا ئێستاش لەناو خودی فەلەستیندا پەنابەر هەیە؟

- بەڵێ بەداخەوە. جاری وایە پەنابەرێک دەبینیت هەر لە نزیک شار یا شارۆچکەکەی خۆیەوە پەنابەرە. کە پەنابەر بوویت، واتە هەر لە سەرەتاوە ماڵێک شک نابەیت لەژێر سێبەریدا بیت، واتە لە چادرێکدا بیت، کە دەشێ ئەو چادرە هەمووی چەند مەترێک لە ماڵەکەی خۆتەوە دوور بێت، یان لە خانوویەکی خوازراو و کاتیدا بیت. ئەم دوو ڕووداوە، لێدان و جنێو، یا سووکایەتیپێکردن، زۆرترین ئازاری منیان داوە لە ژیانمدا، تا ڕادەیەکی زۆریش ڕەوتی ژیان و هۆشمەندیمیان دیاری کرد.

هەستی شەشەم

- **ئاخۆ ئەم هەستکردنە بە لاوازی، نەبووە هۆی پەیدابوونی جۆرێک لە هەستی شەشەم لە لات بەرامبەر بە موعاناتی ئەوانی تر؛ واتە بۆ هەستکردن بە لاوازی و بێدەسەلاتیی ئەوانی تر؟**

Scanned with CamScanner

- ناتوانم بەم شێوەیە وەسفی شتەکە بکەم. ئەم مانایەم نەدایێ. هەســـتم دەکرد من خۆم لاوازم. بۆیە وەکو وتیشـــم، هەوڵم دەدا ئەم لاوازییەم بە جیاوازی و ســەرکەوتنم لە بواری تردا چـــارەســـــەر بـــکەم. دواتـــر بـــۆم دەرکەوت کە ئەو ســووکاتەپێکردنانەم لە ڕاستیدا ئیرەییپێبردنە و ئیتر هەستم بەوە دەکرد کە ئەوە ئەوانن کە لاوازن. ئیتر وردەوردە ئەوەم لا چەسپاو کە ئەوەی دەیەوێ زوڵمت لێ بکا و ئازارت بدات، دەیەوێ بەو کارە، لاوازییەکەی ناوەوەی خۆی داپۆشێت.
- وا بزانم لەو قۆناغەدا بوو کە شیعر هات؟
- من لەو تەمەنەدا هێشتا بەگشتی هۆشیاریم بە هێزی شیعر و وشـــــە لا دروســـــت نەبووبوو. هەندێ جار دەمخوێندەوە و دەمنووســـی، بەبێ ئەوەی ئاگامەند بم بەوەی کە دەینووســـم شـــــیعرە. شـــــیعر وەکو خوێندنەوە بەشـــێک بوو لە جیهانە تـــایبەتی و گەرموگوڕەکەم. جـــارێکیـــان و لە ڕۆژێکـــدا کە ئیسرائیلییەکان ناویان ناوە جەژنی سەربەخۆیی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دێکەمان "دەیرولئەسەد"، داوای لێ کردم شیعرێک بۆ ئەو بۆنەیە بنووسم. منیش شیعرێکم نووسی، بەبێ ئەوەی بزانم کە شـــــیعرە. لە ڕاســـــتیدا نامەیەک بوو بۆ کوڕێکی جوولەکە. تێیدا شـــــتێکی وەهای پێ دەڵێم کە تۆ ئەمڕۆ دڵت خۆشـــە و من غەمگینم، تۆ جەژن دەکەیت و من فرمێســـک لە چاوم دەڕژێ، بۆیە ئەمە بۆ من جەژن نییە ئەو کاتە نەبێت کە منیش ئەو هەستەی تۆم هەبێ، واتە ئەو خەونەم بێتە دی، کە بۆ تۆ هاتووەتە دی. شیعرەکەم لە ئاهەنگەکەدا خوێندەوە، کەچی دوایی موختـــاری دێکە زۆر تووڕە بووبوو لێم و وتبووی "ئەم پەنابەرە دەیەوێ تووشی کێشەمان بکات".
- سەرلەنوێ "پەنابەر"؟

Scanned with CamScanner

- هەمان جنێو، بەڵام من ئەو کاتە دەرکم بەوە نەدەکرد کە ئەوەی وتوومە خەڵکێک دەگرێتەوە، یان شیعرە.

• کێش و سەروای هەبوو؟

- بەڵێ، بەڵام بەبێ ئەوەی مەبەستم بووبێت شیعر بنووسم. من وەکو ئەرکێکی قوتابخانە، یان وەکو داڕشتن ئەوەم نووسیبوو، بەڵام شتێکی سەیر بوو بۆم کاتێ سەیرم کرد خەڵکی دێکە پێیان جوان بوو، مەبەستم خەڵکە ئاساییەکەیە. وەک ئەوەی ئەم شیعرە گوزارشتی لە هەست و سۆزە چەپێنراوەکەی ئەوان کردبێت. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە حاکمی سەربازیی ناوچەکە بانگی کردم و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لێ کردم، کە لەمەودوا نابێ چیی تر لەو جۆرە شتانە بنووسم، ئەگینا ئەنجامەکەی زۆر خراپ دەبێت. بۆ نموونە کار بە باوکم نادەن و ئیشەکەی لێ دەسەننەوە. گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و هەستێکی دوولایەنە بەسەرمدا زاڵ بوو؛ لە سەرێکەوە ترسم لەوەی شتێک بەرامبەر بە خێزانەکەمان بکەن و لە سەرێکی تریشەوە دەموت دیارە ئەوەی وتوومە شیعر بووە و شتێکی ئاسان نییە و توانیویەتی حاکمێکی سەربازی وا هەراسان بکات و بگاتە ئەوەی هەڕەشە لە کوڕێکی منااڵی وەکو من بکات.

لاساییکردنەوەیەکی سەرەتایی

• **لەم شیعرە زووەتدا لاسایی کێت دەکردەوە؟ ئایدیا و نموونەی تۆ لەناو شاعیران و ئەدیباندا کێ بوو؟**

- **بەزۆری بە شیعری مەهجەر ئاشنا بووم؛ شیعری ئەندەلوسی، جگە لە شیعری جاهیلی. هەروەها بیرمە ماوەیەک کەوتبوومە ژێر کاریگەریی موعەللەقاتەوە و یەکەم شتیش کە خەونم پێوە دەبینی بینووسم، موعەللەقەیەکی**

Scanned with CamScanner

شـــیعری بوو. هێشـــتا شـــیعری عەرەبیی نوێ، ســـەیياب و بەیياتی، یان شیعری تەفعیلەمان پێ نەگەیشتبوو.

- ئەی بە شیعری عیبری ئاشنا نەبووبوویت؟

- نەخێر، دواتر بە شیعری عیبری ئاشنا بووم.

- ئەی ئەو شاعیرە نوێخوازانە کێ بوون کە لە سەرەتادا پێیان ئاشنا بوویت؟

- بە شێوەیەکی بنەڕەتی سێ شاعیر بوون: مەحموود حەسەن ئیســـماعیل و عەبدولوەهاب بەیياتی و نزار قەببانی. لە قوتابخانە لەســەر ئەم ســێ شـاعیرە ململانێمان بوو. ئینتیمای ســیاســییش لە ڕاســت و چەپەوە لە مەیل بۆ ئەم، یان ئەو شـــاعیردا ڕۆڵی هەبوو. بۆ نموونە هەبوو لە مەحموود حەسەن ئیسماعیلەوە دەچووە لای بەیيات، پاشان پەیوەندیی لەگەڵ نازم حیکمەتدا قووڵ دەبووەوە.

- ئەی نزار قەببانی؟

- نزار قەببانی لە دەرەوەی ئەم مانایە بوو. ئەو لە ســـەروو ئەزموونە سیاسـی و حیزبییەکانەوە بوو و ڕۆحی سـەرەتای لاوێتیمانی دەدواند. سـەرەتای لاوێتییش هەر یەک شـتە، ئیتر چەپ بیت، یان ڕاسـت. ئەوەی لە نزاردا شـەیدای کردم ئەوە بوو، کە هەندێ شـــت هەن ناوترێن، بەڵام ئەو دەیوتن. واتە شـــیعر لای ئەو هەموو شـــتێکی دەوت. نزار قەببانی فێری ئەوەی کردم کە شیعر هەیبەتی نییە، دەتوانیت شیعر لەسەر پانتۆڵێک بنووســیت، وشـــەکانیشـــی دژوار نین. ئەوەی کە دەیگوزەرێنین، دەتوانین بەوپەڕی ســـادەیی بیگێڕینەوە. ئیتر من لەنێوان ئەو سـێ شـاعیرەدا دەهاتم و دەچووم کە باسـم کردن.

Scanned with CamScanner

• باسی جیهانی ناوەوەتمان کرد وەختێ مناڵ بووین. ئەی کە ڕواڵ (مراهق) بووین، ئاخۆ سەیری سەر و ڕوخساری خۆتت دەکرد؟ بۆ نموونە خۆت بە قۆز دەزانی؟

- ئەوەندە دەزانم کچان خۆشیان دەویستم. قژم زەرد بوو. لەو باوەڕەدا نەبووم قۆز بم، بەڵام حەزم دەکرد لای کچان بەختم هەبێت. بە مانایەک من وەکو یاریی کچان وا بووم، نازیان دەدامێ، لەوانەشە لەبەر ئەوە بووبێت کە من دڵم خۆش دەکردن، چونکە زمانهەراش و جەسوور بووم.

• شێوەی خۆشەویستی چۆن بوو لە کۆمەڵگەیەکی دێهاتییانەی موحافەزەکاری وەکو ئەو کۆمەڵگەیەی تیا گەورە بووین؟

- خۆشەویستی لەڕێی نامەگۆڕینەوە بوو. چیرۆکی خۆشەویستی لە یارادا نەبوو، بەڵکو چیرۆکی پێکگەیشتن. نامەی دڵداری لە هاوسەرێتییەکی ڕۆمانسییانە دەچوو. زۆر بیرمان لە نامە دەکردەوە و خۆمان پێوە سەرقاڵ دەکرد. بەڵام بیرکردنەوە لە سێکس لە ئارادا نەبوو.

• لە کەیەوە بیرت لە سێکس کردووەتەوە؟

- کۆمەڵێک یەکەمین خۆشەویستیم هەیە، نەک یەک خۆشەویستی، بەڵام مەسەلەی سێکس نە لە لای من و نە لە لای هاوڕێکانم هەبوو. ئێمە تەمەنمان کەم بوو و ئەو مەیلە سێکسییە بەهێزەمان نەبوو.

• دەچوون بۆ سینەما؟

- ئەوسا زیاتر فیلمی هیندیمان دەبینی، لەگەڵ فیلمی کاراتێ و فیلمەکانی فەرید ئەترەش "مامۆستا وەحید"...

• ئەی عەبدولحەلیم حافز سەرنجی ڕانەکێشابووین؟

- زۆر. وەک چۆن حیزبی شیعری هەبوو، لە گۆرانییشدا دوو حیزب هەبوون: حیزبی عەبدولحەلیم و حیزبی فەرید ئەترەش. من بە شێوەیەکی دەمارگیرانە لایەنگری

Scanned with CamScanner

عەبدولحەلیم بووم، تا ئەو ڕادەیەی نەمدەویست گوێ لە فەرید ئەترەش بگرم. ئێستا دەزانم دەنگی فەرید ئەترەش و ئاوازەکانیشی جوانن، بەڵام ئەودەمە دەمارگیر بووم و دەمارگیرییش مرۆڤ کوێر دەکات ، وەک چۆن تووشی مێشک و دڵ و چاو دەبێت، ئاوا تووشی گوێیش دەبێت...

- ئەی ئەو کاتە مەیلی سیاسیت چی بوو؟

- لەبەینی ناسرییەت و حیزبی شیوعیدا دەهاتم و دەچووم.

- بۆچی عەبدولناسر؟

- بەوپەڕی سادەیی، لەبەر ئەوەی سەرکردەی عەرەب و ڕزگارکەری میللەت بوو. بەڵام لەسەر ئاستی ناوەوە، من مەیلم بە لای حیزبی شیوعیی ئیسرائیلیدا هەبوو، کە مەسەلەکانی ئێمەی دەخستە ڕوو و وەکو کەمینەیەک لەناو کۆمەڵگەی ئیسرائیلیدا بەرگریی لێ دەکردین. بە حیزبی خۆمان و بەرگریکاری خۆمانمان دەزانی. لە چوارچێوەی ئەم حیزبەشدا گونجابووین، بەبێ ئەوەی هێشتا بووبین بە خەڵکانێکی ئایدیۆلۆجی. واتە هێشتا تێگەیشتنێکمان بۆ مارکسیزم و تێزەکانی نەبوو. هیچ ناکۆکییەکیش نەبوو لەنێوان خۆشەویستیماندا بۆ ناسر و خۆشەویستیماندا بۆ حیزبی شیوعی. کاتێ دواتریش ناکۆکی کەوتە نێوان ناسرییەت و حیزبی شیوعییەوە، ئێمە پەرتەوازە بووبووین. تاوێک بەملادا و تاوێک بەولادا دەمانشکانەوە، بەڵام هیچ ئارگیومێنتێکمان نەبوو، تا بۆ ئەو هەڵوێستانەی خۆمان بەرگرییان پێ بکەین.

- یەکێکیانت هەڵنەبژارد؟

- نەخێر، نەمتوانی.

- بەڵام تۆ لە حیزبی شیوعیدا مایتەوە؟

Scanned with CamScanner

- بۆ چەند ساڵێک، بەڵام ناکۆکییەکە توند نەبوو. کاتێک ناسر لێدوانێکی سیاسیی دەدا، هەموو بەدوای ڕادیۆیەکدا دەگەڕان تا گوێی لێ بگرن. ڕادیۆش دەگمەن بوو.

- کەی بۆ یەکەم جار ناوی فەلەستینت هاتە گوێ؟ تۆیەک کە لەناو کۆمەڵگەی ئیسرائیلیدا گەورە بوویت؟

- ئیسرائیلییەکان وەکو کەمینەیەک مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەی عەرەبدا دەکرد. ئیتر لێرەوە دەرککردن بە عەرەببوونی خۆمانمان لا دروست بوو و هەر لێرەشەوە "بنووسە من عەرەبم" نەک "بنووسە من فەلەستینیم"م نووسی. دەمانزانی وڵاتێک هەیە ناوی فەلەستینە، بەڵام پرۆژەیەک نەبوو ناوی فەلەستین بێت، یان قەوارەیەک ناوی فەلەستین بێت. ئەوەندە بەس بوو بڵێیت من عەرەبم، بەبێ ئەوەی پێویست بە ناساندنی فەلەستینیبوون بکات. بیرۆکری فەلەستینیبوون دوای دامەزرانی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین سەری هەڵدا.

- دوای شکستی ١٩٦٧؟

- لەسەر داروپەردووی ئەم شکستە عەرەبییە، دەبوایە کەسی فەلەستینی بە فەلەستینیبوونی خۆی وریا بوایەتەوە و خۆی مشووری خۆی بخواردایە. بەڵام ئێستا بەوریا دێمەوە کە کۆمەڵە شیعرییەکەی دووەمم بە ناوی "عاشقێک لە فەلەستینەوە" بوو، ناشزانم لە کوێوە ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر فەلەستینیبوون لە لام پەیدا بووبوو، بەتایبەتی وەکو پێشم وتیت ئێمە وا سەیری خۆمان دەکرد، وەکو ئەوەی ئیسرائیلییەکان سەیریان دەکردین، واتە وەکو عەرەب.

Scanned with CamScanner

بنووسە من عەرەبم

- **"بنووســـە من عەرەبم" یەکێکە لە دیارترین قەســـیدەکانی ســـەرەتات و بەناوبانگترینیان. هەندێک هەن دەڵێن کە تۆ ئێســـتا ئەم قەســـیدەیەی خۆت خۆش ناوێ و خۆزگەت دەخواست نەتنووسیبایە؟**
- **ئەمە وا نییە. کێشـــەی من لەگەڵ قەســـیدەکەدا نییە، بەڵکو** لەگەڵ خوێنەردایە. واتە مانا ســیاســی و ســیمبوڵیکەکەی بار نییە بەســەرمەوە، بەڵام کێشــەی من لەگەڵ ئەو خوێنەرەدایە کە وا مامەڵە لەگەڵ ئەو قەســـیدەیەدا دەکات، وەک ئەوەی شـوناسـی شـیعریی من بێت، واتە مەحموود دەروێش بە لای خوێنەرانێکەوە بە تەنیا بریتی بێت لە "بنووسە من عەرەبم" و هەر بەوەش بمناسنەوە. وا من بە ڕاشکاوی بەسەرهاتی ئەم قەســـیدەیەت بۆ دەگێڕمەوە تا لە ڕەوتگە (ســـیاق)ی خۆیدا داینێیت. چووم بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ دەرکردنی ناسـنامەی باری شـارسـتانی، یان تازەکردنەوەی، بەتەواوی بیرم نایەت، فۆرمێـک هەبوو دەبوایە کـارمەنـدێـک پڕی بکردایەتەوە و کۆمەڵێک زانیاریی تیا بنووســـێت، کە پەیوەندییان بە منەوە هەیە: شوێن و جێی نیشتەجێبوونم و...هتد. تا گەیشت بەوەی کارمەندەکە لێی پرســـیم: ســـەر بە چ نەتەوەیەکیت؟ منیش وەڵامم دایەوە: عەرەب. دیســـانەوە پرســـیارەکەی دووبارە کـردەوە، وەک ئەوەی لە شـــێـوەی گـوتـنەکەی و لە دووبـارەکردنەوەیـدا جۆرێـک لە نکووڵیلێکردن هەبێـت. گفتوگۆکەی نێوانمـان بە عیبری بوو و منیش دیســـانەوە دووبارەم کردەوە "بنووســـە من عەرەبم". لای کارمەندەکە چوومە دەرێ و بە ڕیتمی قســەکە ســەرســام بووم. ئیتر لە مێشکی خۆمدا کردم بە شـیعر، بەرلەوەی لەسـەر پارچەیەک

Scanned with CamScanner

کاغەز بینووسـمەوە، لەو پاسـەدا کە پێی دەچوومەوە بۆ مـاڵەوە. بونیـادی شـیعرەکەش لە فۆرمەکە دەچوو؛ واتە سیفەتەکانی خۆم و ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە خۆمەوە هەیە. بەڵام قژم زەرد نەبوو لە شـیعرەکەدا، بەڵکو ڕەش بوو و ناولەپیشـم وەکو بەرد ڕەق بوو. هەروەها لە شـیعرەکەدا هەشـت منـاڵم هەبوو، وەکو کـاردانەوەیەک بەرامبەر بە کارمەندەکە؛ بەو پێیەی بریتییە لە ئەقڵییەتی ئیسـرائیلی، کە زۆریی منـاڵەکانمان دەبێتە مایەی تووڕەبوونیان. ئیتر هەموو ئەو شتانەم ئاخنییە ناو شیعرەکەوە، کە ئەقڵییەتی ئیسرائیلی تووڕە دەکەن و کارتی ناسـنامەکەم فراوانتر کرد، تا ببێتە ناسـنامەی دەسـتەجەمعیم. هەموو ئەمانە بە شـێوەیەکی عەفەوی و سـەرنجی خێرا لە لام دروسـت بوون. وەکو ڕاگوزەرێکیش نووسیم، نەک وەکو پرۆژەی قەسیدەیەک.

- بە سەروا نووسیت؟

- چەند کێش و سـەروایەک. بەڵام بە لامەوە گرنگ نەبوو ببێت بە قەسـیدە، دەمویسـت هاوارێکی بەگژداچوونەوە بێت. ئەو پارچە کاغەزەم خسـتە لاوە و زۆر بایەخم پێ نەدا. تا ئەوە بوو لە ناسرە فێستیڤاڵێکی شیعری ساز کرا و قەرار بوو بە شـیعرێک بەشـداری بکەم. چووم و شـیعرێکم خوێندەوە، چونکە بەتەمەنیش بچووک بووم، وەک چۆن ئەمڕۆ دەڵێن وا ئەستێرەیەکی نوێ خەریکە هەڵدەکشێت، ئەوساش دەیانوت وا شـاعیرێکی نوێ هەڵدەکشـێت و شـتێک دەڵێت. جاری وا بوو بە شۆرتێکەوە دەچوومە سەر شانۆکە. هیچ پەیوەندییەک لەنێوان شـێوەی خۆم و دەقەکەمدا نەبوو. خەڵکەکە داوای شـیعرێکی تریـان لێ کردم، منیش پێم نەبوو. بەڵام دەقی "بنووسـە من عەرەبم" لە گیرفـانمـدا بوو، دەرمهێنـا و خوێنـدمەوە. ئەوەی ڕووی دا چـاوەڕوانێکراو بوو، وەک

Scanned with CamScanner

ئەوەی کەشـــەکە کارەباوی بووبێت. جەماوەرەکە ســـێ جار داوایـــان لێ کردم شـــیعرەکە بخوێنمەوە. دیـــار بوو من گوزارشـــتم لە شـــتێکی چەپێنراوی زۆر ســـادە دەکرد، کە نەتوانراوە گوزارشتی لێ بکرێ.

- ئەو هەســـتە خۆڕســـکەی خۆت بووە کاتێ شـــیعرەکەت نووسیوە؟

- بێگومان. بەڵام بە ڕاشـــکاوی پێت بڵێم، کێ دەتوانێ بڵێ کە ئەو قەسیدەیە خەمی خەڵک بووە و هیی خۆم نەبووە؟ ئەوان پێیان وتم ئەوە شیعرە، ئەگینا من ناوم نابوو دەق، بەرلەوەی چەمکی دەق بڵاوبێتەوە. لەو ڕۆژەوە و بۆ هەر کوێیەک دەچم، ئەم مەســـەلەیە دەوروووژێنرێتەوە و داوام لێ دەکرێ ئەم شیعرە بخوێنمەوە. ئیتر ئەوە پشتگوێ دەخرێ کە من بە ئەزموونێکی نوێدا تێپەڕیوم، بە "چۆلەکەکان لە جەلیل دەمرن" و "نەرمەبارانی پایزێکی دوور"دەست پێ دەکات.

- واتە ڕستەی لێدەر نا، بەڵکو دەقێکی کارلەسەرکراو؟

- واتە گەڕان بەدوای شیعردا، بەڵام ئەو شیعرە هەمیشە لەمپەر بووە.

- واتە هەمیشە بەدواتەوە بووە؟

- بەڵێ. لێرە لە بەیروت و لە وڵاتانی عەرەب. دەترســـام ببێتە ڕێگرێک و نەهێڵێت خوێنەر بەداوداچوون بۆ کارەکانی ترم بکات.

- بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شیعرە زۆری بەسەرتەوە هەیە.

- نکوولی لەوە ناکەم، ئەو شـــیعرە بووە هۆی ئەوەی خەڵک بمناســـن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر من خۆم یا شیعرم ببینە یەخسیری ئەو قەسیدەیە.

Scanned with CamScanner

بیری نانەکەی دایکم دەکەم

- قەسیدەیەکی ترت هەیە، ناوبانگی هیچی لە ناوبانگی "بنووسە من عەرەبم" کەمتر نییە، ئەوەیش قەسیدەی "بیری نانەکەی دایکم دەکەم"ە. ئەمەش یەکێکە لەو قەسیدانەی بەردەوام لە کۆڕەکاندا داوات لێ دەکرێ بیخوێنیتەوە. تەنانەت بەم دواییە لە ئێوارەکۆڕەکەی بەڵەمەند داوێکت بۆ جەماوەرەکە نایەوە، بەوەی سەرەتای قەسیدەکەت خوێندەوە. بەڵام پێدەچێ ئەم قەسیدەیە بارگرانی نەبێت بەسەر شانتەوە؟

- نەخێر، بارگرانی نییە. نهێنیی بڵاوبوونەوەی ئەم قەسیدەیەش ئەوەیە کە کراوە بە گۆرانی. ئەگەر هەر بە شیعری بمابایەتەوە، مامەڵەکردن لەگەڵیدا جیاواز دەبوو.

- بەڵام هەندێ قەسیدەی تریش هەن کە کراون بە گۆرانی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ناوبانگ و پایە لای خەڵک نەبووە بە نسیبیان.

- ئەمە ڕاستە. "بنووسە من عەرەبم" چەند جارێک کراوە بە گۆرانی و تەنانەت بە شێوەی سیمفۆنییش، بەڵام هەر قەسیدەکە لە گۆرانییەکە بایەخی زیاتر بووە. هێز و تینەکەی لە خۆیدا بووە و مەترسیی لەسەر خۆم و بەرەوپێشەوەچوونم دروست کرد، چونکە خەڵک دەیانویست ببمە یەخسیری ئەم ئاووهەوایە. بەڵام کردنی شیعری "دایکم" بە گۆرانی، لە سەرێکی ترەوە خزمەتی شیعرەکەی کردووە. خەڵک بە دیوێکی تری من و دەربڕینی شیعریی من ئاشنا بوون.

- لە دووبارەکردنەوەی هەمان ئاووهەوا و دەربڕیندا کێشەت هەیە؟ شاعیرانێک هەن دەبنە ئەخسیری داواکارییەکانی جەماوەر.

Scanned with CamScanner

- ئەمە کێشەیە. من هەمیشە دەڵێم کەس لە دووبارەکردنەوە ڕزگاری نابێت، ئەگینا هەموو قەسیدەیەک دەبوو بە کارێکی سرووشتاسا. واتە شاعیرانی پەیامبەر خەتێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نادیاردا دەکردەوە. کەس ناتوانێ لە لاساییکردنەوە ڕزگاری بێت، بەتایبەتییش لە سەرەتاکاندا، واتە ئەو کاتانەی هێشتا کەسێتیی شیعریی دروست نەبووە. من هیچ مەترسییەکیش لە لاساییکردنەوەدا نابینم. مەترسیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە شاعیر لاسایی خۆی بکاتەوە. لاساییکردنەوەی شاعیر بۆ خودی خۆی، بەتایبەتییش وەختێ خەریکە پێدەگات، گوزارشتە لە بێدەسەڵاتی، نەک لە بەرزخوازی و گەڕانەوە بۆ دواوە و چەقبەستن. لاساییکردنەوەی ئەوی دی، بریتییە لە پێشکەوتن و بەرزخوازی. هەروەها لاساییکردنەوەی خود کردارێکی هۆشیارانەیە، بەڵام لاساییکردنەوەی ئەوەی دی هەمیشە هۆشیارانە نییە. هەندێ جار خوێندنەوەکانی خۆت دەخەیتە ناو دەقەکەتەوە، بەبێ ئەوەی بەخۆشت بزانیت.
- لێرەدا بە تەنیا شاعیر لەمە بەرپرسیار نییە، ئەو جەماوەرەش بەرپرسیارە کە شاعیرەکە لە یەک پێناسە و یەک چوارچێوەدا حەپس دەکات. ئیتر شاعیرەکەش وا هەست دەکات ئەگەر لەو چوارچێوەیە چووە دەرەوە، ئەوا کۆتایی پێ دێت. واتە ڕێککەوتنێکی خراپ لەنێوان شاعیر و زەوقی گشتیدا هەیە؟
- بەڵام زەوقی گشتی شتێکی کۆتا نییە، ئەوە تۆیت کە زەوقی گشتی دروست دەکەیت، ئەوە شاعیرانن کە زەوقی گشتی دروست دەکەن و پەرەی پێ دەدەن و ڕەوتی دەگۆڕن. تۆ ئەگەر نەتوانیت شتێکی وروژێنەر زیاد بکەیت، تەنانەت لە دەقەکەی خۆتدا، ئەو زەوقە ناگۆڕێت، چونکە زەوقی گشتی بەرەوڕووی

Scanned with CamScanner

هەموو شـــاعیرێک دەبێتەوە. من باســـی خۆم دەکەم، چونکە پەیوەندییەکی تایبەتیم لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆمدا هەیە.

- هەمیشە چاوەڕوانی هەیە؟

- کەواتە ئەوە منم کە جڵەوی ئەو زەوقە دەکەم و ئەرکی سەرشانیشمە بیگۆڕم. بەڵام وەختێ بە شێوەیەکی گشتی قسە لەبارەی گۆڕینی زەوقی گشـتی دەکەین، ڕووبەڕووی دژواری دەبینەوە، چونکە پێویســتی بە بزووتنەوەیەکی شیعریی تەواو هەیە، تا ئەو گۆڕانکارییە لە زەوقدا دروست بکات. لەبەر ئەوە لێرەدا من بە تەنیا باس لە پەیوەندییەکی دیاریکراو دەکەم لەنێوان شـــاعیرێکی دیاریکراو و جەماوەرێکدا، کە خۆم بە شـێوەیەکی ئازاد و خۆڕســکی هەڵیدەبژێرم. لەســەر ئەم شـــاعیرە پێویســتە بەردەوام پێشـنیازی بڕواپێکەر پێشـکەش بە جەماوەرەکەی بکات، کە هێشـتا پەیوەســتە پێوەی و گرێبەســتەکەی نێوانیان هەڵنەوەشـــاوەتەوە. من بەردەوام شـــتی خۆم ئاڕاســتەی جەمـاوەرەکەم دەکەم و پێی دەڵێم ڕێز لەوە دەگرم کە دەیزانیت، بەڵام پێشـنیازی گۆڕینیت بۆ دەکەم، لەبەر ئەوەی وەســـتان چەقبەســـتنە و چەقبەســـتنیش مردنە. منیش لە هۆشیاریم و ڕۆشنبیریم و پرۆژەم و تێگەیشتنمدا بۆ شیعر، گەورە دەبم. بە خوێنەرانم دەڵێم کە ئەمە پســـپۆڕێتیی منە و هیی ئێوە نییە. ئێوەش کار و پیشەی خۆتان هەیە. لەبەر ئەوە ڕێم بدەن کە پێشنیازی شتێکی ترتان بۆ بکەم. بۆیە هەمیشە شـۆککردن پێویستە. لەوانەیە سـەیرت لە ئەزموونی من بێت کە هەر دەقێکم جۆرێک لە شـــۆک لای خوێنەران دروســـت دەکات، لەبەر ئەوەی بە ڕادەیەک لە ڕادەکان لەو شـــتانە لادەدات کە ئەو دەیانزانێ. پاشـــان دەقێکی تر دێ و ئینجا خوێنەر داوای دەقەکەی پێشـووم لێ دەکاتەوە، کە شـۆکی لا

Scanned with CamScanner

دروســـت کردبوو. کەواتە من کار لەســـەر کەڵەکەکردنێک دەکەم، کە بنچینەکەی متمانەیە لەنێوان من و خوێنەرەکانمدا. خوێنەرەکـانیشـــم هەمـان خوێنەر نـابن، بەڵکو دەگۆڕێن. بەردەوام خوێنەر تازەم هەیە، سـەرنجیشـم داوە کە ژمارەی خوێنەرانم لە زیـادبووونـدان، چونکە بژاردە (نوخبە)ش لە جیهانی عەرەبیدا لە زیادبوونداید.

- بە هەرحاڵ، ئەمە وای کردووە ئەم کارانەی دواییت مایەی پەســـەندکردنێکی فراوان بن، ســـەرباری ئەوەی لەســـەر زەمینەیەکی جیاواز خولقاون؟

- ڕەنگە بە لاتەوە سـەیر بێت کە من ئەمڕۆ کارەکانم لە هەموو شـاعیرێکی دی زیاتر بڵاوبوونەتەوە و دەبنەوە. لەبەر ئەوەی بژاردەکە بەرفراوان بووە و خوێنەری (چۆنێتی)یش زیـاد بووە. پاشـــان من بڕوام بە خوێنەرەکانی خۆم هێناوە، کە لە جەوهەردا نەگۆڕاوم. بەڵام بەرزخوازییەکی شـــیعریی بەردەوامم هەیە. بۆیە دەڵێم کە دەسـکەوتی گەورە لە ڕێتم و پێکهـاتەکـانمـدا نییە، بەڵکو لە توانـامـدایە بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ خوێنەری تازە و جیاوازدا. پێویســـتە لە گەشـــت و بەرزخوازییە شـیعرییەکەشـمدا هاوەڵیی ئەم خوێنەرەم بکەم. بە جۆرێک کە ئەویش خەریکە داوای پێشـــکەوتن و گۆڕانی بەردەوامم لێ دەکات، کەواتە خوێنەری "بنووسە من عەرەبم" هەمان خوێنەری "دیواربەند" نییە و بووە بە خوێنەرێکی تر.

- بەڵام خوێنەری یەکەم هێشتا هەر ماوە؟

- بێگومان. من کاتێ باسـی خوێنەرم دەکەم، باسـی کەسـێک ناکەم، کۆمەڵێک کەس هەن کە گۆڕاون، کەســـانێک هەن لە شـــەمەندەفەرەکە دابەزیون و کەســـانێکی تریش هەن لە وێستگەی یەکەم سەرکەوتوون. هەشن لە وێستگەی دووەم و سێیەم و...هتد.

Scanned with CamScanner

بایەخپێدان

- لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بوویت بە شاعیرێکی ناسراو لە جیهانی عەرەبیدا و لەو کاتەوە بایەخپێدان و ددانناێ بە تۆدا ڕوو لە زیادبوونە. حەز دەکەم بزانم ئاخۆ کەی دایک و باوک و کەسوکارت بە چاوی بایەخەوە سەیریان کردی؟ چونکە هەندێ جار ڕێدەکەوێ لەسەر ئاستێکی فراوان جێبایەخ بین، بەڵام لای خێزان و کەسوکارمان جێبایەخ نەبین. کەی هەستت کرد گرنگیت و لای کەسوکارەکەت جێبایەخیت؟

- کاتێ زیندانی کرام. کەسوکارەکەم دەیانزانی شیعر دەنووسم و لە ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەم، بەڵام کە چوومە زیندان، ئینجا هەستیان بەوە کرد ئەو کارەی دەیکەم کاریگەرە. کاتێکیش خرامە ژێر مانەوەی بەزۆرەوە، وەک کەسێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم کە سەنگینیی خۆی هەیە. دواتریش کە لە ڕادیۆوە گوێیان لە شیعرەکانم دەگرت، هەستیان کرد بە جۆرێک لە جۆرەکان کەسێتییەکی گرنگم. وا بزانم لەو کاتانەوە بایەخیان پێ دام. بەڵام مەرج نییە ئەوە دەربڕن.

- ئاخۆ هیچ کێشەیەکیان هەبوو سەبارەت بەوەی تۆ شیوعی بوویت و ئەوانیش باکگراوەندێکی کولتووری و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان هەبوو؟

- هەرگیز. وشەی شیوعی مانایەکی ئایدیۆلۆجیی نەبوو، بەڵکو مانایەکی خەباتگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەی هەبوو.

- وا هەست دەکەم ئێمە زانیارییەکی ئەوتۆمان سەبارەت بە خوێندنی تۆ نییە.

- من خوێندنی زانکۆییم تەواو نەکردووە. لە قۆناغی ئامادەییدا وەستام. ئەمەش لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەم پێ دان، هەروەها لەبەر ئەوەی باوکم نەیدەتوانی پارەی زۆری

Scanned with CamScanner

خوێندنەکەمان بدات لە قوتابخانەکانی ئیسرائیل. هەر بۆیە دەبوو لەڕێی خوێندنەوەوە خۆم پەروەردە بکەم. پارادۆکسەکە لەوەدایە من دواتر چوومە زانکۆ بۆ وتنەوەی وانە، بەڵام وەکو خوێندکار نەچووم.

- بێگومان دایکت ئەو شیعرەتی خوێندووەتەوە "بیری نانەکەی دایکم دەکەم"، یان بیستوویەتی. بەڵام نازانین ئاخۆ دەبێ کاردانەوەی چۆن بووبێت؟

- من خۆیشم نازانم.

- ئەی لێت نەپرسیوە؟

- هەرگیز. وەڵام ناداتەوە. بەڵام جارێکیان خوشکەکانم وتیان کە شتێکی بۆ دەنووسم، پێی خۆشە، بەتایبەتییش کە ناوی دەهێنم، وەکو شیعری "ڕێزماییەکانی حوریە" . پەیوەندیی خوشکەکانم لەگەڵ دایکمدا جیاوازە لە پەیوەندیی ئێمەی کوڕ. ئەوان بە ناوی خۆیەوە بانگی دەکەن، ڕەسمییات نییە لەنێوانیاندا. پێیان وتم کە ئەوەی پێ خۆشە، بەڵام لە بەردەمی خۆمدا دەرینابڕێت.

- هەست دەکات دوای ئەوەی تۆ ئەو شیعرەت بۆی نووسیوە، بووە بە دایکێکی تایبەت؟

- نازانم هەستی چۆنە، گەرچی ئەو زمانڕەوانە و خوێنشیرینە. بەڵام بە ئاسانی شتەکانی ناو ناخی خۆی دەرنابڕێت.

- غەمگینیت بەوەی گەورە بووە و چووەتە تەمەنەوە؟

- نا. ئەو دوور لە من گەورە بووە و منیش دوور لە ئەو. بیریشت نەچێ نزیکەی سی ساڵ یەکمان نەبینی.

- بە هیچ جۆرێک یەکتان نەبینی؟

- هەر بە تەلەفۆن. یەک جار نەبێت لە قاهیرە بینیم.

- دوای ئەو هەموو دابڕانە، چۆن وەسفی دیمەنی گەڕانەوەت و پێشوازیکردنی دایکت لێت دەکەیت؟

Scanned with CamScanner

- جـاری یەکەم کە گەڕامەوە بۆ بەشـــــداریکردن لە بۆنەی ماتەمینیی "ئەمیل حەبیبی"دا، ویســـتم زۆر بە بیدەنگی خۆم بکەمەوە بە مالّی دایکمدا، بۆیە شـــەو چوومەوە بۆ مالّەوە و بە براکەمم وت بە کەس نەڵێت کە هاتوومەتەوە بۆ مالّەوە. بەڵام لەگەڵ گەیشـــتنم بۆ مـالّەوە و هەر کە دایکم بینیمی، یەکســـەر هەلهەڵەی کێشـــا، وەک ئەوەی بیەوێ بە هەموو شارۆچکەکە بڵێ کە کوڕەکەی هاتووەتەوە.

• گریایت؟

- فرمێسکەکانی خۆمم شاردەوە.

• لە ژیانتدا زۆر جار گریاویت؟

- زۆر. ئێستاش هەندێ جار دەگریم.

• واتە فرمێسک دەڕێژیت، یان دەیشاریتەوە؟

- فرمێسک دەڕێژم.

• ئەو شتانە چین کە دەتگریەنن؟

- زۆر شـــت. بۆ نموونە کاتێ ســـەیری تەلەڤزیۆن دەکەم و دیمەنەکانی ڕاپەڕین دەبینم. هەر بۆ نموونە دیمەنی "محەمەد دورە" گریاندمی، یان لەوانەیە بە لاتەوە ســـەیر بێت گەر پێت بڵێم فیلمە عاتیفییە کۆنەکان دەمگریەنن.

• دوا جار کەی بوو کە گریایت؟

- ڕەنگە پێت سەیر بێت، بەڵام لێرە لە لوبنان، لە ئێوارەکۆڕەکەی بەلەمەنددا گریام. لە کاتی **خوێندنەوەی کۆپلەی "من کە پڕ بووم لە هەموو هۆیەکانی کۆچ/ من هیچ خۆم نیم/ من هیچ خۆم نیم"** و کاتێ گەیشـــتمە دوادێڕ، **چاوەکانم پڕ بوون لە** فرمێســـک و ڕووم وەرگێڕا تا **ئامادەبوان بەو جۆرە نەمبینن.** ئەمە جاری یەکەمم نەبوو لە سەر **سەکۆی خوێندنەوە بگریم.** کاتی خۆی و لە **هەشـــتاکانیشـــدا لە تونس، تووشـــی هەمان** حاڵەت بوومەوە. **هەندێ لە ئامادەبوانی ئەو شـــــەوە دواتر**

Scanned with CamScanner

پێیان وتم که هەر لە سەرەتای چوونە سەر سەکۆی شیعرخوێندنەوەکەوە، سیمام گریاناوی بوو. بەڵام بەکوڵترین گریانم سااڵی ١٩٦٧ بوو.

- سااڵی شکست؟

- لەگەڵ چوونەناوەوەی دایان بۆ قودس، دیمەنەکەم بەهێزتر بینی لەوەی بەرگەی بگرم، بۆیە دەستم بە گریانێکی پڕکوڵ کرد، بە جۆرێک هەستم دەکرد هەموو جەستەم لەگەڵیدا دەلەرێتەوە.

شیعری عیبری

- شاعیرێکی ئەمەریکی هەیە، تۆ و شاعیرێکی جوولەکە (ئیهودی مینوحین)ی وەکو دوو شاعیری ئاشتی هەڵبژاردووە. پەیوەندیت لەگەڵ شیعری جوولەکەدا چۆن وەسف دەکەیت؟

- مەبەستت لە ئاشتی چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە ئەو شاعیرە ئەمەریکییە قەسیدەیەکی تۆ و قەسیدەیەکی ئەو شاعیرە جوولەکەیەی هێناوە و بەرامبەر یەک دایناون، کە چۆن هەریەکەتان لە گۆشەنیگای خۆیەوە تاسەی خۆی بۆ ئاشتی و ئازادی و پەیوەندیی بۆ خاک دەردەبڕن.

- بەڵێ. پەیوەندیم لەگەڵ شیعری عیبریدا لەو کاتانەوە دەست پێ دەکات کە لە کتێبەکانی بەرنامەی خوێندندا دەمانخوێند. بەڵام من حەزم لەو شیعرە نەبوو. پەیوەندیم پێیەوە پەیوەندییەکی لاپرەسەنانە بوو. بۆ نموونە حەزم لە تەورات بوو. لەبەر ئەوەی ئەو شیعرییەتەی لەودا بینیمەوە، لە

Scanned with CamScanner

شـیعرەکانی شـاعیرێکی ئیسـرائیلیی ناسـیونالیسـتی وەکو بیالیکدا نەمبینییەوە. حەزم لە شـیعری ئەم شـاعیرە نەکرد، لەبەر ئەوەی ڕۆحی ناسیونالیستانەی تۆندی دەچێتە سەروو تەحەموولی کەسێکی وەکو منەوە. ئەو گۆرانی بۆ شـوێن و بۆ فەلەسـتین دەڵێت و سـۆزی بۆی دەجووڵێت، بە جۆرێک هیچ شتێک بۆ من نامێنێتەوە لە شوێندا.

- لە بنەڕەتـدا پەیوەنـدییەکی پچڕاوت هەیە لەگەڵ ئەم جۆرە شیعرانەدا؟

- تەواو وایە. زمانی بیالیک دەسـت بەسـەر شـوێنەکەی منداە دەگرێت و منیش بەو هەموو خۆشـەویسـتی و سـۆزەوە بۆ خاک، هەر لە سـەرەتاوە جۆرێک لە دیوار هەیە، لە ڕووی دەروونییەوە هەمیشە دژی کوناوەرکردنی ئەم دیوارە بووم. بیالیک شاعیرێکی بێپەردە و ڕوونە و لە ڕووی ئێستاتیکییەوە سەرت لێ ناشێوێنێت. ئەوەی سەرنجی منی بە لای شیعری عیبریدا ڕاکێشـا دوای قوتابخانە، ئەو شـاعیرە بوو کە ناوت هێنا؛ مینوحین، بەڕاستی شاعیرێکی گەورەیە.

- بەم دواییە کە مرد، بۆی غەمبار بوویت؟

- ئەفسـووسـم بۆ خوارد. من پەیوەندیم لەگەڵیدا نەبوو. بە هەمووی دوو جار بە سـەرپێیی بینیومە. شـیک و بەنەزاکەت بوو. جاری دووەم لە نیویۆرک بینم، هەر تەوقەیەکمان کرد، بەڵام من هەموو ئەو داوەتنـامـانەم ڕەت دەکردەوە کە لە بۆنەکەدا ئەو یان شـاعیرانی تری عیبری بەشـداریان دەکرد. لەڕێی هەندێ هاوڕێشـەوە هەوڵی دا قەناعەتم پێ بهێنن تا بەشـداری بکەم، بەڵام بە لای منەوە ئەمە هۆکارێکی زیاتر بوو بۆ ڕەتکردنەوەی.

- ئەی پەیوەندیی شـیعریت لەگەڵ ئەودا چۆنە؟ چونکە ئەو لە زۆر ڕووەوە ڕوخساری هەمبەری تۆیە لە بەرەکەی ئەولا.

Scanned with CamScanner

- مینوحین شـــاعیرێکی کارامەیە لە شـــاردنەوەی هەســـتی ئـایـدیۆلۆجیی خۆیـدا. ئەو دەیەوێ شـــتی ڕۆژانە و پەراوێزخراو و مرۆیی لەبری ئەفســـانەی یەهودی بخـاتە شـیعرەکانیەوە. بەم پێیە، شـیعری ئەو پێشـنیازی گۆڕانکاریی شـیعری دەکات لە تەوراتدا. ئەو وای پێ خۆشـە گەشـتیاران سەیری کابرایەکی ئاسایی بکەن کە سەبەتەیەک سەوزەی بە دەستەوەیە، نەک سەیری ئاسەواری کۆنی ڕۆمان بکەن، واتە ڕۆشـنایی خسـتنە سـەر ئینسـان، کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا هەر شـــاعیرێکی ئایدیۆلۆجییە. خاڵی هاوبەشـــی نێوان من و ئەو ئەوەیە، کە کێبڕکێ لەگەڵ یەکدا دەکەین، واتە زمانەکەی من و زمانەکەی ئەو لەسەر هەمان شوێن کێبڕکێ دەکەن. ئەو بە زمانی خۆی، خۆی بە خاوەنی شـــوێن دەزانێ و منیش بە زمـانی خۆم. لە کـاتێکیشـــدا خەریکی هەڵکۆڵینین، هەڵکۆڵینەکانمان هەندێ جار پێکدەگەن، لەبەر ئەوەی دواجار هەردووکمان لەســـەر هەمان شـــوێن ململانێ دەکەین. من هەمیشـــە وتوومە، خۆزگە دەخوازم شـــەڕەکانمان، شـــەڕی زمان و شـەڕی شـیعری بێت و ململانێ بێت لەسـەر ئەوەی کێ جوانیی زیـاتر شـــک دەبـات. من بـەردەوام حەزم لەم ململانێ بێمەبەســـتە بووە لەنێوانماندا. ئێمە هەمیشـــە لەو جیابوونەوەیەدا بەیەک گەیشـتووین، یان لەو بەیەکگەیشـتنەدا لەیەک جیابووینەتەوە. بەڵام هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو شـاعیرێکی گەورەیە. ئەو گرنگترین شـاعیری ئەدەبی عیبریی نوێیە.
- لە قەســـیدەی "زســـتانە دریژەکەی ڕیتا"، دیوانی "یانزدە هەســـارە"دا، بە ڕیتـا دەڵێیـت "ڕیتـا ڕێنوێن ون بووە/ خۆشـەویسـتییش وەکو مەرگ وادەیەکە، نە وەڵام ئەداتەوە و نە لەناو ئەچێ" ئینجا باسی "نەفرەتی ئەو خۆشەویستییەی بە

Scanned with CamScanner

ئـاوێنه گەمـارۆ دراوەکـی بۆ دەکەیـت. ئـاخۆ ڕاڤەی ئەو غەزەلانەی بۆ ڕیتات نووسیون، گەمارۆیان داویت؟

- لەوە دەترسـم خۆشـەویسـتییش بە شـێوەیەکی گشـتی بۆ بابەتێکی دەرەوەی خۆی لێکبدرێتەوە. لە کاتێکدا شـیعری خۆشـەویستی لای من بەرجەستەکەری ئەو ڕەهەندە مرۆییە خودییەیە، کە نیمچە تاقانەیەکە بۆ گوزارشـتکردن لێی، لە ناوجەرگەی ئەو سـیفەتانەی دراونەتە پاڵی. بەڵام من ناتوانم خۆم ڕزگار بکەم لە گوشـاری مێژوو لەسـەر هەسـت و سۆزەکان و شوناس. دەشمەوێ وریا بم ژن نەکەم بە بابەت لە لام، چونکە من وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکەم، گفتوگۆیەکی شـیعریی ئینسـانیی هاوسـەنگیشی لەگەڵدا ساز دەکەم، گفتوگۆی نێوان دوو بوونەوەری مرۆیی. بەداخەوە لەناو ڕیتادا کۆمەڵێک ژن چوون بەناو یەکدا و وەکو جۆرێک لە جفرەی لێ هاتووە. بۆیە بە تەواوەتی وازم لەوە هێنا لەبارەیەوە بنووسـم تا ئەمیش نەبێت بە "بنووسـە من عەرەبم"یکی عاتیفی.

- لە "من یوسـفم بابە"، دیوانی "گوڵەباخی کەمتر"دا، دەڵێیت "براکانم منیان خۆش ناوێ" جۆرێک لە هەڵەتێگەیشـتن هەیە سەبارەت بەم برایانە، ئاخۆ دەتوانیت پێمان بڵێیت ئەو برایانە کێن؟

- ئەمە تاقە پرسـیارە، کە نامەوێ وەڵامی بدەمەوە، چونکە هەڵوێسـتێکی ناخۆش هەم بۆ براکانم و هەم بۆ خۆشـم دروسـت دەکات. بەڵام بێگومان مەبەسـتم لە براکانی ناو خێزانەکەم نییە.

- وا بزانم ئەمە وەڵامێکە.

- ڕەنگە.

Scanned with CamScanner

- هاوڕێیەتیت لەگەڵ یاسر عەرەفاتدا هەبووە. ئاخۆ نەترساویت لەوەی ناوت بە ناوی ئەوەوە ببەستنەوە؟
- نازانم. شاعیر ناتوانێ بڵێت من هاوڕێی ئەو سەرکردە، یان فەڵانە فەرمانڕەوا بووم، لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکان ناهاوسەنگن. بەڵام هەڵسوکەوتم لەگەڵ یاسر عەرەفاتدا گەلێ ڕەهەندی مرۆیی تیا بووە. ئەوەندەش بەنەزاکەت بووە لەگەڵمدا، کە بیرم چووەتەوە بەامبەر بە سەرکردەیەکم، بگرە هەستم کردووە بەرامبەر بە ئینسانێکم.
- هەندێ لە نیازخراپان دەڵێن "ستایشی سێبەری باڵا"ت بۆ ئەو نووسیوە؟
- نەخێر وا نییە.
- ئەی کەواتە سێبەری کێیە؟
- هیی شەڕقان و جەنگاوەرەکانە. ئەمەش لە قەسیدەکەدا ڕوونە.

کاریگەریی جیاواز

- ئاخۆ بە قوولی کەوتوویتەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانێکی خۆرئاواییەوە؟ واتە هیچ شاعیرێکی خۆرئاوایی هەیە کە بە سەرچاوەیەکی لەقەڵەم بدەیت بۆ خۆت؟
- بێگومان. بەبێ زانینی سەرچاوەکانی شیعرم، زەحمەتە لە شیعرەکانم تێبگەیت. ئەو شاعیرەی کە لە تافی لاویمدا زۆر کاری تێکردم "لۆرکا" بوو. لەوەوە فێری گۆڕینی وەزیفەی هەستەکان بووم لە زماندا، فێری شەفافییەت بووم لە دەربڕیندا؛ واتە چۆن شتێکی قورس و ماتەری، زۆر سووکەڵە بکەیت، هێندەی سووکەڵەیی پەپوولە. لۆرکا منی بردە ناو

Scanned with CamScanner

دنیای پەپوولەکانەوە؛ چۆن دەریا دەبێت بە پەپوولە، چۆن دارستان دەبێت بە پەپوولە، کورسی دەبێت بە پەپوولە، لۆرکا شـــاعیری ئاویی پلە یەکە. شـــاعیرێکی تر پابلۆ نیرۆدایە کە گرتنەبەری رێگە سەختەکانی فێر کردم. ئەو ئەدگارە لیریکییە بـالاڕۆیە لە گەشـــتی گەورەدا، بە رێی داســـتانەکـانـدا، سەرکەوتنی هەورازەکان و چیاکان و توخمەکان.

- لۆرکا یەکێکە لەو شـــاعیرانەی کە وێنەی کەســـێتیی خۆیان زۆر نووســاوە بە شـیعریانەوە، واتە ژیان و وێنەی کەسـیی خۆی دوو دەرگای ترن بۆ خوێندنەوەی شـــیعرەکانی. ئاخۆ تۆ ئەمەش هەر لەوەوە فێر بوویت؟ واتە تۆش ویســـتووتە وێنەی شیعریت لە وێنەی خۆت بچێت؟

- من نەکەوتوومەتە ژێر کـاریگەریی کەســـێتیی لۆرکـاوە، تـا درەنگانێکیش کە دەســـتم بە خوێندنەوەی ژیاننامەکان کرد و کەوتمە ژێر ئەفسـوونیانەوە، لەوانەش ژیاننامەی لۆرکا. بەڵام ئەم هاوکێشـــەیە، واتە وێنە و دەق، لەو شـــتانە نەبووە کە لە لۆرکاوە فێری بم. وەکو پێم وتیت، شـیعری ئەو فێری ئەوەی کردم کە ترپەیەکی ناوەکی هەیە لە شـــیعردا، شـــتەکان بۆ ســـووکەڵەییەکی ڕەها دەگۆڕێت. پاشـــان لە نیرۆداوە فێری هێزی شـــێوە بووم. هەروەهـا ئەوەش کە هەڵچوونەکـانی شاعیر سنووورێکیان نییە. ئەمەش شتێکە لای لۆرکا نییە.

- لە سەرەتای گفتوگۆکەماندا باسی نازم حیکمەتت کرد؟

- شـــتە ئینســـانییەکانی نازم حیکمەت منیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشـــاوە، بەڵام زوو لام نەمـا، ڕەنگە هۆکـارەکەش ئەوە بووبێت کە بوو بە مۆد. بەڵام ئێستا دووبارە گەڕاومەتەوە بۆ لای و بۆم دەرکەوت کە شـیعری نازم حیکمەت، زۆر گرنگتر و گەورەترە لەو وێنەیەی کە لە شیعری عەرەبیدا هەیەتی.

- ئەی تی. ئێس. ئیلیەت؟

Scanned with CamScanner

- لەنێو شـاعیرە ئینگلیزەکاندا بە شـێوەیەکی تایبەتی بە ئیلیەت سەرسامم. هەوڵم دا لە ڕووی عاتیفییەوە لە ئۆدن نزیکتر بم، خۆم فێری خۆشەویستیی ئەو بکەم، لەبەر ئەوەی ئۆدن چەپە و ئیلیەت ڕاســـت، یان موحافەزەکارە. کەچی دواجار مەیلم هەر بە لای ئیلیەتدا چوو.

• لە دەقەکانی ئەودا چی سەرسامی کردوویت؟

- ئیلیەت ســـیســـتمێکی شـــیعریی کاملە. لەوەوە فێری ئەو پەیوەندییە دانسـقەیەی نێوان پەخشـان و شـیعر بووم، واتە چۆن شـــیعر دەگۆڕێ بۆ پەخشـــانی ژیان. هەروەها ئیلیەت خـاوەنی ئەو پرۆژەیەیە کە دەکرێ لە تیۆرییە ئـاڵۆزەکەیـدا ســـەبارەت بە هاوکێشـــەی بابەتی (یان مەوزووعی) چڕی بکەینەوە. واتە کاتێ شتێکی بابەتی دەبێت، ڕووداوێک، ڕادەی هەڵچوونی هەسـت و سـۆزەکان کەم دەکاتەوە. بەگشـتی، تا ئێستا ڕەخنە شیکردنەوەیەکی تەواوی بۆ ئەمە نەکردووە.

• هەســـتێـک هەیە بەوەی ئیلیەت بۆ خوێنەری عەرەب و تـازەگەریی عەرەبی، چەنـد دەرگـای لەســـەر تـازەگەری کردووەتەوە، ئەوەندەش دەرگای لەســـەر داخســـتووە. بە واتایەکی تر، بەشێکی زۆری تازەگەریی عەرەبی لە سنووری "وێرانەخاک"دا ڕاوەستا.

- گەلێ هەڵسـەنگاندن و ئامار هەن کە ئیلیەت بە یەکێک لە بەرزترین باڵاکانی شـــیعر لە قەڵەم دەدەن، لەم ســـەردەمە نوێیە ماندا. وەکو پێم وتیت کێشـــەکە لە وەرگرتن (تلقي) و خوێندنەوەدایە. بۆ نموونە، ئێمە ناتوانین داوا لە ئیلیەت بکەین تا ئەو ڕادەیە مەزن نەبێت.

• هەســـت دەکەیت تۆش کۆمەڵێک دەرگات داخســـتووە، یان کردووتنەتەوە؟

Scanned with CamScanner

- من نەمتوانیوە لە شـــیعری عەرەبیدا ئەوە بکەم کە ئیلیەت کردوویەتی، لافێکی لەم جۆرە لێنادەم.

• ئیزرا پاوەندت خوێندووەتەوە؟

- خوێندوومەتەوە و بەدەست خوێندنەوەشیەوە ماندوو بووم. پاوەند وەک پرۆژەی شیعری و تیۆریی شیعری، گرنگترە لە بەرهەمە شـــیعرییەکانی. ئەم تیۆرییەش لە ســـروودەکانیدا دەردەکەوێ. تێزە کولتووری و شـــیعرییەکانی پاوەند لە بەرهەمە شیعرییەکانی زۆر گەورەترن.

پەخشانەشیعر

• سەبارەت بە پەخشانەشیعر، نەچوویتەتە ناو مشتومڕەوە؟

- نابێ کاری وا بکەم. پێشـــتر کەســـانێک منیان بەوە تاوانبار کردووە کە دژایەتیی پەخشـانەشـیعر دەکەم، بەڵام تاقە بەڵگە بۆ ئەو "دوژمنایەتییە"ی من ئەوەیە، کە پەخشـــانەشـــیعرم نەنووســـیوە. بە لای منەوە گرنگترین دیاردەی شـــیعری و گرنگترین پێداتێپەڕینی شـیعری لە جیهانی عەرەبدا بریتییە لە پەخشـانەشـیعر. بەڵام بەو خێراییەی پەخشـانەشـیعر هاتە نـاوەوە، بە هەمـان خـێـرایـی دووچـاری قەیـران بـوو. پەخشانەشیعر وەکو داهێنان کێشە نییە، بەڵکو کێشەکە ڕەنگە لەوەدا بێت کە پەخشانەشیعر نەیتوانیوە سیستمی تایبەت بە خۆی بخولقێنێت.

• بەڵام پەخشانەشیعر خۆی لە خۆیدا دژی سیستمە؟

- دژەسـیسـتمیش سـیسـتمی خۆی هەیە. نە نووسـینێک و نە مۆسیقایەک هەیە بەبێ سیستم. سیستمیش تێگەیشتنی گشتی دیاری ناکات، بەڵکو هەر شنـــاعیرە خۆی دیاریی دەکات.

Scanned with CamScanner

کێشەی دووەم لە پەخشانە شیعردا پرسیارکردن نییە لەوەی داهێنانە، یان نا. لەو بڕوایەدام دەمێکە ئەم پرسیارە وەڵام دراوەتەوە، بەڵکو لە دەمارگیریدایەتی. پەخشانەشیعر هەندێ جار زیادەڕەوی دەکات لە ڕەتکردنەوەی هەر شتێکی غەیری خۆی. ئەوەی پەخشان نەبێت، بە شیعری دانانێت. ئەوەی پەخشان نەبێت بە تازەگەریی دانانێت. واتە دەرگای لەسەر بژارەکانی تر داخستووە. واش لە ڕیتم گەیشتووە کە هەر دەبێ لە ناوەوە بێت. ئەمە مەسەلەیەکە ئارگیومێنت هەڵدەگرێت، چونکە تەنانەت ڕیتمی ناوەوەش دەکرێ لە کێشەوە بێت، بۆ نا؟ ڕیتم ڕاستە و ڕێسا نییە، بەڵکو شێوازی هەناسەدانی شاعیرە. بۆ نموونە بڕوانە موعەللەقەکەی ئیمرۆئولقەیس، کە بە یەک کێش نووسراوە، بەحری درێژ، ئەم کێشە ڕیتمی زۆری تیایە، لەگەڵ نەفەسی شاعیر و دەربڕینیدا دەگۆڕێت. کەواتە ئیتر بۆچی بەو ڕادەیە دوژمنایەتیی کێش بکەین؟ کێش ئامرازێکی پێوانەیە و هیچی تر، ڕیتمیش دەشێ لە کێشەوە پەیدا بێت. لەبەر ئەوە ڕەتکردنەوەی ڕەهای پەخشانەشیعر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیتمی، لە کێشەوە پەیدابوو، یان بە کێش پێوراوە، زیادەڕەویە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە من پەخشانەشیعرم خۆش ناوێ. ئەگەر ئاماژەکیش بکەین، لە شیعری مندا ئەمە ئامادەبوونی زیاترە.

- ئاخۆ لەبەر ئەو هۆکارەی کە باست کرد، پەخشانەشیعر جۆرێک لە ڕووبەڕووەستانەوەی بەسەردا سەپاندیت؟ واتە بە هۆی ئەو پێشوازییە زۆرەی لێی کرا، ترسایت لەوەی شیعرت بچێتە دەرەوەی ئەو هاوکێشەیە؟

- نەترسام. بەڵام ناچار بووم لە ڕووی داهێنانەوە بکەومە حاڵەتی بەرگرییەوە. ئەوە پەخشانەشیعر بوو کە دوژمنایەتیی

Scanned with CamScanner

لەگەڵ منداا کرد، یان باشـــتر وایە بڵێم هەندێ لە شـــاعیرانی پەخشانە شیعر هەڵوێستێکی هێرشبەرانەیان لە من وەرگرت. بۆیە چارەســـەرەکە لای من مشـــتومڕ و ڕەخنە نەبوو، بەڵکو داهێنـــان بوو. ئەوەی من هەوڵی بۆ دەدەم نووســـینی پەخشانەشیعرە بە کێش، بۆ ئەوەی بڵێم کێش دەتوانێ هەموو شـــتێک بڵێت. پاشـــان من هەوڵ دەدەم جۆرێک لە ســـازش بخوڵقێنم، کە هیچ قورســـاییەکیش ناخاتە ســـەر ســـیســـتمی شیعریم، چونکە بەبێ سیستم ناتوانم کار بکەم.

- نووسینی پەخشانەشیعر بە لای خۆیدا ڕاینەکێشاویت؟

- چ ســـوودێکم پێ دەگەیەنێت؟ دەتوانم لە قەســـیدەیەکدا هەندێ وشـــە بگۆڕم، ئاخۆ بەوە دەبێت بە پەخشـــانەشـــیعر؟ دەبێت؟ من ئەم پرسیارە لە ئێوە دەکەم.

- لیریکییەتی دەرەکی هەر دەمێنێت؟

- نەخێر. لەگەڵ نەمانی کێشـدا، ئەویش نامێنێت. کاتێ ڕیتم وای لێ دێ نەناســرێتەوە، نابیســترێ. ئیتر کاتێ دەبینیت کێشـدار نییە، دەڵێیت ئەمە پەخشـــانەشـــیعرە. هەشـــە پێی دەڵێین پەخشـــانی کێشـــدار. بۆ نموونە شـــیعری ئەبو عەتاهیە پەخشانێکی کێشداڕە. بە هەرحاڵ، پێشنیازی من ئەوەیە واز لەم مشـــتومڕە بێنین. ئەوەی پێویســـتمان پێیەتی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ ئەم کێشانە، نەک چارەسەری تیۆری.

- بەدوای ئەو گفتوگۆیانەدا چوویت کە ئێســـتا لە میســـر سەبارەت بە پەخشانەشیعر دەکرێن؟

- بەدوایدا نەچووم. وەکو وتیشم دەبێ ئەم مشتومڕانە ڕاگیرێن. من خۆم زۆر زیـاتر چێژ لە ئەزموونی شـــاعیرانی پەخشـانەشـیعر دەبینم، وەک لە ئەزموونی ئەوانەی شـیعری کێشدار دەنووسن. لەو بڕوایەدام تەنانەت پەخشانەشیعریش دەبێ خۆی لە چوارچێوەی نـاوڵێنـان ئـازاد بکـات، واتە لە

Scanned with CamScanner

ڕووتکردنەوەی لە سیفەتی شیعر، بۆ بڵێین پەخشانەشیعر؟ قەسیدە بریتییە لە هێنانەدیی شیعرییەت لە شێوەدا. کەواتە با بە پەخشانەشیعریش هەر بڵێین شیعر. هەروەها من لێرەدا سەرنجێکم هەیە؛ پەخشانەشیعر بە ئاسانی فریو دەدات، چونکە کۆمەڵێک ئەزموون بەرهەم دەهێنێت، کە زیاتر لە ڕاگوزەرەوە نزیکن، بەبێ پەیجۆریی شیعری، یان وێنایەک سەبارەت بە شیعر. ئەم ئەزموونانەش لە ڕووی داهێنانەوە پێویستیان بە بەرگریکردن لە خۆ هەیە.

- وتارت زۆر نووسیوە، بەڵام بە لای تێۆریزەی شیعریدا نەچوویت. ئاخۆ ئەمە هەڵبژاردنی خۆت بووە؟

هەر لە سەرەتاوە ئەمە هەڵبژاردنی هۆشیارانەی خۆم بووە. دەترسم شیعری خۆم لە تێۆریدا زیندانی بکەم. دەترسم تێۆرییەکە بکەوێتە پێش دەقەکەمەوە. تۆ ئەگەر تێۆریست بیت، ئیتر چەند کراوەش بیت لەسەر بژارەکان، بەڵام هەر لایەنی بژارە تێۆرییەکان دەگریت، چونکە ئەگەر لایەنی ئەزموونی تر بگریت، وەکو ئەوە وایە تێۆرییەکەی خۆت وێران بکەیت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیرانێک هەبوون گەورە بوون و لە هەمان کاتدا خەریکی تێۆریزەش بوون، بۆ نموونە شاعیری مەزنی ئیتاڵی مۆنتالیۆ و ئۆدن و ئۆکتاڤیۆ پاز، کە هەست دەکەم تێۆرییەکانی لە شیعرەکانی گرنگتر بن. بە هەرحاڵ، من دژی تێۆریزە نیم، بەڵام خۆم تێۆریزە ناکەم.

Scanned with CamScanner

تەڵەزگە

- لە ئەزموونی داهێنانەتدا کەی هەستت کردووە کە دووچاری تەڵەزگە بوویت و بە هۆی هەندێ وێناکردن، یان داواکاریی شیعرییەوە بە بنبەست گەیشتوویت؟

- کاتێ دوو چاری تەڵەزگە دەبیت، چاکتر وایە نەنووسیت. منیش هەر لە سەرەتاوە لە تەڵەزگەدا دەژیم، بگرە لە تەڵەزگەیەکەوە بۆ تەڵەزگەیەکی دیکە دەچم. من زۆر نائومێد دەبم و هیچ گەرەنتییەکم نییە سەبارەت بە شیعری خۆم.

- ئەم تەڵەزگانە هەندێ جار شیعریان لێ دروست نابێت؟

- دەتوانین بڵێین کە قسەکردن دەربارەی قەیرانی شیعر، بێمانایە، چونکە شیعر خۆی لە قەیرانێکی بەردەوامدایە. هۆشیاریی شاعیریش بەو قەیرانانە یارمەتیی دەدات تێیانبپەڕێنێت. هەموو داهێنانێک قەیرانی خۆی هەیە؛ قەیرانی ئاسۆیەکی گەرەنتینەکراو.

- لە هەندێ قەسیدە خۆت ڕزگار دەکەیت، کە لێیان قایل نییت؟

- زۆریش. بۆ نموونە دیوانی "بۆچی ئەسپەکەت بە تەنیا جێهێشت"، نزیکەی شەست قەسیدە بوو، بەڵام نیوەیم لابرد. من لەگەڵ شیعری خۆمدا دڵڕەقم. نووسینی گرنگتر بە لامەوە ئەوەیە کە پێیداچوومەتەوە. لە نووسینی یەکەمدا جڵەوی قەڵەمم ئازادە، بەڵام کاتێ پێیدا دەچمەوە، بە لامەوە بەچێژترە، چونکە تێیدا بایەخ بە ستراکتۆری قەسیدەکە دەدەم و ڕکێفی ڕیتمەکەی دەکەم. جاری سێیەم دوابژارکردنە و ئەمەش دوای ئەوە دێت کە پیشانی چەند کەسێکی دەدەم، بەتایبەتییش ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە شیعرەوە نییە و خوێنەری ئاسایین، واتە چەند نموونەیەک لە خوێنەری ئاسایی هەڵدەبژێرم.

Scanned with CamScanner

- داوای چی لەو خوێنەرە ئاساییە دەکەیت؟ ڕای ڕەخنەیی؟
- نەخێر. دوای ئەوەی دەقەکەی پیشـــان دەدەم، پێی دەڵێم ئەم دەقە هیچی تری منی بیر خســتوویتەتەوە؟ پێشــتر هیچت لە شـــیعری منـدا خوێندووەتەوە کە لەمە بچێت؟ بۆ نموونە، قەسیدەی "دیواربەند"، بۆ هاوڕێیەکم خوێندەوە، کە پەیوەندیی بە شـیعرەوە نییە. پێێ وتم کە هەسـت دەکات سـێ لاپەرەی یەکەمی قەســیدەکەی پێشــتر لە شــیعری منـدا خوێندبێتەوە، بۆیە یەکســـەر بێ چەندوچوون ئەو ســـێ لاپەڕەیەم لابرد. چونکە ئیتر من خۆیشم هەستم کرد ئەم لاپەڕانە دووبارەن.
- ئەو کاتانەی هەســـت دەکەیت ناتوانیت بنووســـیت، چی دەکەیت؟
- ڕادەوەســـتم و هیچ نانووســـم. جارێکیان لە بەیروت وام بەســەر هات و تا چوار ســاڵ نەمتوانی هیچ بنووسـم. شـیعر وەکو سـێکسـکردن وایە، ناتوانیت کەللەڕەقیی لەگەڵدا بکەیت. زۆرلەخۆکردن و خۆناچارکردن زیانی پێ دەگەیەنێت.
- لەو کاتانەدا کە ناتوانیت شـیعر بنووسـیت، هەسـت دەکەیت وەختێ دەتەوێ قەســیدەیەک بنووســیت، پەنا بۆ هەســت و سۆزەکانی پێشووتر دەبەیتەوە؟
- نەخێر. من کاتێ دەمەوێ قەسـیدەیەکی تازە بنووسـم، دەبێ بە تەواوی لە دەقەکـانی پێشـــووترم دوور کەوتبمەوە. پێویســـتیم بە مەودایەکی زەمەنی و دەرچوون هەیە. بگرە پێویسـتیم بە یاخیبوونی تەواو هەیە لە پرۆژەکانی پێشـووم. پێویســـتیم بەوە هەیە خۆم لە مێژووی خۆم پاک بکەمەوە. بۆیە لەو کاتانەدا زۆر دەخوێنمەوە و پەنا بۆ گەلێ سەرچاوە دەبەم. ئەو کاتانەی "یانزدە هەسـارە"م نووسـی، شـتێکی وام کرد. خوێندنەوەی مێژوویییەکان لە کات و شـوێنەکان نزیکت دەکەنەوە. وات لێ دەکەن هەست بکەیت تیای دەژییت.

Scanned with CamScanner

- دوای ئەوەی سەبارەت بە غەرناتە نووسیت، سەردانیت کرد؟
- دوای نووسینی دەقەکە بە دوو ساڵ، سەردانیم کرد. شوێنەکە چۆن لە خەیاڵمدا نەخشاندبووم، هەر وام بینییەوە، تاقە شتێک کە نەمابوو، ڕێحانەکان بوون. لەوە بترازێ، وام هەست دەکرد بۆ دووەم جارە سەردانی ئەو شوێنە دەکەم.
- لەو کاتانەدا کە ناتوانیت بنووسیت، تووشی حاڵەتی هەڵچوون نابیت، بۆ نموونە لەگەڵ کەسانی تردا بەرکەوتنت نابێت؟
- نەخێر. هەڵچوونەکەم لە ناوەوەی خۆمدا دەمێنێتەوە. بەتایبەتییش ئامۆژگاریی شاعیرانی لاو دەکەم لەو کاتانەدا شیعر نەخوێننەوە، با شتی تر بخوێننەوە، هەر لە جوگرافیاوە تا مێژوو و و سیاسەت و جیۆلۆجیای دەریاکان، چونکە جوانیی شیعر لە دانسقەبوونیدایە، نەک ئەوەی هەمیشە لەبەردەستدا بێت.
- هەست دەکەیت ڕەخنە سوودی بە ئەزموونی شیعریت گەیاندبێت؟
- چاوم لەوەیە سوود لە ڕەخنە ببینم، بەڵام زۆربەی ڕەخنەگرەکانم، یان ستایشکارن، یان هێرشبەر، یاخود نووسەرەوەی ژیننامەم، یانیش ئەوەندەی بایەخیان بە مانا داوە لە شیعرەکانمدا، ئەوەندە بە لای پێکهاتەی شیعریمدا نەچوون. گەرچی لەم ڕووەوە ئومێدێکم بە سوبحی حەدیدی و هەندێ شاعیری تر هەیە.
- ڕۆمان دەخوێنیتەوە؟
- جاران دەمخوێندەوە، بەڵام ئێستا کاتی زۆرم بەدەستەوە نییە. خوێندنەوەی ڕۆمان پێویستی بە کات هەیە تا چێژی لێ ببینیت.

Scanned with CamScanner

- ڕۆمانووسێک هەیە بە سەرچاوەیەکی کاریگەری بزانیت لەسەر شیعرت؟
- نەخێر.
- دەچیت بۆ بینینی نمایشی شانۆیی، یان دەقی شانۆیی دەخوێنیتەوە؟
- هەندێ جار. هەست دەکەم شانۆ تەواو بووە.
- لە جیهاندا؟ ئێمە دەزانین کە لە زۆر جێی جیهاندا بەردەوام جوواڵەی تازەی شانۆیی دروست دەبێت.
- بەڵام لە وڵاتانی عەرەب، نا.
- لە ژیانتدا گەلێ دیوانت بە چاپ گەیاندووە، ئاخۆ لە بڵاوکردنەوەی هیچیان پەشیمان نییت؟ خۆزگە دەخوازیت هەندێکیان لە میژووی شیعریتدا نەبوونایە؟
- با وای دابنێین تا ئێستا هیچ دیوانێکی بڵاونەکراوەم نەبوایە، ئێستا بە تەنها چوار کۆمەڵەکەی ئەم دواییەم لە چاپ دەدان. بگرە هەمووشیانم لە چاپ نەدەدا، لێم هەڵدەبژاردن.

instagram:ktebkhana.pdf

Scanned with CamScanner

چەند وێستگەیەک

- دەتوانیت وێستگەکانی پەرەسەندنی شیعریی خۆت دیاری بکەیت؟

- وێستگەی یەکەم کاتێ بوو کە "چۆلەکەکان لە جەلیل دەمرن"م نووسی، بە دابڕانێکم لەقەڵەم دا لەگەڵ کاری پێشوومدا. وێستگەی دووەم لێرە بوو، لە بەیروت، بە کاری "خۆکوشتنی عاشقێک"، بەڵام بە هۆی شەڕ و دۆخی دەروونیی پڕگوشارەوە، ئەم وێستگەیە لەبارچوو. وێستگەیەکی تر ڕەنگە بە "گوڵەباخی کەمتر" دەست پێ بکات. دوای ئەو، لەسەر مێزوو کارم کرد، سەرەتا بە "ئەوە دەبینم کە دەمەوێ" و "یانزدە هەسارە". پاشان ژێدنامەم هات لە "پێخەفی ژنەنامۆکە" و "بۆچی ئەسپەکەت بە تەنیا جێهێشت؟" و "دیواربەند".

- لەسەر ئەم قۆناغی ژیننامەیەت بەردەوام دەبیت؟

- بیر لە بەردەوامبوون دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی گەڕانەوە بۆ ژیانەکانی پێشوو نییە. قەیرانەکانی تاکەکەس دەگۆڕێن و گەڕانەوەیان نییە. دەتوانم بڵێم ئێستا بەدوای شیعری پەتیدا دەگەڕێم، شیعری کریستاڵی. ئەم هەوڵەشم لە "ئەوە دەبینم کە دەمەوێ"وە دەستی پێ کردووە.

- بەیروت کاریگەریی لەسەر شیعرت هەبووە؟

- من کاتی شەڕ لە بەیروت ژیاوم، لەبەر ئەوە ناتوانم بڵێم کاریگەریی هەبووە. بەو مانایەی نەمتوانیوە لێرە، لە بەیروت پرۆژەیەکی بەردەوام ئەنجام بدەم.

- جاری پێشوو پێت وتم کە وەختێ لە سەرەتای لاویدا بوویت، لاسایی موعەللەقەکانت کردووەتەوە، ئاخۆ هێشتا ئارەزووی نووسینی موعەللەقەت لا ماوە؟

Scanned with CamScanner

- ئەوەم لە "دیواربەند"دا نووسی. موعەللەقە ئەوەیە کە بە دیواردا هەڵواسرێ، منیش ئەم قەسیدەیەم نووسی، بەو گریمانەیەی کە دوای ئەوە هیچی تر نانووسم؛ واتە ئەمە گەواهیی شیعریی من و ئاسەواری شیعریمە.

• ئەی وەکو شیعر، بەرەو چ ئاڕاستەیەک دەچیت؟ بەرەو دیواربەندێکی تر؟

- بەرەو شتێکی ساکارتر دەچم، ئەمە بۆ من باشترە، لەبەر ئەوەی ناتوانم لە سەرکەوتندا بەردەوام بم. من هەمیشە شاخەوانێکی باش نیم. دەکرێ مرۆڤ دوای سەرکەوتنی بەسەر شاخێکی بەرزدا، بچێت بۆ پیاسە لە کێڵگەیەک، یان باخچەیەکدا، باخچەیەکی جوان.

• لە نووسین ناوەستیت؟

- کەی هەستم کرد ناتوانم چیی تر بنووسم، بە تەواوی ڕادەوەستم، یان ڕوو دەکەمە پەخشان، هەر بەڕاستی پەرۆشیم بۆ پەخشان هەیە، دەشخوازم لە شیعردا شکست بێنم، تا ڕوو بکەمە پەخشان، لەبەر ئەوەی حەزم لێیەتی و لایانگریم و بگرە هەندێ جار ئەو شیعرییەتەی لەودا دەیبینمەوە، زۆر زیاترە لەو شیعرییەتەی لە شیعر خۆیدا دەیبینمەوە.

سازدانی گفتوگۆ: سامر ئەبو هواش (شاعیرێکی لوبنانی)

Scanned with CamScanner

هەموو شتێکی خەیاڵکراو لە واقیع جوانترە
(گفتوگۆیەکی تر لەگەڵ مەحموود دەروێشدا)

(ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ مەحموود دەروێشدا، کۆتایی نیسانی ٢٠٠٧، ساڵێک بەر لە کۆچی دوایی، لە شوێنی خۆی لە سەکاکینیی ڕامەڵڵا ئەنجام دراوە. گفتوگۆکە لە لایەن غەدیر بەشارە و چەند خوێندکارێکییەوە ساز کراوە، کە بریتی بوون لە: سەعد عەبدوللەتیف، ڕامی ئەلڕەجووب، عەبدوڵڵا محامدە، میشیل فەلاس و محەمەد عەواد).

پ: شیعری ڕاستەقینە ڕەنگدانەوەی بەهرەیە، بەڵام بەتەنها بەهرە بەس نییە بۆ ئەو داهێنانەی خوازیارین. ئەو فاکتەرانە چین کە لە پێکهێنانی ئەم ئەزموونەدا بەشدارن؟

و: کۆمەڵێک فاکتەر هەن، لە دیارترینیان ڕەهەندی ڕۆشنبیری و پەروەردەکردنی بەهرە و باش گوێهەڵخستنە بۆ شوێن و کات و ژیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا. هەموو ئەم فاکتەرانە لەپاڵ چانسدا، ڕەنگە شیعرێکی باش بەرهەم بهێنن.

پ: گەلێ شاعیر هەن چانسیان هەیە، بەڵام ئەو "فەرهەنگە زمانەوانییە"ی تۆ شک نابەن. ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

Scanned with CamScanner

و: لەم حاڵەتەدا، کەواتە ئەوانە ئەو ئامڕازە ڕۆشنبیری و مەعریفییانە شک نابەن کە بۆ داهێنان پێویستن. بە ڕای من هەموو کەسێک بەهرەیەکی تیایە، بەڵام دژوارییەکە لە دۆزینەوەی ئەو بەهرەیەدایە. بۆ نموونە ئێوە بە من دەڵێن شاعیر، بەڵام ڕەنگبوو گەر ڕۆمانم بنووسیایە، باشتر بوومایە. لەبەر ئەوە، گرنگترین شت لە قوتابخانە باسی لێ بکەین، گەڕانە بەدوای بەهرە ڕاستەقینەکەدا.

لەنێوان ڕۆمان و شیعردا

پ: تۆ مێژوویەکت لە شیعردا هەیە، تا ئێستا ڕۆمانت نەنووسیوە. ئاخۆ ڕۆژێک دێ ڕۆمانێکی مەحموود دەروێش بخوێنینەوە؟

و: من لە عاشقانی ڕۆمان و خوێنەرە موعتادەکانیم. زۆر خەونیشم بەوەوە بینیوە کە ببمە ڕۆماننووس، بەڵام لەپڕێکدا هەستم کرد زەمەن خێرا تێپەڕیوە و ئیتر نەمویست گرەو لەسەر پرۆژەیەک بکەم کە دەشێ دۆڕاو بم تێیدا.

پ: ئەو ڕۆماننووسانە کێن کە کاریان دەخوێنیتەوە؟ ئەی ئەو ڕۆمانانەی کە لات پەسەندن؟

و: من کاری زۆر ڕۆماننووس دەخوێنمەوە، نەک ڕۆماننووسێکی دیاریکراو.

پ: ئەی شاعیرێکی پەسەندکراوی خۆت هەیە؟ هەمان شیعری مەحموود دەرویش دەخوێننەوە، ئەی ئەو شیعری کێ دەخوێنیتەوە؟

و: گەلێ شاعیر هەن کە حەز دەکەم شیعریان بخوێنمەوە. شاعیرانێک کە بە درێژایی سەردەمەکان و تا ئەمڕۆ داهێنانیان کردووە. لەوانەیە موتەنەببی دیارترینیان بێت.

Scanned with CamScanner

پ: ئاخۆ لەم بارودۆخە سەختەی ئێستا تیای دەژیین، هەست بە نائومێدی ناکەیت؟ هەست بە ماندووبوون ناکەیت لە نووسینی شیعر؟ بیرت لەوە کردووەتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان واز لە شیعرنووسین بێنیت؟

و: هەر کەسە و بە شێوازی تایبەتیی خۆی سەیری واقیع دەکات. بەڵام گرنگ ئەوەیە بەسەر نائومێدیدا زاڵ بین. سەبارەت بە خۆم، لەڕێی بەرگریی داهێنەرانەی شیعرەوە دەمەوێ بەسەر نائومێدیدا زاڵ بم. ڕەنگە ئەوە باربوویەک بێت، یان وەهمێک بێت، بەڵام من دەتوانم لەڕێی خوڵقاندنی واقیعێکی تری خەیاڵکراوەوە، کە دەبێتە ئاڵتەرناتیڤ بۆ ئەو واقیعەی تیای دەژیین، بەسەر نائومێدیدا زاڵ بم. دەمێک بوو هەستێکی وام لا دروست بووبوو کە واز لە نووسینی شیعر دەهێنم. هەر کە دیوانێکم دەردەچوو، هەستم دەکرد ئەوە دوا دیوانم دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو وزەی خۆم تیا بەکاردەهێنا. بەڵام هەر کە دیوانێکم تەواو دەبێت، ئیتر هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحی و مەعنەوی دەکەم. ئەوەی بنەڕەتییە ئەو خودەیە، کە دەنووسێت. واز لە کۆمەڵگە و واز لە شتەکانی تر بێنە. ئێمە کاتێ باس لە ئەدەب دەکەین، ئەو خودەی دەنووسێت ئامادەیە و هەست بە ماندوویێتی و نائومێدی و حەز بە گۆشەگیری و خەڵوەت دەکات. بەڵام من دوای چاپبوونی هەر دیوانێکم، خودی بنووسم تازە دەبێتەوە. گەرچی گرەوی لەسەر ناکرێ و زامن نییە. دواجار ئەمە ململانێیەکە لەگەڵ پووچیدا.

پ: فەزڵی دۆزینەوەی بەهرەی شیعری لە تۆدا بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟

و: من کە دە ساڵان بووم دەفتەرەکەم بە نووسینی شتی شیعرئاسا پڕ دەکردەوە. هەندێ لە مامۆستاکانم هانیان دام و کتێبیان دامێ، تا پەرە بە توانای شیعرنووسینی خۆم بدەم.

Scanned with CamScanner

مامۆستای باش و گرنگیی هەمەڕەنگی

پ: ئاخۆ دەتوانین بڵێین کە مامۆســـتا بنچینەیە بۆ دۆزینەوەی هەر بەهرەیەکی ئەدەبی؟

و: دوو جۆر مامۆستا هەن: مامۆستایەک کە هەندێ شتی ڕۆشنبیری و زمـانەوانیی لێوە فێر دەبیـت؛ وەکو میژووی ئەدەب و ڕێزمـان و هتد... ئەمە مامۆستایەکی باش نییە. مامۆستایەکیش هەیە کە دروستیی زمان و دروستیی دەربڕینی زمانەوانیت پەروەردە دەکات و بۆ ڕێگەی دروست ڕێنماییت دەکات. بەبێ ئەوە مرۆڤ پێویستی بە کاتێکی زۆر دەبێت، یا خۆی بدۆزێتەوە. کەواتە مامۆســـتا بۆ دۆزینەوەی بەهرە و خاڵەکانی لاوازی، گرنگ و پێویستە.

پ: مەبەستت ئەوەیە مامۆستا ڕێگەی بەهرەداران کورت دەکاتەوە بۆ پەرەبەخۆدان؟

و: بەڵێ. ئەمە ڕاستە. بەڵام دەشێ مامۆستا وێرانکەریش بێت، ئەگەر ئەو مامۆســتایە خاوەن بیرێکی ســەلەفی، یان خاوەن ڕۆشــنبیرییەکی ئەدەبیی موحافەزەکار بوو. لەوانەیە بە هەڵەتدا ببات. بۆیە خوێندکاری بەختدار ئەو خوێندکارەیە کە مامۆســـتایەکی هەبێت موحافەزەکار نەبێت و بیروباوەڕی خۆی بەسەردا نەسەپێنێت.

پ: چۆن وەسفی ئەو مامۆستایە دەکەیت کە فێری کردیت؟

و: مامۆستایەکی عەلمانی بوو.

پ: واتە بەخت ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت؟

و: بەڵێ، بەخت ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. گەر مامۆســـتایەکتان هەبوو باوەڕی بە فرەڕەنگی و مافی دەربڕینی ئازاد هەبوو، ئەو کاتە مانای وایە ئێوە بەختتان هەیە.

پ: هیچ کاتێ گەیشتوویتەتە قۆناغێک ناچار بووبیت لەنێوان نووسینی شیعر و شتە فریودەرەکانی ژیانی ماددیدا یەکێکیان هەڵبژێریت؟

Scanned with CamScanner

پ: من هەرگیز نە کارمەند بووم و نە چوومەتە زانکۆش، لەبەر ئەوەی هەستم کردووە ئازادیم لێ دەشێوێنێت و دواجار کە تەواویشم کرد، دەبم بە کارمەندێک و هیچی تر. هەروەها هەستم کردووە سنووری ئازادیی شیعریم لێ بەرتەسک دەکاتەوە، کە تاقە پیشەیە، لافی ئەوە لێدەدەم بە باشی شارەزای بم.

پ: تۆ دەڵێیت یەکەم مامۆستات عەلمانی بووە. ئاخۆ بیروباوەڕی عەلمانی و کۆمۆنیستانەی پێ وتوویتەوە؟

و: مامۆستاکەم کۆمۆنیست بوو، بەڵام فێری "ئەدەبی کۆمۆنیستی"ی نەکردم. شتێک نییە ناوی ئەدەبی کۆمۆنیستی بێت. ئەو هانی دام گوزارشت لە خۆم و بیروبۆچوونەکانی خۆم بکەم. هانی دام یاخی بم.

پ: مشتومڕێک هەیە دەربارەی ئەوەی کە گوایە هەندێ لە نووسینەکانت، کاریگەریی تەوراتیان بەسەرەوەیە. ئەمە ڕاستە؟

و: من لە هەستیاریی هەندێ ئیسلامی تێناگەم بەرامبەر بە تەورات. قورئان پیرۆز کراوە و باوەڕی بە یەهوودییەت و بە مەسیحییەت هەیە. هەروەها قورئان خۆی درێژکراوە و بەردەوامیی یەهوودییەت و مەسیحییەتە. من قورئان و ئینجیل و تەوراتیشم خوێندووەتەوە، شەرمیش لەوە ناکەم بڵێم ئەم کتێبانە بەشێکن لە سەرچاوەی زمانەوانی و ئەدەبیم. من وەکو کتێبێکی مێژوویی تەورات ناخوێنمەوە، گەرچی هەن گومان لە ڕاستیی ڕووداوەکانیشی دەکەن، بەڵکو من وەکو کتێبێکی ئەدەبی دەیخوێنمەوە، لەبەرئەوەی هەندێ فەسڵی ئەدەبیی بەرز و جوانی تیایە. لێرەوە، من لە هۆکاری ئەو هەستیاریییە زێدەڕۆیە تێناگەم، کە دەگاتە ئەوەی هەندێ لە ئیسلامییەکان وا دەزانن هەر کەسێک تەوراتی خوێندەوە، وەکو ئەوە وایە لە دینی ئیسلام لایدابێت، یان ئەگەر مەسیحییەک قورئانی خوێندەوە، ئیتر مانای ئەوەیە لە مەسیحییەت لایداوە. ئەم کتێبانە هەڵگری هەمان پەیامن؛ پەیامی یەکتایی.

Scanned with CamScanner

پ: ڕەخنەگر عادل ئوستە، کە لە زانکۆی نەجاح وانەبێژە، ڕەخنەیەکی لێ گرتوویت کە لە چاپە تازەکانی دیوانەکانتدا هەندێ لەو شیعرانەی خۆت لابردووە، کە پێشتر نووسیوتن. قسەت لەسەر ئەوە چییە؟

و: عادل ئوستە لێکۆڵەرەوەیەکە، ڕۆڵی پۆلیس دەبینێت. بە ڕای من شاعیر مافی خۆیەتی چاو بە شیعرەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە. ئەگەر سەرلەنوێ دیوانەکانم بنووسمەوە، زۆریان لێ لادەبەم.

پ: ئەی وەڵامت بۆ ئەو ڕەخنەیەی چییە کە دەڵێت تۆ کۆمۆنیست بوویت و کاتێکیش وازت لە کۆمۆنستبوون هێنا، هەندێ لە شیعرەکانی خۆت لابرد؟

و: هیچم لانەبردووە. شیعریشم بۆ کۆمۆنیزم نەنووسیوە.

پ: شیعری فەلەستینیی هاوچەرخ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئاخۆ بە هۆی بارودۆخی سیاسیمانەوە لە ئێستادا لاواز بووە و پاشەکشێی کردووە؟

و: ناتوانم وا خێرا بڕیار لەبارەی شیعری فەلەستینیی هاوچەرخەوە بدەم.

پ: ئەی دەتوانیت باسی شیعری عەرەبیمان بۆ بکەیت؟ هەموو دەڵێن گوایە لە پاشەکشێدایە.

و: من ڕێ بە خۆم نادەم حوکمی خێرا بەسەر بزووتنەوەیەکی شیعریی گەورەدا بدەم، ئیتر فەلەستینی بێت، یان عەرەبی. ناشتوانم بڵێم پاشەکشێ هەیە لە خوێنەرانی شیعردا. خۆ ئەگەر پاشەکشێیەکیش هەبێت، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیران وایان لێ هاتووە بەستنی پەیوەندییان بە خوێنەرانەوە بە لاوە گرنگ نییە. بەڵام وێڕای ئەمەش، ناتوانین بڵێین ئەمە دۆخێکی گشتییە، چونکە شاعیرانێک هەن کە خوێنەری زۆری خۆیان هەیە و گوێی لێ دەگرن.

Scanned with CamScanner

مەیلێکی ئەرێنی

پ: هەست ناکەیت جیاوازی لەنێوان شیعری هاوچەرخ و شیعری کۆندا هەیە؟

و: من وای دەبینم کە شیعری هاوچەرخ باشترە. لەمڕۆدا و بەتایبەتییش لای لاوان، شیعر دەربڕی تاکە، بەڵام جاران شاعیر گوزارشتی لە کۆمەڵ دەکرد. وێنەی شاعیر بریتی بوو لە وێنەی کۆ، تاک چەپێنراو بوو. لەمڕۆدا هەست دەکەم شاعیرانی لاو مەیلیان تیایە بۆ گوزارشتکردن لە خۆیان و لە ئازادیی خۆیان. ئەمەش مەیلێکی زۆر ئەرێنییە. جگە لە گوزارشتکردن لە ڕۆحی دەستەجەمعی، مافی ئەوەیان هەیە لە خۆیان ڕابمێنن و باس لە شتە تایبەتمەندەکانی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی دەستەجەمعییش لە بنەڕەتدا لە تاکەکان پێکهاتووە.

پ: چەند جارێک بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێوراویت. تۆ گەشبینیت بەوەی ڕەنگە بەدەستی بێنیت، یان ئەم خەڵاتە بە هەندێ مەرجی سیاسییەوە بەستراوەتەوە؟

و: هیچ ئاگایەکم لەوە نییە کە بۆ ئەو خەڵاتە پاڵێورابم.

پ: هەڵوێستت بەرامبەر بە حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی چییە؟

و: هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

پ: تۆ تا ئێستا لە هیچ پێگەیەکی سیاسیدا نەبوویت. هۆکاری ئەوە چییە؟

و: تاقە هۆکاری ئەوەی کە خۆم بە هیچ پێگەیەکی سیاسی قایل نەبووم، هەر ئەوەیە کە دەمەوێ پێگەی شیعریی خۆم بپارێزم. پلەوپایەی سیاسی کۆتوپێوەند بۆ ئازادیی شیعریم دروست دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، لەناو هەر شاعیرێکدا، سیاسییەک هەیە، بەڵام شێوازی دەربڕین لای سیاسی جیاوازە لە شێوازی دەربڕین لای

Scanned with CamScanner

شـــاعیر. لەبەر ئەوە، من دەمەوێ شـــیعری خۆم بە ئازادی بپارێزم، بەبێ هیچ گوشار و مەرجێکی دەرەکی.

پ: جۆری ئەو شیعرەی کە مایەی پەسەندکردنی تۆیە، چییە؟

و: من حەز بە هەموو جۆرەکان دەکەم، بەڵام شـیعری عەمووی پڕە لە وشە و پارێزێکی زۆر. بۆیە من شیعری ئازادم لا پەسەندە، چونکە لە هەموو شتێک ئازادە.

پ: تۆ وتت کە نهێنیی ســـەرکەوتنی شـــاعیر لە پەرەســـەندنی بەردەوامیدایە. بە کتێبی "وەک گوڵی بادەم، یان دوورتر" سەلماندت کە مەحموود دەروێش دەتوانێ بە شـــێوازی هونەری و ئەدەبیی خۆی خوێنەرانی ســـەرســـام بکات و ســـەرنجی خوێنەران بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. تایبەتمەندیی ئەم کتێبە چییە؟

و: نازانم. من لەو شـــاعیرانەم کە نایانەوێ باس لە شـــیعری خۆیان بکەن، ناشتوانم باسی تایبەتمەندییە ئێستاتیکییەکانی بکەم، ئەوەی کە بۆچی مایەی سەرسامیی ئێوە بووە.

پ: بەڵام تۆ دەڵێیت کە پەرەســـەندنی بەردەوام یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شاعیری باش.

و: من لافی ئەوە لێدەدەم، بەڵام دەشـێ ئەو لافلێدانەم شکست بێنێت. هەوڵ دەدەم شانبەشانی پەرەسەندنە بەردەوامەکان بڕۆم.

پ: چۆن سەیری کتێبی "لە حزووری نادیاردا" دەکەیت؟

و: ئەم کتێبە شیعر نییە. ڕەگەزێکی ئەدەبییە، کە ڕۆحی شیعری تیایە. هەندێ جار هەست دەکەم زیاتر حەزم لە نووسینی پەخشانە.

پ: لە نووسینی شیعر ماندوو بوویت؟

و: هێزێکی شـــاراوە و پەنهان هەیە پاڵم پێوە دەنێت شـــیعر بنووســـم. ئەگینا بۆ ئەوە نانووســـم کە هەر بنووســـم. خۆ ئەگەر هەموو ڕۆژێک شیعرم بنووسیایە، ئێستا ژمارەیەکی زۆر کتێبم دەبوو.

پ: کەواتە شیعر گوزارشتە لە هەست؟

و: دەبێ هێزێکی ناوەکی و پەنهان لەئارادا بێت.

Scanned with CamScanner

پ: واتە شیعر سەنعەت نییە؟
و: شیعر سرووش و سەنعەت و بەهرەیە. بەتەنها بەهرە بەس نییە بۆ بەرجەستەکردنی شێوەی شیعر. ئینجا ڕۆڵی پیشە، یان سەنعەت دێت.
پ: ڕادەی کاریگەریی زیندان لەسەر مەحموود دەرۆیش چییە؟
و: زیندان فێری کردم چۆن بنووسم، سانسۆریش فێری کردم چۆن بسڕمەوە.
پ: بۆچی مەحموود دەرۆیش دەبێتە مایەی ترساندنی بەرامبەرەکەی؟
و: دوا شت شارون دەریبڕین، پێش ئەوەی لەهۆش خۆی بچێت، وتبووی؛ ئێرەیی بە شیعرەکانی من دەبات. ئەو ئێرەیی بە ڕادەی وابەستەبوونی گەلێکەوە دەبات بە مەسەلەکەی خۆیەوە، وەکو ئەوەی من لە شیعرەکانمدا گوزارشتم لێ کردووە.

هەستکردن بە غەریبی

پ: نیشتمان کاتێ جوانترە کە دوورییت لێی؟
و: بەڵێ بێگومان. هەموو شتێکی خەیاڵکراو لە واقیع جوانترە، لەبەر ئەوەی نیشتمانی خەیاڵکراو نووسینیش بەشداری دەکات لە دروستکردنیدا. تۆ بە خەیاڵ دروستی دەکەیت و وێنەی دەکێشیت و دەیبینیت.
پ: کەواتە ئەم ڕۆژانە هەست بە غەریبی دەکەیت؟
و: من بەردەوام هەست بە غەریبی دەکەم. وەک چۆن کاتێ لە دەرەوە بووم، نیشتمانم لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرت، ئەوەتا لە نیشتمانیشدا مەنفای خۆم لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرم. ئەمەش بەشێکە لە میژووی عاتیفیی من.
پ: ئاخۆ مەملەکەتی شیعر لەم هەستە دەتپارێزێت؟
و: ئەم گرژییە شیعر بەرهەم دەهێنێت.

Scanned with CamScanner

پ: سەبارەت بە خۆشەویستی و ژن شیعرت نووسیوە، ئاخۆ وەکو جەستە سەیری ژن دەکەیت، یان وەکو هەست و سۆز؟

پ: وەکو جەستەیەکی پڕ لە هەست و سۆز. ژن پێکهاتەیەکە پڕە لە هەست و سۆز. مەرج نییە هەموو شتێک لاساییکەرەوەی نیشتمان بێت. من دەربارەی ژن دەنووسم، نەک درەختێک. کاتێکیش ژنێک لە ئامێز دەگرم، ئەوە ژنە لە ئامێزی دەگرم، نەک نیشتمان. نیشتمان نیشتمانە و ژنیش ژنە. ڕەنگە هەندێ جار مانای فراوانتریش بگرێتە خۆی، چونکە ژن لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی مرۆییە.

پ: دەکرێ نهێنییەکانی خۆت لای ژن بدرکێنیت؟

و: بەڵێ، بۆ نا.

پ: لەو بڕوایەدایت کە ڕۆمان کاریگەریی زۆرە لەسەر خەڵک؟

و: هەموو جۆرەکانی ئەدەب پەیامی خۆیان هەیە بۆ مرۆڤ. هەندێ شاعیری ڕۆمانتیک لەو باوەڕەدا بوون کە شیعر واقیع دەگۆڕێت، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە شیعر دەروونەکان دەگۆڕێت و ئەو دەروونانە واقیع دەگۆڕن.

پ: بۆچی مەحموود دەرویش بیری لەوە نەکردەوە کەلەپوورە شیعرییەکەی خۆی بگوێزێتەوە بۆ منالانێک، کە ناوی ئەو هەڵبگرن؟

و: شاعیر کەسێک نییە وەکو خاوەن پرۆژەیەک دانیشێت و بڕیار بدات چی بکات و چی نەکات. ڕێکەوت ڕۆڵی زۆر دەبینێت لە دیاریکردنی چارەنووسی شاعیردا.

Scanned with CamScanner

گیتارژەن

پ: ئەگەر مەحموود دەرویش لە خۆی بپرسێت لە ژیانیدا چیی بەرهەمهێناوە، چی دەڵێت؟

و: من لە ژیانمدا، جگە لە دەقە شیعرییەکانم، هیچی ترم بە لاوە گرنگ نییە، هیوادارم هەر بەو پێوەرەش هەڵمبسەنگێنن.

پ: شتی هاوبەش لەنێوان مەحموود دەرویش و مارسیل خەلیفەدا چییە؟

و: من نووسەرم و ئەو مۆزیکژەنە، بە هەندێ لە شیعرەکانم سەرسام بووە و کردوونی بە گۆرانی.

پ: گەر شاعیر نەبوویتایە، حەزت دەکرد چی بوویتایە؟

و: گیتارژەن.

پ: پەیامت بۆ نەوەی ئەمڕۆ چییە؟

و: زیاتر بڕوانن ئایندە، نەک ڕابردوو. ئایندە لەپێشتانە، ڕێزی لێ بگرن، کاتیش گرنگە بەفیڕۆی مەدەن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژگاردا، خۆتان ئامادە بکەن.

Scanned with CamScanner

- ١ -

"مەحموود دەرویش"ی نوێ

عەبدە وازن

کاتێک مەحموود دەرویش ناونیشانی "کارە نوێیەکان"ی بۆ ئەو دیوانە تازانەی هەڵبژارد، کە بەدوای یەکدا لە چاپی دان، مانای ئەوە نەبوو کارەکانی پێشووی "کۆن" بوون. ئەو گۆڕانکارییەی کە لە قۆناغی هەشتاکانەوە و بەتایبەتییش لە دیوانی "گۆرانییە، گۆرانییە" و دواتریەوە، بەسەر شیعریدا هات، چ لە ڕووی شیعری و چ لە ڕووی زمانەوانییەوە گەلێ ڕەهەندی نوێی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ناتوانین باس لەم گۆڕانکارییە بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتای لە چەند دیوانێکی پێشوویدا، وەکو: "گوڵەباخی کەمتر" و "یانزدە هەسارە" و چەند دیوانێکی تری.

ڕەنگە قۆناغی یەکەم، قۆناغێکی "کۆن" بێت، لەبەر پەیوەندیی شیعریی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی فەلەستینییەوە، کە مەحموود دەرویش یەکێک بوو لە دیارترین شاعیرەکانی. ئەو سەردەمە شیعر شانازیی بە دەروەستبوونی سیاسی و ڕووکردنە "جەماوەر" و هاندانیەوە دەکرد بۆ خەبات. ئەم جۆرە شیعرەش هاوزەمان بوو لەگەڵ خەباتی چەکداری و بووبووە هاوکێشەی شیعری (المعادل الشعري)ی و ستایشی قارەمانێتی و جۆشوخرۆشی شۆڕشگێڕیی دەکرد و خەڵکی بۆ شەهیدبوون لە پێناوی خاکی داگیرکراودا هان دەدا. ناونانی ئەو دیوانە سەرەتاییانەی مەحموود دەرویش (گەڵا زەیتوونەکان، عاشقێک

Scanned with CamScanner

لە فەلەستینەوە، کۆتایی شـەو و...) بە "کۆن"، زۆرتر لەوەوە دێت کە ئەو دیوانانە لە ڕووی شیعری و کۆیادی شیعریی خەڵکەوە، چوونەتە ناو "مێژوو"ی بەرەنگارییەوە. جگە لەوەی ئەو دیوانانە "سەرەتاکان"ی مەحموود دەرویش بوون، واتە ڕۆژگارێک کە هێشـتا "شـیعرییەت"ی ئەو کاڵ و خۆڕسک بوو، ئەو کاتانە هەڵوێستی شیعری بریتی بوو لە کاردانەوە لە ئاستی هەڵوێستی نیشتمانیدا و هەڵوێست بەرامبەر بە کارەساتە بێشوماڕەکان. مەسەلەی فەلەستین کەوتبووە پێش شیعر، ئەو شـیعری دروست دەکرد و هەمیشـە شـیعر دوای ئەو دەکەوت و دەچووە ژێر کـاریگەریی ئەوەوە، لەبری ئەوەی ئەم کـاریگەری لەو بکات. ئەو دەمە هێشـتا "ئامڕازەکان"ی مەحموود دەرویش و زمان و ئاستی ڕۆشنبیریی شیعریی، بە گوێرەی پێویست کامڵ نەبووبوون.

بەم جۆرە "کارە نوێیەکان"، نەک هەر لە ڕووی کاتی دەرچوونیانەوە، بەڵکو لە ڕووی شـیعرییشـەوە نوێ دەنوێنن. ئەو کارانە بە مانای "تازەگەری"یش، تازەن، لەبەر ئەوەی تازەگەریی تایبەت بە مەحموود دەرویش پێکـدەهێنن، کە لە هیچ تـازەگەرییەکی تر نـاچێت، نە لە تازەگەریی سەییاب و نە ئەدۆنیس و نە ئونسی ئەلحاج و نە سەعدی یوسـف... ئەگەرچی مەحموود دەرویش هەر سـوورە لەسـەر شـیعری "تەفعیلە" (کاتێک ئەم بابەتە نووسـراوە، هێشـتا شـاعیر کۆچی دوایی نەکردبوو/و. کوردی) بەڵام باری قورسـی میراتی و دووپاتبوونەوە بێزارکەرەکـانی لێ کردووەتەوە و بگرە ئـاوێتەی کردووە بە "فەزا"ی پەخشـانەشـیعر، بەبێ ئەوەی لە ڕووی فۆرم و تەکنیکەوە لایەنی پەخشـانەشـیعر بگرێت. ڕەنگە یەکێک لە خەسـڵەتەکانی شـیعرە نوێیەکانی دەرویش لە ڕووەکانەوە "ڕیتمداری"یان بێت. ڕیتم لای ئەم شـاعیرە سـیسـتمی داخراوی تەفعیلە تێدەپەڕێنێت و ئاوێتەیەک لەنێوان "ڕیتمی ناوەکی"، کە لە گونجانی وشەکان و پیتەکان و سـەرواکـانی نـاوەوە دێت و "ڕیتمی دەرەکی"، کە لە تەفعیلە و سـەرواکانەوە دێ، دروسـت دەکات. بەڵام "بونیادی ڕیتمی" لای

Scanned with CamScanner

دەرویش حاڵەتێک لە کرانەوە دەخوڵقێنێت، کە بە دەگمەن شـــیعری تەفعیلەی نوێ توانیویەتی بیخوڵقێنێـت. ئەمەش کرانەوەی زمـانی "دەرویشـــی"یە، کە پەیوەندیی نێوان مانا و شـــێوە و نێوان ڕیتم و سیمبوڵەکانی تێکدەشکێنێت، تا ببێتە زمانێکی والا لە ئاستی "شیعری"دا و لە دەرکەوتە فرەچەشـــنەکانیدا، بینراو و ڕۆحی، بەرجەســـتە و ئەبستراکت، واقیعی و میتافیزیکی، خودی و دەستەجەمعی، ئێستاتیکی و فیکری...

مەحموود دەرویش لە هەشـــتاکانەوە هەوڵی دا خۆی لەو "میراتی"یە نیشـتمانی و نەتەوەییە ئازاد بکات، کە وەکو شـاعیری فەلەسـتین، یان شـاعیری مەســـەلە خرابووە ئەســتۆی. بەڵام چەند خۆی لەو میراتییە ڕزگار دەکرد، وا دەردەکەوت پتر لێی نزیک بێتەوە. ئەو مەســـەلەیەی کە تراجیدیای کۆ بوو، بوو بە تراجیدیای تاکەکەســـیش، تراجیدیای میژوویی بوو بە تراجیدیای تایبەتییش. ئەوەی لە مەسەلەکەش مایەوە ئەو گەوهەرەی بوو، کە وەکو پشکۆ سووتێنەر بوو. بەڵام شاعیرەکەی فەلەستین بوو بەو شاعیری بوونەی، دەسبەرداری تراجیدیای تایبەتی نەبوو و شـــاعیری خاک و مەســـەلە، بوو بە شـــاعیری مرۆڤ لە نـائومێدی و ئومێدیـدا، لە ئینتیمـا و بێئینتیمـاییـدا. هەروەهـا بوو بە شـــاعیری خەونبین و پێشـــبین، پڕ زام و ئازار، گەڕیدەی ناو زمان بەدوای تیشکێکی پرشنگداردا و گەڕیدەی ناو تەمومژی نەست بەدوای دەرچەیەکدا، کە بەسەر خۆری ژیاندا بڕوانێت.

ئێســـتا زەحمەتە بتوانین ناوی "شـــاعیری فەلەســـتین"، یا شـــاعیری مەســـەلە و خاک و ئەو جۆرە نازناوانە بەســـەر مەحموود دەرویشـدا دابڕین، چونکە شـــیعر دوورتر لەو مەســـەلەیە ڕۆیشـــت کە لێیەوە دەستی پێ کرد و لە ڕۆحیدا هەڵیگرت. ئەو دوای ئەوەی سەردەمانێک لەدوای مەسەلەکەوە دەڕۆیشت، وای لێ هات لە پێشەوەی بڕوات. ئەو چیتر پێویستی بەو مەسـەلەیە نییە تا لە ڕێیەوە خۆی بناسێنێ، بەڵام وێڕای ئەمە، ئەو تەنانەت لەو شیعرانەشیدا کە سەرشارن لە غوربەت

Scanned with CamScanner

و نامۆبوون، دەسبەرداری ئەو مەسەلەیە نەبووە و بووە بە گەوهەری شاراوەی قوولایی ئەزموونە شیعری و ئینسانییەکەی.
ڕەنگە مەحموود دەرویش شاعیری خاک بێت، بەڵام بە مانا بوونگەرایی و میتافیزیکییەکەی، نەک هەر بە مانا جوگرافی و نیشتمانییەکەی. خاک لە شیعری ئەودا چەندەها جار لەدایک دەبێت و دەمرێت. ئەو خاکە هەم خاکی غەریبی و هەم خاکی گەڕانەوەیە، هەم خاکی ژیان و هەم هیی مەرگە. خاکێکە وەک سەرەتا و کۆتایی زمان دروستی دەکات، هەم ڕاستەقینەیە و هەم خەیاڵییە.
خوێندنەوەی "کارە نوێیەکان"ی مەحموود دەرویش، پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ ئەو کارانەی پێشووتری، کە لە قۆناغی هەشتاکاندا نووسیونی. گومان لەوەدا نییە کە داوەدەزوویەکی قایم ئەم کارانە پێکەوە دەبەستێتەوە بۆ ئەو گۆڕانە ڕیشەییانەی کە بەسەر شیعرەکانیدا هاتووە. ئەو شاعیرەی توانیی لە حەماسی سەرەتاکان خۆی ڕزگار بکات، چرکەساتی میژوویی کرد بە چرکەساتێکی شیعریی نایاب، هەروەها توانیی دۆخی سیاسی بخاتە ژێر ڕکێفی ڕەهەندی ئێستاتیکییەوە. بە مانایەک لە ماناکان، ئەو توانیی سەرکەوتن بۆ شیعر دابین بکات، لە کاتێکدا سەرکەوتن بۆ میژوو بوو، هەروەها سەرکەوتنی بۆ قەسیدە تۆمار کرد، لە کاتێکدا بارودۆخی سیاسی زاڵ بوو. دەرویش لەسەر ئەم ئەزموونەی خۆی بەردەوام بوو، بەبێ گوێدانە کاریگەریی دیوانە شیعرییە سەرەتاییەکانی لەسەر یادی فەلەستینی و خەباتی فەلەستینی. ئەو دەبوایە یەکێک لە دوو بژاری هەڵبژاردایە: یان ئەوەی ببێتە شاعیرێکی جەماوەری، یاخود ببێتە شاعیرێکی ڕاستەقینە. مەحموود دەرویش شیعری هەڵبژارد، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستبەرداری ڕابردووی خۆیشی بێت، یان نکوولیی لێ بکات، وەک ئەوەی گەلێ شاعیر کردیان. کاتێکیش "شەڕی بەرد" هەڵگیرسا، مەحموود دەرویش وەکو شاعیرێک کەمترین جۆشوخرۆش و هەڵچوونی هەبوو، ئەو زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی و ئێستاتیکییانە

Scanned with CamScanner

ئەوەی نووسی، کە پێویست بوو بینووسێت، ئەمە لە کاتێکدا بە لێشاو شیعر دەنووسرا و لە دوورەوە منالانی فەلەستینیان بۆ مەرگ هان دەدا بەرامبەر بە دەزگا کوشندەکەی ئیسرائیل. بەڵام ئەو شیعرانەی زادەی هەڵچوون و حەماس بوون، هەر زوو مردن، وەک چۆن ئەو هەموو شیعرە سیاسییە مردن، کە هاوزەمانی شکستە یەک لەدوا یەکەکانی عەرەب بوون و پڕبوون لە هەڵچوون و ڕووکەشی. ئێستا خوێنەرە ڕاستەقینەکانی مەحموود دەرویش، لە کارە نوێیەکانیدا تەنها بەدوای ئامادەبوونی فەلەستیندا ناگەڕێن، یان بەدوای دەرکەوتەکانی ئەو مەسەلەیەدا، چونکە مەسەلەکە خۆیشی، دوای ئەوەی کەوتە دووڕیانی دژوازییەکانەوە، بوو بە مایەی ڕەشبینی و نائومێدی. ئێستا مەسەلە لە شیعری مەحموود دەرویشدا مەسەلەی ڕەهاییە، چەند پەیوەندیی بە فەلەستینییەکەوە هەیە، هێندەش پەیوەندیی بە هەموو خوێنەرە عەرەب و غەیرە عەرەبەکانی تری شاعیرەوە هەیە. هەر بۆیە جێی سەرسامی نییە کاتێ دەبینین پێشوازییەکی گەرم لە شیعرەکانی دەکرێ، کە بۆ زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و هتد... وەردەگێڕدرێن، وەکو شیعرێک کە ڕووی لە ئیندسان و لە خەڵکە، هەر کێیەک بن و لە هەر کوێیەک بن. کاتێکیش مەحموود دەرویش دەستی بە ڕۆنانی "تازەگەرییە" تایبەتییەکەی خۆی کرد، پێدەچوو ئەم "تازەگەری"یەی لەسەر بناغەی کولتووری شیعریی جیهانی بنیات نابێت. ڕەنگە خوێنەر لای هیچ شاعیرێک ئەو دەنگدانەوە ناوەکییەی شیعری جیهانی نەبینێتەوە، بەو شێوەیەی لای مەحموود دەرویش هەیە. بەڵام دەرویش زانیویەتی چۆن ئەو دەنگدانەوەیە لە سەنعەتە گەشاوەکەیدا دەتوێنێتەوە، وەک ئەوەی دەنگدانەوەی یادەوەرییە تایبەتەکانی خۆی بێت. لەوانەیە هەر ئەم باکگراوەندە ڕۆشنبیرییەش بێت کە هاوشان لەگەڵ "بەهرە" شیعرییەکەیدا بووبێتنە مایەی ڕەگداکوتینی تازەگەرێتییەکەی لەناو دڵی شیعرییەتی نوێدا. "تازەگەری"یەکەی مەحموود دەرویش فراوانترە لەوەی بخرێتە ناو

Scanned with CamScanner

چوارچێوەی هەندێ ڕواڵەت و پێودانی دیاریکراوەوە، چ ئامادەکراو یان ئامادەنەکراو. تازەگەرییەکە ئازاد و بێ قەیدوشەرت، تازەگەرییەکە سنووری نییە، لەبەر ئەوەی تازەگەریی شاعیرێکە لەناو منداڵانی ئەزموونەوە هاتووەتە دەرێ، کە تێیدا بەهرەی سروشتی لەگەڵ شیعرییەتی بەدەستهێنراودا ئاوێتە دەبێت و "من"ی شاعیر لە بۆتەی ئازاری تایبەتی و تراجیدیای دەستەجەمعیدا دەتوێتەوە.

پێدەچێ ئەو "مەسەلە"یەی زۆری بە مەحموود دەرویش بەخشی، زۆریشی لێ سەندبێت. ئاخۆ ئەو بۆی نییە شاعیرێک بێت لە دەرەوەی ئەو مەسەلەیە؟ ئاخۆ خوێنەرەکانی مافی ئەوەیان نییە لە دەرەوەی هەژموونی مەسەلە بیخوێننەوە؟ هەر ئەمە خودی شاعیریشی دووچاری سەرسوڕمان کردووە، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ئەم شاعیرە خۆی لە کۆتوپێوەندەکانی ئەو مەسەلەیە ڕزگارکرد، تا لە هەمان کاتدا ببێتەوە بە شاعیرەکەی، بەڵام لە دوورەوە. ئەم دوورییەش هێندەی نزیکبوونەوەی زیاترە، هێندە دوورکەوتنەوە نییە، لەبەر ئەوەی بریتییە لە هەڵکۆڵین لەناو قوواڵیی مەسەلەکەدا، کە قوواڵیی تراجیدیای بوونیشە. کارە نوێیەکانی مەحموود دەرویش پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە و قووڵ هەیە بۆ پەیبردن بە تایبەتمەندییە زمانەوانی و ئیقاعی و ئێستاتیکییەکانی، چونکە زۆربەی قەسیدەکان ناچنە ناو پۆلێنکردنی "ژانری" و "ئەکادیمی"یەوە. کۆمەڵێک شیعری جوان و بگرە لە جوانیش جوانترن. شیعری ژیان و ئەودیو ژیان، شیعری مردن و ئەودیوی مردن، شیعری خەون و نەست، شیعری واقیع و ئەودیوی واقیع، کۆمەڵێک شیعر کە ئاڕاستەگەلێک پێکەوە کۆدەکاتەوە تا شیعرییەتی بێهاوتا و زیندووی خۆیان بخوڵقێنن. پاشان ئەی چی سەبارەت بە زمانەکەی مەحموود دەرویش بڵێین کە دەڵێی ڕووبارێکی بەلووزەوە؟ ئەی سەبارەت بە وێنە شیعرییەکانی کە دەچێتە سەروو تێڕوانینی باوەوە؟ ئەی سەبارەت بە

Scanned with CamScanner

ڕیتمەکانی کە جیاوازی لەنێوان مۆســـیقای پیتەکان و وشـــەکان و ڕستەکان و تەفعیلەکان و سەرواکان ناکات؟
ئەم "کارە نوێیانە" هەڵگری وەڵامی گەلێ لەو پرســـیارانەن کە لای خوێنەر دەوروژێن و هەندێکیان ئاڵۆزیشـــن. کاتێک خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم کارە نوێیانە دەبێتەوە، هەست دەکات ڕۆچووەتە ناو دەریایەک شیعری بێگەردەوە، ئەو شیعرەی نە سنووردێک شک دەبات و نە پەرژینێک.

Scanned with CamScanner

- ٢ -

"دیواربەند"

ڕامکردنی مەرگ بە شیعر

ئاخۆ مەحموود دەرویش لە دەرگا فراوانەکەیەوە خۆی بەناو جیهانی مەرگدا دەکات، واتە لەڕێی شـــیعرەوە، یاخود لە دەرگا فراوانەکەی شـــیعرەوە خۆی بەناو جیهانی شـــیعردا دەکات، واتە لەڕێی مەرگەوە، یان هەردووکیان؟ مەرگ و شیعر، دوو دیوی ڕاستییەکن، ڕاستیی ئەو ئەزموونەی کە شـــاعیر پێیـدا تێپەڕی و لەڕێیەوە مەرگی وەکو کرداریکی شـــیعری و شـــیعری وەکو کرداریکی نادیار (یان دیار) لە زماندا تاقی کردووەتەوە؟ پێدەچێ ئەو شـــاعیرەی کە بە دوو چاوی کراوەوە هەسـتی بە چرکەسـاتەکانی مەرگ کردووە، سـوور بووبێت لەســـەر گەڕانەوە بۆ "زمانەکەی" و بەس، نەک بۆ لای کەســێک، یان وڵاتێک دوای "ئەم دیـارنەبوونە درێژە". "گەڕانەوە"ش لێرەدا بەتەنیا بەدەســـتهێنانەوەی زمانی ئاســـایی نییە، بەڵکو بۆ ئەو زمانەی وا لە "ئەوپەڕی گمەگم"دا. چونکە شـاعیر تەواو دەرک بەوە دەکات کە خۆی یەکێکە لەوانەی هەر خۆی ناویان دەنێت "نەخۆشـــە لیریکییەکان" و بە "نەوەکانی شەیتان" و "بەسزمانەکان" وەسفیان دەکات...

مەحموود دەرویش قەسیدەی "دیواربەند"ی دوای حاڵەتی هۆشبڕانێک (کۆما) نووســـی کە دووچاری هات و وەکو "دیارنەمان"ێکی کاتی بوو و چووە ناو ئەو "ڕاڕەوە پێچاوپێچە"وە، کە زۆر جار نیوەمردووەکان، یان ئەوانەی لە ئاویلکەدان باســـی لێ دەکەن، ئەوانەی "لەوێ"وە لە "هیچی ســـپی"یەوە دەگەڕێنەوە، هەروەکو دەرویش دەڵێت، یـان لە

Scanned with CamScanner

"ئاسمانی سپیی ڕەها"وە. بەڵام مەحموود دەرویش کە سەبارەت بەم ئەزموونی مەرگە دەنووسێت، بۆ ئەوەیە گوزارشت لە بەزاندنی مەرگ بکات، نەک بە ژیان، بەڵکو بە شـــیعر، یان دەشـــێ بە ژیان کە خۆی بریتییە لە شـیعر. بە پێچەوانەی ئەوەشـــەوە کە بیرمەندی فەرەنسـی "لارۆشـــفۆکۆ" ســـە بارەت بە مەرگ وتوویەتی، کە مەحاڵە بتوانین ڕاستەوخۆ لێی بڕوانین (بە خۆر شوبهاندوویەتی)، مەحموود دەرویش لە مەرگی ڕوانیوە و بگرە چاوی بڕیوەتە چاوی و لێی وردبووەتەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە چاوی ڕێشـکەوپێشـکە دەکات، یان نا. شـــاعیر لە مردن ڕادەمێنێت بە مەبەســـتی ئەوەی بیمرێنێت، یان بیکات بە حاڵەتێکی شـیعریی دانسـقە. گەرچی وا باوە شـاعیران لەڕێی شیعرەوە ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە، یان "دژی" بنووسن، بەڵام وەکو دەردەکەوێ مەحموود دەرویش نە لە مەرگ ترســـاوە و نە لەودیوی مەرگ و لەڕێی نووسینیشەوە هەوڵی نەداوە ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، بەڵکو لە بارەیەوەی نووســـیوە تا چرکەســـاتە قوولەکەی بکات بە چرکەساتێکی شیعری و خەرەندەکەی بکات بە بەرزاییەکی ڕووناک و تاریکاییەکانی بکات بە باخچەی ڕۆشن.

ئەو تاقیکردنەوەی مەرگە حاڵەتێکی دڵدانەوە نییە لە ناوجەرگەی ژیاندا کە هەندێ کەس بە "دۆزەخ"ی ناو دەبەن. ئەم شـاعیرە وەکو شـاعیرە ڕۆمانتیکەکان، یان ســـۆفییەکان بەدوای مەرگدا نەگەڕاوە و هەوڵی نەداوە بە مەبەســـتی هەڵاتن لە کەندەڵانی ژیان، لە دەرگاکەی بدات، بەڵکو ئەوە مەرگە کە لە دەرگای شـــاعیری داوە و وەکو "دز" هاتووە بۆ لای. ئەو دەزانێ کە مەرگ "بەر لە وادەی خۆی" هـاتووە، یـان هێنراوە، بۆیە ئەوەندەی پێ ناچێت وەکو هاوڕێیەک لەگەڵیدا دەدوێت و پێی دەڵێت: "ئەی مەرگ، لە دەرەوەی زەوی چاوەڕێم کە". شـــاعیر دەزانێ کە ئەو هێشـــتا "گفتوگۆیەکی ســـەرپێیی لەگەڵ پاشـــماوەی ژیانیدا" تەواو نەکردووە و هێشـــتا لە "خوێندنەوەی تورفە بن ئەلعەبد" تەواو نەبووە. لە قوولایی ناخیشیەوە دەزانێ کە "هونەرەکان" مەرگیان

Scanned with CamScanner

بەزاندووە، هەروەها "گۆرانییەکان لە دۆڵی ڕافیدەین" و "گۆڕستانی فیرعەونەکان" و "کەلووی میسرییەکە"ش بەزاندوویانە. هۆگری لەنێوان شاعیر و مەرگدا دەگاتە ڕادەیەک، پێی دەڵێت: "ئەی مەرگ! ئەی ئەو سێبەرەی کە ڕێنماییم ئەکەی، ئەی سێیەمینی ئەم دوانە". وەک ئەوەی فەرمان بەسەر کۆیلەیەکدا بدات، شاعیر بە مەرگ دەڵێت: "ئەی مەرگ، چاوەڕێ کە..." یان "لەسەر کورسییەکە دانیشە..." شاعیر بە شێوەیەکی سەیر هاوڕێیەتیی خۆی لەگەڵ مەرگدا پیشان دەدات، وەک ئەوەی دوو هاوڕێی دێرین بن و تا دەگاتە ئەوەی بەزەیی بە حاڵی مەرگدا دێتەوە و بۆی دەلاوێتەوە، دوای ئەوەی سیفەتی مرۆیی دەخاتە پاڵ و بەرجەستەی دەکات و پێی دەڵێت: "ئەی مەرگ... ئەڵێی نەفیکراوی نێو بوونەوەرەکانیت. بە تەنیا تۆ نەفیکراویت. ژیانی خۆت ناژییت. ژیانی تۆ چ نییە، جگە لە مەرگی من..." بەم جۆرە شاعیر لەڕێی لاوانەوە و پیاهەڵدان و کردنی بە سرووودەوە، بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێت. بۆیە مەرگ هەروەکو ئەو "بەر"ەی لێ دێ کە ڕێڵکە لێی دواوە، وەختێ دەڵێت: "مەرگ لێرەدایە. ئەو مەرگە مەزنەی هەموو کەسێک لەنێو خودی خۆیدا هەڵیگرتووە. مەرگ ئەو بەرەیە کە لە دەوریدا هەموو شتەکان تەواو دەبن". بگرە ڕەنگە ئەو مەرگە بێت کە نۆڤالیس تاقیی کردووەتەوە کاتێ مانا ئایینییەکەی پێ دەبەخشێتەوە و دەڵێت: "مەرگ خەونێکی دواین و بێداربوونەوەیە". ئاخۆ دەروێشیش مانایەکی ئایینیی پێ نەبەخشیوەتەوە کاتێک وتوویەتی: "وتت گەر بمریت، بەئاگا دێیتەوە؟" بەڵام سەرکەوتنی شاعیر بەسەر مەرگدا وەکو ئەو مەرگەیە کە تاقیی کردووەتەوە، زۆر تایبەتە، ئەگەر نەڵێم زۆر تاکەکەسییانەیە. تایبەتێتیی سەرکەوتنیش (وەکو تایبەتێتیی مەرگ) وای لە دەنگی ئەو کردووە ببێت بە دەنگێکی لیریکی و لە هەمان کاتدا بەرز و هێمن و شەیدا و گینگڵدار و زامدار و ڕووناک. لێرەدا مەرگ، مەرگی قارەمان، یان شەهید نییە و سەرکەوتنەکەش سەرکەوتنی کۆمەڵ نییە، بەڵکو مەرگی تاکەکەس و سەرکەوتنی تاکەکەسە. ئەوانی تر لە "من"دا (یان

Scanned with CamScanner

لە خوددا) تواونەتەوە، "من"یش (یـان خودیش) دەبێتە شـــێوەی تاکەکەســـییانەی ئەوانی تر: "کاتێ بەدوای خۆما ئەگەڕێم، ئەوانی تر ئەبینمەوە. کـاتێکیش بەدوای ئەوانـدا ئەگەڕێم، جگە لە دەروونە نامۆکەی خۆم، هیچی تر نابینمەوە". شـاعیر جەخت لەســەر ســیفەتی "نـامۆ"ش دەکـاتەوە، وەک ئەوەی نـامۆییەکەی ئەو ئـاگرە بێت، کە نائامادەبوون و ئامادەبوونی لەوانی تردا دەتوێنێتەوە. ئەم بیرۆکەیەش ڕیشـەیەکی ئەفلاتوونیی هەیە، چونکە بوون لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە، لەســـەر بناغەی دیالەکتیکی بەشـــداریکردنی تاک لە زۆربەدا و بە پێچەوانەشەوە دادەمەزرێ.

قەسیدەیەکی دانسقە

بێ هیچ گومانێک، قەســـیدەی "دیواربەند"، چ لە ڕووی خۆقەرەدان لە ئەزموونی مەرگەوە بە شێوەیەکی نوێ و ناباو و چ لە ڕووی بونیادی "درامایی" و تانوپۆی شـیعری و زمان و حاڵەت و هەڵوێسـتەکانی ناو قەسیدەکەوە، قەسیدەیەکی زۆر دانسقەیە. قەسیدەیەکی زۆر تایبەت و خودییە لە بەرجەستەکردنی مەرگ و ئەزموونکردنیدا. مەرگێک کە بەر لە هەموو شـــتێک، مەرگی کەســـێکی تەنیایە، هەروەکو گوزارشـــتە سۆفییە بەناوبانگەکەش دەڵێت "لە نەمردن دەمرێت"، ئەو گوزارشـتەی ژنە شاعیری سۆفی (تیریزای ئەفیلی) وتوویەتی و هەندێ کەس لێیان وەرگرتووە؛ لەوانە شـــاعیری فەرەنســـی "پۆڵ ئێلوار". بەڵام "نەمردن" وەکو ئەوەی دەرویش ئەزموونی دەکـات، مـایەی ئـازار نییە، لەبەر ئەوەی ڕێگرە لە یەکانگیربوون لەگەڵ ئەو شـــتە، یان ئەو کەســـەی لەودیو مردنەوە هەیە، بەڵکو هـانی ڕووبەڕووبوونەوەی بێپەردەی شـــیعرییانە و بوونگەرایانەی خودی مەرگ دەدات، ئەو مەرگەی ڕوو دەدات و ڕوو نادات، یان ئەوەی کە ڕوو دەدات و وەک ئەوە وایە ڕوو

Scanned with CamScanner

نەدات. بەڵام شاعیری تەنیا یا گۆشەگیری ناو ئەم ئەزموونە سەختە نامۆ نییە بە ئەزموونی سۆفییانە، یان ئەزموونی سۆفییانەی مەرگ، گەرچی هەندێ جار وا دەردەکەوێ گاڵتەیەکی ڕەش (ئەو دەربڕینەی لای ئەندرێی بریتۆن خۆشەویست بوو) بکات، یان هەندێ جاری تر وەکو نیهیلیستێک بنوێنێت: "نە هاواری چاکەکارانم بیست و نە نالەی گوناهباران". شاعیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "من تەنیام لە سپێتییا، من تەنیام". ڕەنگە چوونی بۆ ناو دنیای مردوان "بە دوو چاوی کراوەوە" ڕێی بۆ خۆش کردبێت هەندێ حاڵەت و دۆخ تاقی بکاتەوە، کە مرۆڤ ناتوانێ نە لە کاتی خەودا و نە لە کاتی بێهۆشی و نە لە کاتی سڵکردنەوەدا تاقییان بکاتەوە. دیارنەمان قۆناغێکە لە بەینی دوو قۆناغی تردا: مردن و بێداربوونەوە: "ئەوەم بینی کە مردووەکان بیریان دێتەوە، یا بیریان ئەچێتەوە". لەو کاتەشدا کە شاعیر بە "سفر" وەسفی دەکات و لەو شوێنەدا کە بە "تەمتومان" ناوی دەبات، بەم جۆرە باس لە ژیان و مەرگی لە چرکەیەکدا دەکات، بگرە ناژیان و نامەرگی، کە دەڵێت: "نە زیندوو بووم و نە مردوو، نە عەدەم (نەبوون) هەیە لەوێ و نە بوونیش. "لەوێ" و "لێرە"، (یان لە نائەوێ و نائێرە) ڕاناوەکان بەناو یەکدا ئەچن و نامێنن: ڕاناوی "من" نامێنێ، یان دەبێت بە "ئەو"، ڕاناوی نادیاریش دەبێت بە "تۆ" و گشت و بەش دەبن بە یەک (یان بە عەدەم "نەبوون"، چونکە نە گشت دەمێنێت و نە بەش). "توخمەکان و هەست و سۆزەکان"یش نامێنن و دوالیزمەکانیش لە بەینچوونێکی سۆفییانە، یان نیمچە عەدەمییانە لە بەین دەچن. بە شێوازی ڕامبۆ کە وتوویەتی "من ئەوی ترم"، یان بە شێوازی نۆڤالیس کە وتوویەتی "من تۆم"، شاعیر لە ئاوێنەی مەرگ یان ئاوێنەی تەنیایی لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و لە خۆی دەپرسێت، یان لەو کەسەی تر کە خۆیەتی: "کاممان منین، تا ببم بە کۆتاییەکەی". لە نامۆیی خۆیدا بەردەوام دەبێت و دەرک بەوە دەکات، کە خۆی نامۆیە و ئەوی تریش نامۆیە و "نامۆ برای نامۆیە". کە شاعیر لە "کوێی خۆی" دەپرسێت

Scanned with CamScanner

کاتێک "لەوێ" کەســـێک نادۆزێتەوە قســـەی لەگەڵدا بکات، لە حەللاج دەچێت کە دەســـتەواژەی "لە کوێی خۆم"ی بەکاربردووە. هەروەها وەک چۆن شاعیر نیهیلیست و نیمچە نیهیلیست دەردەکەوێ، سۆفی و نیمچە سـۆفییش دەردەکەوێ، یان سـۆفییەکی نیهیلیسـت دەردەکەوێ، وەکو هەندێ لەو شاعیرانەی بە "سۆفییە هۆڤییەکان -وەحشییەکان-" ناســـراون، واتە ئەو ســـۆفییانەی کە هیچ دینێکیان نییە. "ئەم ڕوئیایە ئەزانم" شـــاعیر وا دەڵێت و ددان بەوەدا دەنێت، کە دەشـــێ "بەر لە ئێستە مردبێت" و دەرک بەوە دەکات کە دەشێ هێشتا "لە شـوێنێکی تر زیندوو بێت" و ڕۆژێک دێ تێیدا دەبێت بە "بااڵندە" و "بوونی خۆی لە عەدەمی دەردەهێنێ".

شـاعیر دەزانێ کە "نامۆ"یە و "دوور"ە و "لەناو خۆیدا سـەفەر دەکات" و بە "دوانەکان (یان دوالیزمەکان)" ئابڵووقە دراوە، کە ڕوو لە نەمانە: "تۆ کێیت ئەی من؟ ئێمە لە ڕێدا دوانین و لە قیامەتدا یەکێک". ئەو دوالیزمانەش بەتەنها لەژێر زەبری کوژانەوە و دیارنەمان و گەرمەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا لەناودەچن، کە کۆتایی نایەت: "بمبە بۆ تریفەی فەوتان (نەمان) تا گۆڕانیی بوونی خۆم لە وێنەکەی ترمدا ببینم. من دوای تۆ ئەبم بە کێ، ئەی من؟ جەستەمم لەدوای خۆمەوەیە، یـان لە بەردەمی تۆدا؟". پێدەچێ ئەمە ســـۆفێتیی مەرگ بێت، یـان ســـۆفێتیی ئەزموونکردنی مەرگ، ئەم ئەزموونەی کە شـــاعیر تێیدا دەژی و دەیچێژێـت. ســـۆفێتییەکی نەرێنی، لەبەر ئەوەی بەرەو جودابوونەوە دەچێت، هێندەی بەرەو یەکبوون دەچێت لەنێوان من و ئەوی تردا، واتە لەنێوان منـدا بەو پێیەی ئەوی تـرە و ئەوی تر بەوپێیەی منە. ســـۆفێتی ســـەفەرە لە ناخدا، لە خود و خەوندا، لەو "واقیعی"یەی کە "خەیـاڵی بێچەندوچوونە". بە مـانـایەک لە مـانـاکـان ســـۆفێتییەکی شـــیعریی پەتییە، نەک دینی، بگرە ڕەهەندە دینییەکەی ناپێکێت، تەنیا لەڕێی شـــیعرییەتیەوە نەبێت. بەاڵم ئەو ڕەهەندە دینییە، ڕەهەندێکی دینییە بە مانا ڕەهاکەی، یان دەشێ بە مانا سەرەتایی، یان

Scanned with CamScanner

میتۆلۆجییەکەی. سـۆفیێتی لێرەدا بریتییە لە نوقمبوون لە خودێتیدا، خودێتیی ئەو بوونەوەرەی تـامەزرۆی ئـازادیی تـاکەکەسـییە، ئەو ئـازادییەی لە نـاخیـدا بە شـێوەیەکی غەریزی وەکو ئـاگر، تـاوی سەندووە: "جەستەم تەنگ بووە بە بەرم، ئەبەدم تەنگ بووە بە بەرم". بەم جۆرە شـاعیر هەندێ سـیمبوڵ لە ئەفسـانە کۆنەکان و هەندێ ئـایینەوە وەردەگرێ و بەکـاریـان دەهێنێت: گلگـامش و ئەنکیـدۆ و ئۆزیریس و ئیکار و فینیق و مەسـیح و غەزەلی غەزەلەکان و کتێبی جامیعە... کاتێکیش لەگەڵ ئەنکیدۆ دەدوێت، بەو شـێوەیەی گلگامش لەگەڵیدا دەدوێت، وەک ئەوەی "تارمایی مەرگ" بێت، بە نائومێدییەوە "کەڵکەڵەی نەمری" یان "گەشتی گەڕان بەدوای گیای نەمریدا"ی دێتەوە یاد و دەڵێت: "بۆ ئەو ڕۆژە بژی کە تێیدایت، نەک بۆ خەونت. هەموو شتێک فانییە... بۆ جەستەت بژی، نەک بۆ وەهمەکانت".

هەروەک چۆن گوتەکەی "کتێبی جـامیعە"ش دەهێنێتەوە "بێهوودەی بێهوودەکان، هەموو شـتێک بێهوودەیە..." بە شـێوازی ئەفلاتوونیش ڕایدەگەیەنێت کە "ژیان لەسەر زەوی سێبەرێکە بۆ ئەوەی کە نایبینن" وەک ئەوەی ژیانی ڕاستەقینە ون بێت (دەستەواژەیەکی ڕامبۆش هەیە کە دەڵێت: لەم جیهانەدا نەماوین، ژیانی ڕاسـتەقینە ونە). بەڵام شـاعیر زۆر نامێنێتەوە لای دیالەکتیکی ئایدیا و سـێبەرەکانی فەیلەسـووفی یۆنـانی، وەک چۆن زۆر لای ئـایدیـای قوربـانیبوونی مەسـیحیش نـامێنێتەوە، گەرچی چەنـد جـارێـک وێنەی مەسـیح وەکو خوازە بەکاردەهێنێت. چونکە شـیعر ئینتیمای یەکەمین و دواهەمینی شـاعیرە و زمان هەنووکە و ئایندەیەتی. هەرچەندە ئەو نکوولی لە سـیفەتی پێشـبین ناکات لە خۆیدا، بە مانا هەسـتی و ڕۆحییەکەی، واقیعی و خەونئـامێزەکەی، تێپەڕ و ئەزەلییەکەی: "هەر ئەڵێی تـا ئەبەد لێرە ئەژیم" یان "ئاسـمان ئەبینم لە بەردەسـتمایە" یان "من خەونی خۆمم... لە خەونێکەوە بۆ خەونێکی تر ئەفڕم و ئـامـانجێکم نییە". لە گەرمەی ڕوئیا، یان خەونیشـدا شـاعیر هەندێ لەو شـتانە دەگێڕێتەوە، کە

Scanned with CamScanner

بینیونی، یان خەونی پێوە بینیون، بەڵام بە شـــێوازی ڕوئیابینان، نەک خەوتوان. ئەوەی بینیویەتی باشترین نیشانەن بۆ ڕاستیی ئەو ئازارەی دەیچێژێت و گەوهەری ئەو ئەزموونەی تیای دەژی. شاعیر شتگەلێک دەبینێت کە سـەر بە ڕابردوو و هەنووکەین، سـەر بە ژیانی تایبەتی و ژیانی شـــیعرین. باوکی دەبینێت کە "لە حەج گەڕاوەتەوە و لە هۆش خۆی چووە...". وەک چۆن هەنـدێ وڵات دەبینێـت "بە دەســـتی سـپێدەئاسـاوە" لە ئامێزی دەگرن و پێی دەڵێن: "شـایستەی بۆنی نان بە". لەم ڕوئیایانەدا ڕابردووی تایبەتی و شـیعریی شـاعیر وەکو یەک ئامادە دەبن. لێرەدا "تەنوور"ەکەی دایکی دێتەوە یاد، هەروەها هاوڕێ کۆنەکـانی و ئەو جیهـانە بزربووەی کـاتی خۆی لە شـــیعرە ســـەرەتاییەکانی خۆیدا ســـترانی بۆ چڕیون. بەڵام ڕوئیا نامۆکانی ئەوانەن کە تێیاندا، بۆ نموونە ئەبوعەلای مەعەڕی، یان شـــاعیری فەرەنسـی ڕێنیێ شـار دەردەکەوێ، کە لەگەڵ فەیلەســووفی ئەڵمانی مارتن هایدیگەردا دانیشتوون: "دوو مەتر لەوڵامەوە، بینیمن شەرابیان ئەخواردەوە، باسـی شـیعریان نەئەکرد، گفتوگۆی بەینیان تیشـک بوو، سبەینێیەکی تێپەڕیش چاوەڕێی ئەکرد". ئەم دیدارەی نێوان ڕێنیێ شار و مارتن هایدیگەر، بەڕاسـتی ڕووی داوە، کاتێ لە دەوروبەری سـاڵی ١٩٥٥دا و لە ڕۆژێکی هاویندا و لەژێر داربەڕوویەکدا بۆ یەکەم جار یەکدی دەبینن و دەبێتە ســـەرەتای هاوڕێیەتییەکی گەرم لەنێوانیاندا، هەر ئەم هـاوڕێیەتییەش دەبێتە مـایەی ئەوەی کە هـایـدیگەر هـەنـدێ شـیعر بنووسـێت و پێشـکەشـی هاوڕێکەی بکات. سـێیەمیشـیان کە (ئامادەی ناڕامادە)یە لەو دیدارەدا، "هۆڵدەرلین"ی شـاعیرە لە قەسـیدە بەناوبانگەکەیدا "نـان و شـــەراب". مەحموود دەرویش بە شـــیعر ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و دەیکات بە دیوەکەی تری شـــیعر و زمان. مەرگ لێرەدا دەبێت بە پشـــکۆی ئەم قەســـیدە درێژە و ئاگرە خەفەبووەکەی، کە گڕ لە نهێنییەکانی ئەزموونەکە بەردەدات. شـــاعیر ســـەبارەت بە مەرگ نـانووســـێت، هێندەی خودی مەرگ خۆی

Scanned with CamScanner

دەنووسێتەوە، بەڵام بە ناسکی و هۆگرییەوە، نەک بە توندوتیژی و شڵەژانەوە. مەرگ هاوڕێیەکی هۆگرە و وا لە شاعیر ناکات لە ترسدا، یان لە ڕقدا پەنا بۆ بێدەنگی ببات، بەڵکو وای لێ دەکات سرووودی بۆ بچڕێت. سرووودچڕینیش لێرەدا سیفەتە گریکییە کۆنەکە بۆ شاعیر دەگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەم وەکو ئەوان نابێت بە سرووودبێژی کۆمەڵ، بەڵکو دەبێت بە سرووودبێژی خودی خۆی. دەشێ شاعیر ئەو "ئۆرفیۆس"ە تازەیە بێت کە بە سرووودچڕینی خۆی ئەفسوونی لە خواوەندە کۆنەکان کردووە و گیانەوەرە درندەکانی مااڵی کردووە. بەڵام ئۆرفیۆس لە مەملەکەتی مەرگدایە و بەتەنها بۆ ئەوە سرووود دەچڕێت تا مەرگ خۆیشی شەیدا و مااڵی بکات. شاعیریش چەند جارێک ئەو ڕستە لیریکییەی خۆی دووبارە دەکاتەوە: "سەوزە خاکی شیعرم، سەوز و بەرز" تا ئامادەبوونی شیعر لەناو مەرگدا بچەسپێنێت، وەکو ژیانێک لەناو مەرگدا. لە یەکێک لە کۆپلەکانیشدا خۆی "نەخۆشە لیریکییەکە" وەها باس لە پێداویستیی خۆی بۆ سرووودچڕین دەکات، وەک ئەوەی "پێداویستیی خوێن"ی بێت. خوێنیش سرووود دەچڕێت، نەک هەر شاعیر و زمان و پەیڤ. نووسەری فەرەنسی ژۆرژ پیرۆ چەند ڕاستی گوتووە کە دەڵێت: "لیریکییەت کاتێ ڕوو دەدات کە بزاوتی سێڵئاسا هەبێت: هیچ شتێک هێندەی خوێن، لیریک نییە". هەروەکو دەرویش دەڵێت زمان دەبێت بە "ئاژنینی خوێن" (وخز الدم)، بەڵام ئاژنینێکە هانی شاعیر دەدات بۆ سترانچڕینی زامدار و ڕوون، بەرز و کپ، سترانی دڵ و ڕۆح، سترانی یاد و خەیاڵ.

قەسیدەی "دیواربەند" بەتەنها قەسیدەیەکی لیریکی نییە، بەڵکو لەوە زیاترە. بڕێک لە نەفەسی داستانیی ئاشنا، یان خودگەرای تیایە. لەڕێی خودەوە گفتوگۆ لەگەڵ جیهاندا دەکات و لەڕێی مەرگەوە شتەکانی ژیان بەرجەستە دەکاتەوە. نە کۆمەڵە خەڵکێک هەن و نە نیشتمانێک و نە مەنفایەکی جوگرافی و نە نەخشەیەک، بەڵکو خودێکی نامۆ لەئارادایە لە جیهانێکی نامۆدا و "من"ێکی تەنیا، کە چێژی تەنیایی و

Scanned with CamScanner

ئازار و یادێک که ڕابردوو له کۆمەڵێک وێنەدا دەهێنێتەوە، که وەکو سەراب دەبریسکێنەوە. سەفەرەکە بۆ ناخە و مەنفاکەش هەر لە ناخدایە. بەڵام ئەو گەڕانەوەیەی شاعیر خەونی پێوە دەبینێت، گەڕانەوەیە بۆ زمان "لەوپەڕی گمەگمدا"، نەک گەڕانەوە بۆ "وڵات"، یان بۆ لای کەسوکار، یان خۆشەویست. مانەوە دەبێت بە مانەوە لە زماندا و ماڵیش دەبێت بە "ماڵێکی شیعری"، وەکو هایدیگەر دەڵێت. بەڵام ئەو شاعیرەی مەرگ لە ئامێز دەگرێت، وەکو مۆریس بلانشۆ دەڵێت "لە بزربوونێکی تەواوی شوناسیدا" لە خۆی نزیک دەبێتەوە. هەنگینێ مەحموود دەرویێش ڕوو لە خۆی دەکات و دەڵێت: "من تەنیام لە سپێتیدا..." یان لە خۆی دەپرسێت: "من کێم؟" بەڵام هێندەی پێ ناچێت گوێ بۆ ئەو شتانە هەڵدەخات کە "پیتە تەمومژاوییەکان" پێی دەڵێن: "بنووسە بۆ ئەوەی هەبیت". ئیتر پەی بەوە دەبات کە "ناخی ڕووبی شیعرە". بەڵام ئەوە زمانە کە "هەنووکە"ی ڕزگار دەکات، هەنووکەش نە ئێستایە و نە ڕابردوو، بەڵکو نازەمەنە.

هەروەها قەسیدەی "دیواربەند" بەتەنها قەسیدەیەکی تراجیدی و درامایی نییە، گەرچی پشت بە دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و ڕەهەندی درامایی و یاریکردن بە ڕاناوەکان دەبەستێت. ئەمە جگە لە بونیادی ئاڵۆزی پشتبەستوو بە دووپاتکردنەوە(ی ئەنقەست) و هێنانەوەیاد و جیناسی لەفزی، یان ڕیتمی و هەندێ جاریش بەبازنەییکردن (التدویر). ئەمە قەسیدەی قەسیدەکانە، قەسیدەی "دیواربەند"ە بەناویەکداچووەکان و ئەو دیمەنانەیە کە لە دنیای مەرگەوە هەڵدەقوڵێن، کە خۆی لە خۆیدا بیداربوونەوەیە، هەروەها لە قوواڵیی خەیاڵەوە، کە لە هەمان کاتدا یادە. قەسیدەی غوربەت و هۆگرییە، قەسیدەی گەڕانە بەدوای خود و منداڵ، بەدوای ڕابردووی دوور و ناودا، بەدوای شیعردا وەکو ئاڵتەرناتیڤێکی مەرگ و بەدوای مەرگدا، وەکو ئاڵتەرناتیڤێکی شیعر.

شاعیر قەسیدەکەی بە "ئەمە ناوی تۆیە" دەست پێ دەکات تا لە کۆتاییدا پەی بەوە دەبات کە ناوی، ئەگەرچی بە هەڵەش گوێ بکات،

Scanned with CamScanner

لە پێنج پیتی "پێکهاتە ئاسۆیی" دروست بووە. لەڕێی پیتەکانی ناوەکەشیەوە، عیشق و هەتیوی و ماجەراجۆیی و مەنفا و وادە و مالئاوایی و ڕێگە و فرمێسک و گوڵەباخ و باخچە پێکەوە کۆدەکاتەوە. بەکورتی، ئەمانە ئەو وشانەن کە جیهانی شاعیر پێکدەهێنن، وەک چۆن ژیان و مەرگیشی پێکدەهێنن. مەحموود دەرویش کە لەم قەسیدە درێژەدا زۆر تاکگەرا دەنوێنێت، لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئەزموونەی پیای تێدەپەڕێت (یان پیا تێپەڕیوە) ئەزموونی تاکەکەسێک و خودێکە، ئەزموونی شاعیرێکی تەنیایە، لە جیهاندا نیشتەجێیە، وەک چۆن لە مەرگیشدا نیشتەجێیە، هەروەها نیشتەجێی ژیانە، وەک چۆن نیشتەجێی زمانە، ئەی ئەوە نییە شاعیر لە کۆتاییدا دەڵێت:

"لێ من کە پڕ بووم لە هەموو کەرەسەکانی کۆچ، هیچ خۆم نیم. من هیچ خۆم نیم..."

---

*سەرچاوەی هەردوو بابەتەکە:

"محمود درویش: الغريب يقع على نفسه/ قراءة في أعماله الجديدة" عبده وازن، رياض الريس للكتب و النشر، ط١ ٢٠٠٦ بيروت/لبنان.

Scanned with CamScanner

بۆ ئەوەی خوێنەر نایابترین کتێب بن
فۆلۆمان بکەن
instagram:ktebkhana.pdf

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

"قاوەخانەیەک، تۆش لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا"

قاوەخانەیەک، تۆش لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا دانیشتووی
نا... تەنیا نییت، نیوەی پێکەکەت بەتاڵە و
هەتاویش نیوەکەی تری پڕ کردووە
لەودیوی جامخانەکەوە
ئەو ڕێبوارانە ئەبینی کە بە خێرایی ڕێ ئەکەن
تۆ نابینرێی (ئەمە سیفەتێکی غەیبانییە:
ئەبینی، بەڵام نابینرێی)
چەند ئازادیت ئەی فەرامۆشکراوی ناو ئەم قاوەخانەیە
کەس کاریگەریی کەمانچەکە لەسەر تۆ نابینێ

Scanned with CamScanner

کەس چاو نابڕێتە دیاربوون و دیارنەبوونت
کەس لە تەمومژت ورد نابێتەوە
گەر بڕوانیتە کچێک و لە بەردەمیا بشکێیتەوە
چەند ئازادیت لە هەڵسوڕانی کارە تایبەتەکانی خۆتدا
لەم ئاپۆرەیەدا... بێ هیچ چاودێرییەکی خۆت، یا خوێنەرێ
چی ئەکەی بیکە
حەز ئەکەی کراسەکەت داکەنە... پێڵاوەکەت
تۆ فەرامۆشیت و لە خەیاڵکردن ئازادیت
نە ناو و نە ڕوخسارت لێرە کاریگەرییەکیان نییە
خۆت چۆنیت، وەهایت
نە هاوڕێیەک... نە دوژمنێ
داوای بەخشین بکە لەو کچەی
لەم قاوەخانەیە جێیهێشتی
لەبەر ئەوەی... تۆ نە سەرنجی
ستایلە تازەکەی قژبڕینی ئەوت دا
نە ئەو پەپوولانەی لەسەر چاڵەکانی ڕوومەتی
سەمایان ئەکرد
داوای خۆشبوون بکە بۆ کەسێ
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان داوای کرد تۆ بکوژرێی
تەنها لەبەر ئەوەی تۆ نەمردی
ئەو ڕۆژەی خۆت بە ئەستێرەیەکدا کێشا
یەکەمین سترانەکانیشت
بە مەرەکەبەکەی ئەو نووسی

Scanned with CamScanner

قاوەخانەیەک، تۆش لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا
بە فەرامۆشی... لە قوژبنێکا دانیشتووی
کەسێ نییە سووکایەتی
بە میزاجی سافت بکا
کەسێ نییە بیر لە کوشتنت بکاتەوە
ئای کە فەرامۆش و ئازادی لە خەیاڵکردنا!

Scanned with CamScanner

'هیچم به لاوه خۆش نییه'

موسافیرێکی ناو پاسەکە ئەڵێ:
هیچم به لاوه خۆش نییه
نه ڕادیۆ و نه ڕۆژنامەکانی بەیانی و
نه قەڵای سەر گردۆڵکەکان
ئەمەوێ بگریم.
شۆفێرەکە ئەڵێ:
چاوەڕێ که تاکو ئەگەینه وێستگەکه
که گەیشتین... لەوێ بۆخۆت تێرتێر بگری.
ژنێ ئەڵێ: منیش... منیش هیچم به لاوه خۆش نییه
کوڕەکەم بردە سەر گۆڕەکەی خۆم

Scanned with CamScanner

پێی خۆش بوو و خەوی لێکەوت
ماڵئاواییشی لێ نەکردم.
خوێندکارەکەی زانکۆ ئەڵێ:
منیش... هیچم بە لاوە خۆش نییە
ئارکیۆلۆجیام خوێند...
بەبێ ئەوەی لە بەرددا شوناس بدۆزمەوە
ئاخۆ بەڕاستی من منم؟
سەربازێک ئەڵێ: منیش
منیش هیچم بە لاوە خۆش نییە
بەردەوام گەمارۆی تارماییەک ئەدەم
کە گەمارۆم ئەدا.
شۆفێرە تووڕەکە ئەڵێ:
وا لە دواوێستگە نزیک بووینەوە
بۆ دابەزین ئامادە بن.
هەموویان هاوار ئەکەن:
ئەمانەوێ بۆ ئەولای وێستگەکە بچین
مەوەستە و بڕۆ.
وەلێ من ئەڵێم: لێرە دامگرە
منیش وەکو ئەوان هیچم بە لاوە خۆش نییە
بەڵام شەکەت بووم لە سەفەر

Scanned with CamScanner

"ئەو لە ئێوارەدا"

ئێوارەیە و ئەو بەتەنیا هەر خۆیەتی
منیش وەک ئەو تەنیا خۆمم
لە ڕیستۆرانێکی زستانەدا
دوو میّزی بەتاڵ
لەنێوانی من و مۆمەکانی ئەودا هەیە
(هیچ شتێ بیّدەنگیمان شلوێ ناکا)
ئەو من نابینێ کاتێ ئەیبینم
گوڵێ لە سنگی ئەکاتەوە
منیش نایبینم کاتێ ئەمبینێ
قومەماچێ لە شەرابەکەی بەردەمم ئەدەم
ئەو نانەکەی لەتلەت ناکا
منیش ئاوەکە ناڕێژم
بەسەر سەرمیّزی کاغەزا
(هیچ شتێ بیّدەنگیمان شلوێ ناکا)
ئەو هەر بە تەنیا خۆیەتی و

Scanned with CamScanner

منیش له ئاست جوانییەکەی ئەودا هەر خۆمم
ئەم خۆشییە بۆ بە یەکمان ناگەیەنێ؟
من له دڵی خۆمدا وتم: بۆ تامی بادەکەی نەکەم؟
ئەو من نابینێ کاتێ ئەیبینم
قاچی لەسەر قاچ لائەبا
منیش نایبینم کاتێ ئەمبینێ
پاڵتۆکەی بەرم دائەکەنم
ئەو بە هیچ شتێکی من بێزار نابێ
منیش بە هیچی ئەو بێزار نابم
لەو فەرامۆشییەدا
هەردووکمان پێکەوە گونجاوین
شێوی هەریەکەمان بە جیا بەتام بوو
شەویش... ڕەنگی شین بوو
من بە تەنیا نەبووم... ئەویش بە تەنیا نەبوو
پێکەوە گوێمان بۆ بلوور شل کردبوو
(هیچ شتێ شەومانی تێک نەئەشکاند)
ئەو نااڵێ:
خۆشەویستی بە زیندوویی لەدایک ئەبێ و
پاشان ئەبێتە بیرۆکەیەک...
منیش نااڵێم:
خۆشەویستی بووەتە بیرۆکەیەک

بەاڵم پێئەچێ هەر وا بێ!

Scanned with CamScanner

"بۆ دایکم"

بیری نانەکەی دایکم ئەکەم
بیری قاوەکەی
بیری دەستی... کاتێ ئەیهێنا بە سەرما
ڕۆژ بە ڕۆژ منالّی لە ناخما گەورە ئەبێ و
عاشقی تەمەنی خۆم ئەبم
لەبەر ئەوەی ئەگەر بمرم
شەرم لە ئەشکی دایکم ئەکەم
ئەگەر ڕۆژێ گەڕامەوە
بمکە بە شالّ بۆ برژانگی چاوەکانت
بە گژوگیا ئێسقانەکانم داپۆشە

Scanned with CamScanner

من ئەمەوێ بە بنی پێیەکانی تۆ پاک بمەوە
بە چەند تاڵێ لە پرچی خۆت بمبەستەوە
بە داوێ لە داوەدەزووی دامێنی کراسەکەت
بەڵکو... ببم بە خواوەند
ئەگەر دەستم بەر قوواڵایی دڵت کەوێ
ئەبمە خواوەند
ئەگەر ڕۆژێ گەڕامەوە
بمکە بە دار بۆ ئاگری تەنوورەکەت
بمکە بە تەناف بۆ جلەکانی خۆت لە سەربان
لەوەتەی لە دووعاکانت بێبەشم
خۆم بۆ ڕاناگیرێ بەپێوە
پیر بووم دایە
ئەستێرەکانی منالێم بۆ بێنەوە
تا لەگەڵ زەڕنەقووتەکانا
بەرەو هێلانەی چاوەڕوانیی تۆ بێمەوە

Scanned with CamScanner

"من یوسفم بابه"

من یوسفم بابه
براکانم منیان خۆش ناوێ بابه
نایانەوێ لەگەڵیان بم بابه
دەسدرێژیم ئەکەنە سەر و
بەردباران و جنێوبارانم ئەکەن و
ئەیانەوێ بمرم تا مەدح و سەنام کەن
دەرگای ماڵەکەی تۆیان لەسەر داخستم
لە مەزراکە دەریان کردم
ڕەزەکەیان ژاراوی کردم ..بابه
یارییەکانیان وردوخاش کردم ..بابه
کە نەسیمێ هەڵیکرد و یاریی بە قژم کرد
ئیرەییان پێ بردم و لە منیش و لە تۆش تووڕە بوون
بابه من چیم کردووە لەوان؟
پەپوولەکان خۆیان لەسەر شانم نیشتنەوە

Scanned with CamScanner

گوڵەگەنمەکان خۆیان بۆم چەمانەوە
باڵندەکان خۆیان لەسەر لەپی دەستم هەڵنیشتن
ئیتر من چیم کردووە بابە؟
بۆچی من؟
تۆ ناوت نام یوسف
براکانم فڕێیاندامە بنی بیرەکەوە و
گورگیشیان بەو کارە تاوانبار کرد
گورگ لە براکانم بەڕەحمترە ..بابە
ئاخۆ من غەدرم لە کەس کرد کاتێ وتم:
"یانزە هەسارەم بینی
لەگەڵ خۆر و مانگدا
بینیمن سوجدەیان بۆ ئەبردم؟ ﷺ"

---

*ئامازەیە بۆ ئەو ئایەتەی سوورەتی یوسف کە دەڵێت: "إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا، وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ، رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ".

Scanned with CamScanner

'پاشماوەی ژیانێک'

ئەگەر ڕۆژێ پێیان وتم:
تۆ ئەم ئێوارەیە ئەمریت
ئەم ماوە کورتەی کە ماوە چی ئەکەی؟
- سەیری سەعاتەکەی دەستم ئەکەم
پەرداخێ شەربەت ئەخۆمەوە
گازێک لە سێوێ ئەگرم
لە مێرووڵەیەک ورد ئەبمەوە
کە ئازووقەی بۆ خۆی پەیدا کردووە
ئینجا سەیری سەعاتەکەم ئەکەمەوە
کاتم بەدەستەوە ماوە بۆ ڕیشتاشین
ئەچمە حەمام و خۆم ئەشۆم
شتێ بە بیرما گوزەر ئەکا:
'نووسین ڕازانەوەی ئەوێ

Scanned with CamScanner

کەواتە با جلەکە شین بێ"
تا نیوەڕۆ لەسەر میزی کارەکەی خۆم دائەنیشم
ئاسەواری ڕەنگ لە وشەکانا نابینم
سپی... سپی... سپی
دوا قاوەڵتیی خۆم ساز ئەکەم
دوو پێک شەرابیش تێئەکەم
یەکێ بۆ خۆم
یەکێکیش بۆ ئەو میوانەی بێ وادە دێ
ئینجا... لە بەینی دوو خەونا سەرخەوێ ئەشکێنم
بەڵام لە پرخەپرخی خۆم بەئاگا دێم
پاشان سەیری سەعاتەکەی دەستم ئەکەمەوە:
کاتم بەدەستەوە ماوە بۆ خوێندنەوە
بەشێ لە "دانتی" و نیو "موعەللەقە" ئەخوێنمەوە و
ئەبینم چۆن ژیان لە منەوە ئەڕوا بۆ ئەوانی دی
ناشپرسم کێ ئەو بۆشاییە پڕ ئەکاتەوە

- ئاوا؟
- ئاوا، بەڵێ ئاوا
- ئەی دوای ئەوە؟
- قژم دائەهێنم، شیعرەکە فڕێ ئەدەم
ئەم شیعرە فڕێ ئەدەمە تەنەکەی خۆڵەکەوە
ئینجا تازەترین کراسی ئیتاڵیم لە بەر ئەکەم
ئاپۆرەیەک کەمانچەی ئیسپانی دوای خۆم ئەخەم و
بەرەو گۆڕستان مل ئەنێم.

Scanned with CamScanner

"ڕوانینێک"

جیاوازی لەنێوان نێرگز و گوڵەبەڕۆژەدا
جیاوازییە لەنێوان دوو ڕوانینا:
یەکەمیان سەیری وێنەکەی خۆی
لە ئاودا ئەکات و ئەڵێ:
جگە لە من، هیچ منێکی دیکە نییە!
دووەمیشیان سەیری خۆر ئەکات و ئەڵێ:
من ئەو شتەم ئەپەرستم
کە شەویش دێ
ئەو جیاوازییە کاڵ ئەبێتەوە و
بەری ڕاڤە والاّ ئەبێ.

Scanned with CamScanner

"لەسەر ئەم زەوییە"

هێشتا لەسُەر ئەم زەوییە
هەندێ شت ماون ئەهێنن بۆیان بژیین
دووبارەبوونەوەی گوڵان
بۆنی نانی بەرەبەیان
ڕاوبۆچوونەکانی ژنێ لەسەر پیاوان
نووسینەکانی ئەسخیلیۆس
سەرەتاکانی دڵداری
چیمەنی ڕواوی سەر بەردێ
ئەو دایکانەی لەسەر دەزووی نایەک وەستاون
ترسی داگیرکەر لە یادەوەری

Scanned with CamScanner

هێشتا لەسەر ئەم زەوییە
هەندێ شت ماون ئەهێنن بۆیان بژیین
کۆتاییەکانی خەرمانان
خانمێ بە جەستەیەکی ساغەوە
کە چل ساڵی بەڕێ ئەکا
چرکەساتی خۆرکەوتن لە بەندیخانە
گەواڵەهەورێ کە لاسایی بوونەوەرانێ ئەکاتەوە
هاواری خەڵکێ بۆ ئەو کەسانەی
بەدەم خەندەوە بۆ مەرگی خۆیان هەڵئەکشێن
ترسی زۆردار لە گۆرانی

هێشتا لەسەر ئەم زەوییە
هەندێ شت ماون ئەهێنن بۆیان بژیین
دایکی هەموو سەرەتاکان
دایکی هەموو کۆتاییەکان
کە پێیان ئەوت فەلەستین
کە پێی ئەڵێن فەلەستین
خانمەکەم: چونکە تۆ خانمی منی
ئەهێنێ... ئەهێنێ بژیم.

Scanned with CamScanner

"ئەو ئارامە و منیش ئارام"

ئەو ئارامە و منیش ئارام
ئەو چای لیمۆ ئەخواتەوە
من قاوەکەم
ئەمەیە جیاوازیی بەینمان
ئەویش وەک من، کراسێکی دەڵب و خەتخەتی لە بەرە
منیش وەک ئەو، ڕۆژنامەکانی ئێوارە ئەخوێنمەوە
ئەو نامبینێ کاتێ دزەنیگای ئەکەم
من نایبینم کاتێ دزەنیگام ئەکا
ئەو ئارامە و منیش ئارام
بۆیەکە دێ و داوای شتێکی لێ ئەکا

Scanned with CamScanner

بۆیەکە دێ و داوای شتێکی لێ ئەکەم
پشیلەیەکی ڕەش بە نێوانمانا ڕەت ئەبێ
من هەست بە شەوی تووکەکەی ئەکەم
ئەو هەست بە شەوی تووکەکەی ئەکا
من بەو نالێم ئەمڕۆ ئاسمان شین و سافە
ئەو پێم نالێ ئاسمان سافە
ئەو هەم بینراو و بینەرە
من هەم بینراو و بینەرم
من پێی چەپم ئەجوولێنم
ئەو پێی ڕاستی ئەجوولێنێ
من لەبەرخۆوە گۆرانی ئەلێمەوە
ئەو لەبەرخۆوە گۆرانی ئەلێتەوە
ڕائەمێنم: ئاخۆ ئەو ئاوێنەیەکە و
من خۆمی تێدا ئەبینم؟!
ئینجا ئاوڕ ئەدەمەوە تا سەیری چاوەکانی کەم
لێ نایبینم
زۆر بە پەلە کافتریاکە بەجێدێڵم
لە دڵی خۆما ئەڵێم ڕەنگە
ئەو کابرایەکی بکوژ بێ
یان ڕەنگە ئەو ڕێبوارێ بێ و
وا بزانێ من بکوژم
ئەو ئەترسێ و
من ئەترسم.

Scanned with CamScanner

"بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە"

کاتێ بەرچایی ئامادە ئەکەی
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە
خواردنی کۆترەکانت بیرنەچێ
کاتێ شەڕ هەڵئەگیرسێنی
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە
ئەو کەسانەت لە بیر نەچێ
کە شەیدا و هەڵوەدای ئاشتین
کاتێ کە پارەی ئاو ئەدەی
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە

Scanned with CamScanner

ئەو کەسانەی کە چاوەڕێن
مەمکی هەورەکان بمژن
کاتێ ئەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، ماڵەکەی خۆت
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە
ئەو خەڵکانەی لە خێوەتگەکانا ئەژین
کاتێ ئەخەوی و ئەستێرە هەژمار ئەکەی
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە
ئەوانەی شوێنێ شک نابەن تیا بخەون
کاتێ بە خوازە خۆت ئازاد ئەکەی
بیر لە کەسانێکی دیکە بکەرەوە
ئەوانەی مافی قسەیان زەوت کراوە
کاتێکیش بیر لە کەسە دوورەکان ئەکەیتەوە
بیر لە خۆت بکەوە و بڵێ:
بریا ئەبوومە مۆمێ لە تاریکییا.

Scanned with CamScanner

"من خەڵکی ئەوێم و یادەوەریم هەیە"

من خەڵکی ئەوێم و یادەوەریم هەیە
وەکو هەموو کەسێکی دی لەدایک بووم
دایکێکم هەیە، ماڵێکی پڕ لە پەنجەرە
براء هاوڕێ، زیندانێکی پەنجەرەسارد
شەپۆلێکم هەیە... نەورەسەکان ڕفاندوویانە
دیمەنی تایبەت بە خۆمم هەیە
چیمەنێکی زۆرم هەیە

Scanned with CamScanner

لەوپەڕی پەیڤەکانەوە مانگێکم هەیە
لەگەڵ ڕزقی مەلەکان و
دارزەیتوونێکی جاویدان
بەرلەوەی شمشێرەکان
بەسەر جەستەیەکا گوزەر کەن و بیکەن بە خوان
بەم خاکەدا تێپەڕیوم
من خەڵکی ئەوێم
کە ئاسمان بۆ دایکی ئەگری
ئەیبەمەوە بۆ لای دایکی
ئەگریم تا هەورێکی گەڕاوە بمناسێتەوە
هەموو ئەو پەیڤانە فێربووم کە شایانی دادگای خوێنن
تاکو ڕێساکە بشکێنم
گشت ئەو پەیڤانە فێر بووم و لەبەریەکم هەڵوەشان
تا وشەیەک بخوڵقێنم:
نیشتمان.

Scanned with CamScanner

"ڕیتا و تفەنگ"

لەنێوانی ڕیتا و چاوەکانی منا، تفەنگێ هەیە
هەر کەسێ ڕیتاش بناسێ
ئەکەوێتە سەرئەژنۆ و نوێژی بۆ ئەکا
بۆ ئەو خوایەی
لە چاوە هەنگوینییەکانی ئەوا هەیە
ڕیتام بە منالّی ماچ کردووە
بە بیرم دێ
چۆن خۆی ئەنووسان پێمەوە
باسکم... جوانترین پرچی ئەوی دائەپۆشی
من ڕیتا دێتەوە یادم

Scanned with CamScanner

هەروەکو چۆن چۆلەکەیەک
جۆگەلەکەی دێتەوە یاد

ئاخ ڕیتا!
لەنێوانی من و تۆدا
ملیۆنێ چۆلەکە و وێنە و ژوان هەیە
تفەنگێ تەقەی لێ کردن!
ناوی ڕیتا جەژن بوو لەناو زارمدا
لەشی ڕیتا زەماوەند بوو لە خوێنمدا
دوو دانە ساڵ من لەناو ڕیتادا ون بووم
ئەو دوو ساڵ لەسەر باسکم نوست
لەسەر جوانترین جامی مەی
بەڵێنمان بە یەکتر ئەدا
لە شەرابی لێوانمانا گڕمان گرت و
سەرلەنوێ زیندوو بووینەوە
ئاخ ڕیتا!
جیا لە تفەنگ چی ئەیتوانی
چاوم لەسەر چاوت لابا
جگە لە دوو سووکەخەو و
ڕەوەهەورێکی هەنگوینی
هەبوو نەبوو
ئاخ ئەی خامۆشییەکەی شەفەق
مانگەکەی من دەمەوبەیان

Scanned with CamScanner

کۆچی کرد بۆ شوێنێکی دوور
بۆ ناو چاوە هەنگوینییەکان
شاریش... گۆرانیبێژەکانی گسک دا
لەگەڵ ڕیتا
لەنێوانی ڕیتا و چاوەکانی منا
تفەنگێ هەیە.

Scanned with CamScanner

"نەرمەبارانێک لە پایزێکی دووردا"

نەرمەبارانێ لە پایزێکی دوورا
چۆلەکەکان شین... شین
خاکیش جەژن
پێم مەڵێ پەڵەهەورێکیت بە ئاسمانی فڕۆکەخانەوە
چونکە من جگە لە سەرپۆشەکەی دایکم و
کەرەسەی مەرگێکی نوێ
هیچم لەم وڵاتە ناوێ
کە لە پەنجەرەی وڵاتێکەوە کەوتە خوارێ
نەرمەبارانێ لە پایزێکی نامۆدا
پەنجەرەکان سپی... سپی
خۆر بێستانێکە لە زەردەپەڕا و

Scanned with CamScanner

من پرتەقاڵێکی دزراو
ئیتر بۆچی تۆ لە جەستەی من ڕائەکەی
لە کاتێکدا... من جگە لە سەرپۆشەکەی دایکم و
کەرەسەی مەرگێکی نوێ
هیچم لەم وڵاتی چەقۆ و بولبولە ناوێ
نەرمەبارانێ لە پایزێکی غەمگینا
ژوانەکان سەوز... سەوز
خۆر قوڕاوی
نەڵێی لە کاتی کوشتنی یاسەمینا تۆمان بینی
ڕوخساری من ئێوارە بوو و
مەرگیشم کۆرپەلەیەک
من هیچم لەم وڵاتە ناوێ
کە زمانی نادیارەکانی لە بیر چووەتەوە
جگە لە سەرپۆشەکەی دایکم و
کەرەسەی مەرگێکی نوێ
نەرمەبارانێ لە پایزێکی دوورا
چۆلەکەکان شین... شین
خاکیش جەژن
چۆلەکەکان بەرەو زەمەنێ فڕین
کە چیتر ناگەڕێتەوە
تۆش ئەتەوێ نیشتمانەکەم بناسی؟
ئەوەی لەنێوانماندایە؟
- نیشتمانەکەی من

Scanned with CamScanner

لەزەتێکە و کۆت کراوە

- ماچەکەی من بە پۆستەدا نێردراوە

لە وڵاتەکەم... کە منی کردە قوربانی

هیچم ناوێ

جگە لە سەرپۆشەکەی دایکم و

کەرەسەی مەرگێکی نوێ.

Scanned with CamScanner

'خۆشەویستی لە قاوەخانەیەکی بچووک ئەچێ'

خۆشەویستی
لە قاوەخانەیەکی بچووکی سەر شەقامی غەریبان ئەچێ
دەرگای بۆ هەموان والآیە
قاوەخانەیەک کە بەگوێرەی کەشوهەوا
لێی زیاد ئەبێ و لێی کەم ئەبێ
لە کاتی لێزمەبارانا
خەڵکێکی زۆر ڕووی تێئەکەن
کاتێ هەواش فێنک ئەبێ
ژمارەیان کەم ئەبێتەوە و بێزاری
باڵیان بەسەردا ئەکێشێ

Scanned with CamScanner

ئەی ژنە غەریبەکەی ئەو سووچە
من وام لێرەدا دانیشتووم
ڕەنگی چاوەکانت چۆنە؟ ناوت چییە؟
کە بە لاما گوزەر ئەکەی، چۆن بانگت کەم،
لە کاتێکا من دانیشتووم چاوەڕێی تۆم؟
قاوەخانەیەکی بچووکە خۆشەویستی
دوو پێک شەراب داوا ئەکەم
لە خۆشیی خۆم و خۆشیی تۆ، هەڵیانئەدەم
دوو کڵاو و چەترێ هەڵئەگرم
ئەوەتا وا باران ئەبارێ
لە هەموو ڕۆژێ زیاتر ئەبارێ
تۆش هەر نایەیت و ... خۆت ناکەی بە ژوورا
دواجار لە دڵی خۆما ئەڵێم:
لەوانەیە ئەو ژنەی من چاوەڕێی بووم
ئەویش چاوەڕێی من بووبێ
یان چاوەڕێی پیاوێکی تری کردبێ
چاوەڕێی کردووین و
نەیناسیوەتەوە/ نەیناسیومەتەوە
وتووشیەتی: وام لێرە چاوەڕوانی تۆم
ڕەنگی چاوەکانت چۆنە؟ حەزت لە چ شەرابێکە؟
ناوت چییە؟
کە بە لاما گوزەر ئەکەی، چۆن بانگت کەم؟
لە قاوەخانەیەکی بچووک ئەچێ، خۆشەویستی.

Scanned with CamScanner

"ئومێدێک"

هێشتا لە دەفرەکانتانا
کەموسکەیەک هەنگوین ماوە
مێشەکانیان لێ دەربکەن
تا ئەو هەنگوینەی کە ماوە، بیپارێزن

هێشتا لە ڕەزەکانتانا
هەندێ بۆڵەترێ ماوە
پاسەوانانی ڕەزەکان

Scanned with CamScanner

چەقەڵەکان دوورخەنەوە
با ئەو تریێیە پێ بگا

هێشتا لە ماڵەکانتانا
حەسیر و دەرگایەک ماوە
بەری ڕەشەبا... لەو منالانەتان بگرن
بەڵکو خەویان لێ بکەوێ
زریانێکی گەلێ ساردە
ئەو دەرگایانە دابخەن

هێشتا خوێن بەناو دڵتانا
دێت و ئەچێ
باوکان... ئەو خوێنە مەڕێژن
لە هەناوتانا کۆرپەلە هەیە

هێشتا لە ئاگردانەکانتانا
دار هەیە
لەگەڵ قاوە و چەپکێ گڕا.

Scanned with CamScanner

"نەهات"

نەهات
وتیشم: نایەت...
کەواتە ئەم ئێوارەیە بە جۆرێ ڕێک ئەخەمەوە
لەگەڵ نائومێدیی خۆم و نەهاتنەکەی ئەودا بگونجێ
مۆمەکانیم کوژانەوە
کارەباکەشم داگیرسان
پێکەشەرابەکەی ئەوم هەڵدا و
پەرداخەکەیم شکاند
مۆسیقای خێرای کەمانەکانم لابرد و
گۆرانیی فارسیم خستە سەر

Scanned with CamScanner

وتم: نایەت
بۆینباخە شیکەکەم دائەکەنم
بەم جۆرە حەساوەترم
بیجامەیەکی شین ئەپۆشم
کەی پێم خۆش بوو
بە پێی پەتی دێم و دەچم
بە چوارمشقی لەسەر قەنەفەکەی دائەنیشم
لە بیر خۆمی ئەبەمەوە
هەموو شتی نەهاتنەکەی لە بیر ئەکەم
ئەو شتانەشم خستنەوە جێگەی خۆیان
کە بۆ خاتری هاتنەکەی ئەو ڕێکم خستبوون
گشت پەردەکانم لادا و پەنجەرەکانم کردنەوە
نهێنییەک لە جەستەما نییە بەرامبەر شەو
جگە لەو چاوەڕوانییەی ئەو و
ئەوەی ئەویش لە دەستی دا...
گاڵتەم بەو تاسەیەی خۆم کرد
کە بۆ بۆنخۆشکردنی هەواکە و لەبەر ئەو
ئاوی گوڵ و ئاوی لیمۆم پێدا پرژان!
نایەت...
گوڵی "ئۆرکید"ەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ ئەگوێزمەوە
تا لەسەر ئەو لەیادکردنەی سزای بەم
ئاوێنەی سەر دیوارەکە بە پاڵتۆیەک دائەپۆشم
تا چیتر تیشکدانەوەی وێنەکەی ئەو نەبینم و

Scanned with CamScanner

چیتر پەشیمان نەبمەوە
ئەو غەزەلە کۆنانەش فەرامۆش ئەکەم
کە دامنابوون بیانڵێم بۆی
لەبەر ئەوەی شایستەی هیچ شیعرێ نییە
با شیعرێکی دزراویش بێ
بۆیە لە بیر خۆم بردەوە
هەر بە پێوە ژەمێ خۆراکی خێرام خوارد
بەشێکم لە کتێبێ خوێندەوە
لەمەڕ هەسارە دوورەکان
بۆ ئەوەی ئەو ئازاردانەی ئەویشم لەبیرچێتەوە
قەسیدەیەکم نووسی
ئەم قەسیدەیە.

Scanned with CamScanner

"له بیر ئەچیتەوە، وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت"

له بیر ئەچیتەوە، وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت
له بیر ئەچیتەوە، وەکو مەرگی باڵندەیەک
وەک کەنیسەیەکی چۆڵکراو له بیرئەچیتەوە
وەک خۆشەویستییەکی تێپەڕ
وەک گوڵەباخێ له شەوا... له بیر ئەچیتەوە

من بۆ ڕێگەم... کەسانێ هەن بەر له من هەنگاویان ناوە
کەسانێ هەن خەونەکانیان بە خەونەکانی من وتووەتەوە
کەسانێ هەن پەیڤەکانیان بە شێوەی سروشتیی خۆیان
وەشاندووە

Scanned with CamScanner

تا بچنە ناو حیکایەتەوە
یان ئاسەوارێکی لیریکی، یان زەینڕوونییەک
بۆ کەسانێ ڕوونکەنەوە کە دواتر دێن
بیرئەچیتەوە... وەک ئەوەی هەرگیز
نە کەسێ بووبیت، نە دەقێ... بیر ئەچیتەوە

من پشت بە هەستی پەیبردن ئەبەستم و هەنگاو ئەنێم
لەوانەیە بایۆگرافیا بە حیکایەت ببەخشم
وشەکان من جڵەو ئەکەن و منیش ئەوان
من شێوەیانم، ئەوانیش تەجەللای ئازاد
لێ ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم، وتراوە
سبەینێیەکی ڕابردووم لەپێشە
من پاشای دەنگدانەوەم
جگە لە پەراوێزەکان، هیچ عەرشێکم نییە
ڕێگەش شێوازە
پێئەچێ پێشینەکان وەسفی شتێکیان بیرچووبێ
یاد و هەستی تیا بجوولێنم

لە بیر ئەچیتەوە، وەک ئەوەی هەرگیز
نە هەواڵێ بووبیت و نە ئاسەوارێ... لە بیر ئەچیتەوە

من بۆ ڕێگەم... کەسانێ هەن بەدوای هەنگاوەکانما دێن
کەسانێ هەن شوێنپێی خەونەکانم هەڵئەگرن

Scanned with CamScanner

شیعر بۆ ستایشی باخچەکانی مەنفا ئەڵێن
لە بەردەمی ماڵەوەدا، ئازاد لە پەرستنی دوێنێ
ئازاد لە کینایەکانم و لە زمانم
شایەتی ئەدەم کە زیندووم
کە ئازادم
کاتێ لە بیر ئەچمەوە.

Scanned with CamScanner

"ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن"

ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن
ناوەکانی خۆتان هەڵبگرن و بڕۆن
کاتژمێرەکانتان لە کاتەکانی ئێمە بکێشنەوە و بڕۆن .
چەندتان ئەوێ لە شینایی دەریا و لمی یاد... بیدزن
چەند وێنەتان ئەوێ، بیدزن
تا بزانن کە نازانن
چۆن بەردێکی ئەم خاکەمان ساپیتەی ئاسمان ڕۆئەنێ
ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن
لە ئێوە شمشێر و ... لە ئێمە خوێن
لە ئێوە پۆڵا و ئاگر و... لە ئێمە گۆشت

Scanned with CamScanner

لە ئێوە تانکێکی تر و... لە ئێمە بەرد
لە ئێوە گازی فرمێسک و... ئێمە باران
هەمان ئاسمان و هەوای ژوورسەری ئێوەش
وا لە ژوورسەرمان
بەشی خۆتان ببەن لە خوێنەکەی ئێمە و
جێمان بێڵن
بچنە ئێوارەئاهەنگێکی سەماوە و...
جێمان بێڵن
ئێمە ئەبێ پاسەوانیی گوڵاڵەی شەهیدان بکەین
ئێمە ئەبێ وەکو ئەوەی ئەمانەوێ
ژینی خۆمان بەسەر ببەین
ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن
هەروەکو تەپوتۆزی تاڵ
لە کوێوە ئەڕۆن تێپەڕن
بەڵام وەکو مێرووی باڵدار بەناومانا گوزەر مەکەن
ئێمە لەم خاکەی خۆمانا کارمان هەیە
گەنم ئەچێنین و بە خوناوی جەستەمان ئاوی ئەدەین
هەندێ شتمان هەن، مایەی خۆشنوودیی ئێوە نین:
بەرد... یا شەرم
گەر ئەتانەوێ ڕابردوو ببەن بۆ بازاڕی مۆزە
گەر ئەتانەوێ... لەسەر دەفرێکی فەخفووری
پەیکەری ئێسکیی پەپووسلێمانکە
دروست بکەنەوە

Scanned with CamScanner

هەندێ شتمان هەن مایەی خۆشنوودیی ئێوە نین:
ئایندەمان هەیە
ئێمە لەم خاکەی خۆمانا کارمان هەیە.
ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن
وەهمەکانتان لە چاڵێکی چۆڵکراوا کەڵەکە بکەن و بڕۆن
میلی کاتیش بگەڕێننەوە بۆ یاسای گوێرەکەی پیرۆز
یان بۆ میقاتی مۆسیقای دەمانچەیەک
هەندێ شتمان هەن مایەی خۆشنوودیی ئێوە نین،
بۆیە بڕۆن
ئەوەی ئێمە هەمانە ئێوە نیتانە:
نیشتمانێ خوێنی لێ ئەچۆڕێ
میللەتێ خوێنی لێ ئەچۆڕێ
نیشتمانێ کە ئێستاکە
هەر بۆ لەبیرچوونەَوە و یادەوەری ئەلوێ

ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن
کاتی ئەوە هاتووە بڕۆن
کوێتان پێ خۆشە لەوێ نیشتەجێ بن
بەڵام لەناو ئێمە مەمرن
ئێمە لەم خاکەی خۆمانا کارمان هەیە
لێرە ڕابردوومان هەیە
یەکەم دەنگی ژینمان هەیە
ئێستا و ئێستا و... ئایندەمان هەیە

Scanned with CamScanner

دنیا و قیامەتمان هەیە
لەم خاکەی ئێمە دەربچن
لە وشکانی و لە دەریامان
لە گەنممان... لە خوێمان و لە برینمان
دەرچن لە گشت شتەکانمان
لە بیرەوەرییەکانی یادمان
ئەی ئەوانەی بەناو وشە تێپەڕەکانا گوزەر ئەکەن.

Scanned with CamScanner

"وانەیەکی کاماسوترا "

بە جامی شەرابی نەخشین بە نقێمی شینەوە، چاوەڕێی کە
لەسەر حەوزی ئاوی دەوری ئێوارە و گوڵەباخ، چاوەڕێی کە
بە سەبری ئەسپێکەوە کە بۆ هەورازی سەختی شاخ
ڕاهێنراوە، چاوەڕێی کە
بە زەوقی ناسک و جوانی شازادەیەکەوە، چاوەڕێی کە
بە حەوت باڵیفی ئاخنراو بە هەوری سووکەڵەوە، چاوەڕێی کە
بە ئاگری بخوردی ژنانەی پڕ بەو شوێنەوە، چاوەڕێی کە
پەلە مەکە ئەگەر لە وادەی خۆی دواکەوت، چاوەڕێی کە

Scanned with CamScanner

گەر پێش وادەی خۆیشی هات، هەر چاوەڕێی کە
باڵندەی سەر پرچەکانی تەرە مەکە و چاوەڕێی کە
با وەکو باخچەیەک لەوپەڕی ڕازانەوەیدا
بە ئاسوودەیی دانیشێ
با ئەم هەوا نامۆیە بە دڵی هەڵمژێ
تا هەور بە هەور جلەکەی سەر قاچی لائەبا، چاوەڕێی کە
بەر لە شەراب ئاوی وێدە و
تەماشای ئەو دوو بەچکە کەوەی سەر سنگی مەکە و
چاوەڕێی کە
کاتێ جامەکە لەسەر مەڕمەڕەکە دائەنێ
بەکاوەخۆ دەست بەسەر دەستیدا بێنە
وەک ئەوەی خوناوی لێ هەڵگری و چاوەڕێی کە
وەکو چۆن نەی بۆ ژێی ترسنۆکی کەمانێ قسە ئەکا
تۆش وەها قسەی بۆ بکە
وەک ئەوەی هەردوو بزانن کە سبەینێ چی ڕوو ئەدا و
چاوەڕێی کە
مستیلە بە مستیلە ئەو شەوەی پڕ کە لە ورشە و
چاوەڕێی کە
تا ئەو دەمەی "شەو" پێت ئەڵێ:
لەم بوونەدا کەس نەماوە تۆ و ئەو نەبێ
هەنگینێ... بە شێنەیی و هێدی هێدی
بۆ مەرگی ئارەزووکراوی خۆتی ببە و
چاوەڕێی کە!

Scanned with CamScanner

"لە چاوەڕوانییدا"

لە چاوەڕوانییا، کەڵکەڵەی کۆمەڵێ ئەگەر لە سەرم ئەدا:
ڕەنگە لە قیتارەکەدا جانتاکەی دەستی بیر چووبێ و
ناونیشانەکەی من و مۆباپلەکەی لێ ون بووبێ
ئیدی ئارەزووی نەمابێ و وتبێتی:
بەختی لەگەڵ نەرمەبارانا نییە
ڕەنگە بە شتێکی کتوپڕەوە سەرقاڵ بووبێ
یاخود بە گەشتێک بۆ باشوور، تاکو سەردانی خۆر بکا
لای بەیانی تەلەفۆنی کردووە و من لە ماڵەوە نەبووم،
چوومە دەرەوە تا گوڵی گاردینیا و
دوو شووشە شەراب بکڕم

Scanned with CamScanner

بۆ ئەم ئێوارەیەی هەردووکمان...
ڕەنگە لەگەڵ هاوسەرەکەی پێشووی خۆیا تێکچووبێ
لەسەر یادەوەرییەکانیان و پاشانیش سوێندی خواردبێ
چیی تر پیاوێک نەبینێ بە خولقاندنی یادەوەری
هەڕەشەی لێ بکا
یا ڕەنگە لە ڕێیدا بۆ لای من، خۆی بە تاکسییەکا کێشابێ و
چەند هەسارەیەکی کاکێشانەکەی کوژابنەوە
ئێستا لەژێر چارەسەری ئارامبەخش و وەنەوزا بێ...
ڕەنگە بەر لە هاتنەدەرەوەی لە خودی خۆی
سەیری ئاوێنەی کردبێ و
دەستی لەو دوو هەرمێ گەورەیە دابێ
کە شەپۆل بە کراسە ئاوریشمەکەی ئەدەن و
بە حەسرەتەوە وتبێتی:
ئاخۆ کەس هەیە بێ لە خۆم
شایانی مێینایەتیم بێ؟!
یا ڕەنگە بە ڕێکەوت بە خۆشەویستییەکی پێشووویدا
تێپەڕیبێ
کە هێشتا لێی ڕزگار نەبووبێ و
لەگەڵیا بۆ شێوی ئەم ئێوارەیە چووبێ...
لەوانەشە مردبێ
چونکە مەرگیش، وەک من لەپڕا عاشق ئەبێ
مەرگیش وەک من حەزی لە چاوەڕوانی نییە.

Scanned with CamScanner

"بۆ ئەوە نانووم تا خەون ببینم"

ژنەکە پێی وت:
بۆ ئەوە نانووم تا خەون ببینم
بۆ ئەوە ئەنووم تا تۆم لە بیر بچێتەوە
نوستن بە تەنیا چەند خۆشە
بێ هیچ ژاوەژاوێ لەناو ئاوریشمەکەدا
دوور ئەکەومەوە تا لەوێ، لەو دوورە تەنیا بتبینم
چۆن بیر لە من ئەکەیتەوە، کاتێ من تۆ لە یاد ئەکەم
لە دیارنەبوونی تۆدا... هیچ شتێ ئازارم نادا

Scanned with CamScanner

نە شەو سنگم ئەڕووشێنێ... نە لێوانت
تەواو تەواو لەسەر جەستەی خۆم ئەخەوم
نە دەستەکانت جلەکانم ئەدڕن
نە تەقەی پێت لە دڵم ئەدا
کاتێ دەرگاکە دائەخەی
لە دیارنەبوونی تۆدا هیچم کەم نییە:
مەمکەکانم هیی خۆمن، ناوکم، پنتە سوورەکانی جەستەم
خاڵەکەی سەر لەشم، دەست و قاچم
هەرچیم تێدایە هیی خۆمە و
وێنە حەزلێکراوەکان بۆ تۆ
ببیە تا مەنفای خۆتی پێ گەرم بکەیتەوە
وەک دوا پێکیش ڕوئیاکانت بەرزکەرەوە
ئەگەر پێشت خۆشە بڵێ:
خۆشەویستیت هیلاکییە
لێ من...
گوێ بۆ جەستەی خۆم شل ئەکەم
چەشنی هێوریی ژنەپزیشکێ:
لە دیارنەبوونی تۆدا... هیچ شتێ ئازارم نادا
هیچ شتێ...
هەر تەنیایی گەردوون نەبێ.

Scanned with CamScanner

"کۆترەکان ئەفڕن"

کۆترەکان ئەفڕن
کۆترەکان ئەنیشنەوە
زەویم بۆ تەیار کە تا بحەسێمەوە
من تا ڕادەی شەکەتی خۆشم ئەوێی
سپێدەی تۆ میوەیە بۆ گۆرانی
ئەم ئێوارەیەش ئاڵتوونە
ئێمەش هیی خۆمانین کاتێ سێبەر
ئەچێتە ناو سێبەری خۆیەوە لە مەڕمەڕا
من لە خۆم ئەچم، کاتێ خۆم هەڵئەواسم
بە گەردنێکدا کە بە تەنیا دەست لە ملی هەور ئەکا

Scanned with CamScanner

تۆش ئەو هەوایەی کە لە بەردەمما وەکو
فرمێسکی ترێ ڕووت ئەبێتەوە
تۆ سەرەتای خێزانی شەپۆلیت کاتێ
خۆی بە وشکانییا هەڵئەواسی
وەختێ نامۆ بوو
من خۆشم ئەوێی، تۆ سەرەتا و کۆتایی ڕۆحی منیت
کۆترەکان ئەفڕن
کۆترەکان ئەنیشنەوە

من و خۆشەویستەکەم دوو دەنگین لە لێوێکا
من بۆ خۆشەویستەکەم و
خۆشەویستەکەشم بۆ ئەستێرە سەرگەردانەکەی
ئەچینە ناو خەونەوە، لێ ئەو خاو ئەبێتەوە
تا نەیبینین
کاتێکیش خۆشەویستەکەم ئەنوێ، من بێدار ئەبم
تا پاسەوانیی خەونەکە بکەم لەوەی ئەیبینێ
ئەو شەوانەی لێ دوورخەمەوە
کە بەرلەوەی بەیەک بگەین، تێپەڕین
بە دەستی خۆشم ڕۆژەکانمان هەڵبژێرم
وەک چۆن گوڵی میزەکەی بۆ هەڵبژاردم
کەواتە بنوو خۆشەویستم

با دەنگی دەریاکان بگەنە ئەژنۆم

Scanned with CamScanner

بنوو خۆشەویستم
تا دابەزمە ناوتەوە و خەونەکەت لە دڕکی حەسوود
ڕزگار بکەم
بنوو خۆشەویستم
بە پرچەکانی من خۆت داپۆشە، با سەلامەت بیت
کۆترەکان ئەفڕن
کۆترەکان ئەنیشنەوە

لەسەر دەریا نیسانم دی
وتم وریایی دەستەکانی خۆت بیرچووەتەوە
تەرتیلەکانی سەر زامەکانمت بیرچووەتەوە
تۆ چەند جار ئەتوانی لە خەونما لەدایک بیت
چەند جار ئەتوانی بمکوژی تا هاوارکەم: خۆشم ئەوێی
بۆ ئەوەی بحەسێیتەوە؟
بەر لە پەیڤین بانگت ئەکەم
بەر لە گەیشتنم پێت بە کەمەرت ئەفڕم
تۆ چەند جار ئەتوانی ناونیشانەکانی ڕۆحم
بخەیتە ناو دەنووکی ئەم کۆترانەوە و
وەکو مەودا لە بنارەکانا ون بیت
تا پەی بەوە ببەم کە تۆ بابل و میسر و شامیت
کۆترەکان ئەفڕن
کۆترەکان ئەنیشنەوە

Scanned with CamScanner

خۆشەویستم بۆ کوێ لەگەڵ خۆتا ئەمبەی
بۆ کوێ دوورم ئەخەیتەوە لە دایک و باوک
لە درەختەکەم، لە پێخەفە بچکۆلەکەم، لە بێزاریم
لە ئاوێنەکەم، لە مانگم، لە خەزێنەی تەمەن و
لە شەوبێداریم
لە جلەکانم و لە ئێشکچێتیم؟
بۆ کوێم ئەبەی خۆشەویستم، بۆ کوێ
هەردەکان لە گوێما گڕ ئەدەی
دوو شەپۆلم لێ بار ئەکەی
دوو پەراسووم تێکئەشکێنی
ئەمخۆیتەوە و پاشانیش دامئەگیرسێنی
ئینجا لە ڕێگەی هەوادا بەرەو لای خۆت جێم ئەهێڵی
گوناهت ئەگا... گوناه
کۆترەکان ئەفڕن
کۆترەکان ئەنیشنەوە

لەبەر ئەوەی خۆشم ئەوێی، خوێن لە کەمەرم ئەچۆڕێ و
لەتاو ئازار لە شەوانێکا ڕائەکەم
تا بێ مەودای ترسی بۆ من زیاتر ئەبێ
زۆر وەرە و کەم دیار مەمێنە
کەم وەرە و زۆر دیار مەمێنە
وەرە و وەرە و ڕامەوەستە
ئاخ لە دەست هەنگاوی وەستاو

Scanned with CamScanner

کە حەزت لێ ئەکەم، خۆشم ئەوێی
کە حەزت لێ ئەکەم، خۆشم ئەوێی
باوەش بەو تیشکەدا ئەکەم کە بە هەنگ و
گوڵەباخی دڵڕفێن تەوق دراوە
خۆشم ئەوێی ئەی نەفرەتی عاتیفە
لە دڵم ئەترسم لێت، لەوەش ئەترسم کە حەزم بگا
کە حەزت لێ ئەکەم، خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی ئەی ئەو جەستەیەی
یادەوەری دروست ئەکا و
بەرلەوەی کامڵ بێ، ئەیکوژێ
کە حەزت لێ ئەکەم، خۆشم ئەوێی
ڕۆحم لە شێوەی دوو پێدا ملکەچ ئەکەم
لە شێوەی دوو بەهەشتا
بە پەلوپۆکانی بێدەنگیت و بە زریان زامەکانم ئەخورێنم
ئەمرم، تا پەیڤ لەسەر دەستەکانی تۆ دانیشێ
کۆترەکان ئەفڕن
کۆترەکان ئەنیشنەوە

لەبەر ئەوەی خۆشم ئەوێی، ئاو بریندارم ئەکا
ئەو ڕێیانەش بریندارم ئەکەن کە بەرەو دەریا ئەچن
پەپوولە بریندارم ئەکا
بانگدانی ڕۆژ لەسەر ڕووناکیی باسکت بریندارم ئەکا
خۆشەویستم، بە درێژایی خەو بانگت ئەکەم،

Scanned with CamScanner